

# ڕێکخراو

# کۆمەڵە

# پارت

# لە کوردستانی عێراقدا

وەرگێڕان و ئامادەکردنی

فەهد گردەوانی

ستۆکهۆڵم - ١٩٩٩

یادگاری
لاوان
گەلاوێژ
نیشتمان
دیاری لاوان
سەرکەوتن
بڵێسە
کوردستان
هەتاوی کورد
ڕۆژی کورد
بانگی
کوردستان
دەنگی کورد
القاعدە
یادگاری
لاوان
گەلاوێژ
نیشتمان
دیاری لاوان
سەرکەوتن
بڵێسە
کوردستان
هەتاوی کورد
ڕۆژی کورد
بانگی
کوردستان

ئازادی
برایەتی
دارکەر
هیوا
ژ.ک
خۆبوون
میللەت
یەکێتی
تێکۆشین
شیوعی
شۆڕش
ڕزگاری
پارتی
ئازادی
برایەتی
دارکەر
هیوا
ژ.ک
خۆبوون
میللەت
یەکێتی
تێکۆشین
شیوعی
شۆڕش
ڕزگاری
پارتی

پێشکەشە بە :

❋ بەدرخانەکان ...........

❋ نافع یونس ............

❋ د . عبدالرحمان قاسملۆ ...

بەشی یەکەم

# گۆرانکاری یە سیاسیەکانی عێراق

# ١٩٤١ - ١٩٥٣

## جەعفەر عەباس حەمیدی

بەشی ٦٣ - ٧١

ڕۆژنامەی «بغداد» ڕۆژنامەی هەفتانەی «الوفاق الوطنی العراقی»

لە لەندن و دیمەشق و عێراق دەردەچێ

ژمارە ٢٠٢ - ٢١٠

ئۆکتۆبەری ١٩٩٤ - دیسامبەری ١٩٩٤

## ئامادەکردن و وەرگێڕانی :

## فەهد گردەوانی

التطورات السياسية في العراق (١٩٤١-١٩٥٣)

جعفر عباس حميدي

الجزء «٦٣-٧١» جريدة «بغداد» جريدة الوفاق الوطني العراقي الاسبوعية

تصدر في كل من العراق و دمشق و لندن العدد ٢٠٢-٢١٠ اكتوبر١٩٩٤-ديسمبر١٩٩٤

٣- بارتي ديمقراطي كورد - عراق

((٣))

# پارتی دیموکراتی کورد - عێراق

## « پارته کوردیەکانی پێش سەرهەڵدانی پارتی »

لە سەرەتای سییەکاندا، خوێندکارانی کورد کەوتنە چالاکی نواندن و دامەزراندنی کۆمەڵەی رۆشنبیری و کۆمەلایەتی و (تەنانەت سیاسی)اش بەناوی «کۆمەڵی لاوان» وگۆڤاری «یادگاری لاوان»یان دەردەکرد. ژمارە یەکەمی ئەو گۆڤارە لەسالی ١٩٣٣ دەرچوو. لێکۆڵینەوەی ئەدەبی وشیعری نیشتمان پەروەری و گوتاری پەروەردەیی و رۆشنبیری تیا بلاّودەکرایەوە. ئەندامە ناسراوەکانی بریتی بوون لە «فازیل رەئووف تالەبانی وئیبراهیم ئەحمەد و حامید فەرەج و شاکر فەتاح»[١].

سالی ١٩٣٥لەشاری سلێمانییش کۆمەڵەیەکی نهێنی بەناوی «کۆمەڵەی پێشڕەوی نیشتمانی» پێکهات. هەندێک لە ناودارانی سلێمانی گرتە خۆ، وەکو «عیزەت بەگ پاشا و عیزەت ئەفەندی خانەنشین و تۆفیق قەزاز و میرزا ئەحمەد حاجی فەتاح قادر و رەمزی حاجی فەتاح و پزیشکی ئاژەڵداری(بەیتەری) فووتیەددین». سەرۆکی کۆمەڵەکە حەمە ئاغا عەبدولرەحمان بوو. کۆمەڵە لەپێناوی بەرژەوەندیی نیشتمانی کورد تێدەکۆشا و لەمالی حەمە ئاغا نزیکەی ٢٠ کەس لە کۆبوونەوەدا بەشداربوو[٢]. کۆمەڵە لەکارەکانی دا بەردەوام بوو هەتا سالی ١٩٣٦ و بەهۆی ئەوەی لەلایەن رژێمەوە بەرەنگاری بکرێ خۆی هەڵوەشاندەوە[٣].

لە نێوان سالانی ١٩٣٥- ١٩٣٧ لاوانی رووناکبیری کورد لەژێر کارتێکردنی بیروباوەری دیموکراتی وپێشکەوتووخوازی دا بوون. هەندێک لە کوردەکان وەکو «حەمزە عەبدوللا و رەشید عارف و ئیبراهیم ئەحمەد و عەبدولسەمەد محەمەد و حەسەن تالەبانی و هەندێکی تر پەیوەندیان لەگەڵ کۆمەڵی «الاهالی» توندبوو[٤].

ئیبراهیم ئەحمەد لەسالی ١٩٣٧ کتێبی «کورد و عارەب»ی بلاوکردەوە لەوێدا داوای پەیوەندی نێوان عارەب وکوردی دەکرد بۆ بەرەنگاری ئیستعمار. هەروەها کۆمەڵەی «برایەتی» بەسەرۆکایەتی شێخ لەتیف کوری شێخ مەحمودی بەرزنجی لەسلێمانی سەری هەڵدا و ئامانجی کوردستانی سەربەخۆ بوو[٥].

هەروەها ئیبراهیم ئەحمەد و عەلائەددین سەجادی لەسالی ١٩٣٩ گۆڤاری گەلاوێژی کوردی یان دەرکرد ، کە زۆربەی هێزی پێشکەوتووخواز لە کۆمەڵگای کوردەواری بۆلای خۆی راکێشا و دژایەتی فاشیزمی کردە رێباز و بوو بە هاندەرێک بۆ دامەزراندنی پارتێکی سیاسی کوردی لە عێراق، و پارتی «هیوا» سەری هەڵدا[٦].

## ٠١ پارتی هیوا

ئەو پارتە بە شێوەیەکی نهێنی ساڵی ١٩٣٩ بە دەستپێشخەری هەندێک لە ئەفسەرە رۆشەنبیرە کوردەکان دامەزرا و ئامانجی هێنانەدی سەربەخۆیی نەتەوایەتی گەلی کورد و دامەزرانی حکومەتی کورد بوو. ئەو حیزبە پەرەی گرت وەبەشی زۆری لە ئەفسەر و سەرباز و رۆشەنبیر و پارێزەر و قوتابی و مامۆستا و پزیشکی کوردی لەخۆدا کۆکردەوە و گەلێک دۆست و لایەنگریشی هەبوون[٧]. ئەو حیزبە دەورێکی باشی لە عێراق بینی و تەنانەت کاری کردە سەر کوردەکانی تورکیا و ئێرانیش. و پشتگیری خۆی لە بزووتنەوەی مەلا مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٤٣ دەربڕی و بەشداری کرد بۆ پەیداکردنی بارێکی چاک بۆ دروست بوونی پارتی دیموکراتی کوردی لە کوردستانی ئێران کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٢ کۆمەڵەی (ژ.ک)[٨]دامەزرا.

لەناو حیزبدا رێبازێکی چەپ سەری هەڵدا و دژی سەرکردایەتی (رەفیق حیلمی راستڕەو) وەستا، رەفیق حیلمی داوای دەکرد کە لەگەڵ بەریتانیا«ئینگلیستان» پەیوەندی پتەو بکرێ و لە بەرامبەر بزووتنەوەی مەلا مستەفا بارزانی دا بێلایەن بووەستن. لە کۆنگرەی حیزب کە لە مانگی شوباتی ١٩٤٤دا بەسترا ناکۆکی وناتەبایی لەنێوان هەردوو باڵ زیاتر بوو هەتا گەیشتە دابەش بوون(ئینشیقاق) و لە کۆتایی دا چەپڕەوەکان لە حیزب کشانەوە و تەنها راستڕەوەکان بۆ ماوەیەکی کورت لە حیزب دا مانەوە و ناوی حیزبەکەشیان پاراست کە پاشان تەماو لەناوچوو[٩].

١ـ جلال الطالباني، كردستان والحركة الكردية،(بيروت، دار الطليعة، ١٩٧١)ص١١٧.

٢ـ م.د.كتاب ادارة التحقيقات الجنائية المركزية المرقم ٣٩٢٨ والمؤرخ ٢٨ آب ١٩٣٥، ملفة بعنوان «جمعية فدائي وطن الكردية».

٣ـ م.د.كتاب متصرفية السليمانية المرقم س ٣٧ في ٦كانون الثاني ١٩٣٦، الملفة نفسها.

٤ـ حسين جميل، حديث معه ، في ١٢تشرين الثاني ١٩٧٢.

٥ـ شمزيني، الحركة التحررية للشعب الكردي، جريدة خه بات العدد ٣٠٨، ٨ أيلول ١٩٦٠.

٦ـ المصدر نفسه.

٧ـ المصدر نفسه، جريدة خه بات العدد ٣١٦، ١٩ أيلول ١٩٦٠.

٨- جلال الطالباني، المصدر السابق ص١٢١.
٩- شمزيني، المصدر السابق، جريدة خه بات . العدد٣١٦، ١٩ أيلول ١٩٦٠.

## ٢- پارتی شۆڕش
## « پارتی کۆمۆنیست له کوردستانی عێراق »

ئەو حیزبە لە سالی ١٩٤٥ دامەزرا پاش ئەوەی کە بەشێکی یەکێتی تێکۆشین کۆمۆنیست لە نیسانی ١٩٤٥لەگەڵ حیزبی شیوعی عێراقی کەوت،بەلام بەشە کوردیەکەی یەکێتی تێکۆشین نەچوە ناو حیزبی شیوعی و رۆژنامەی شۆڕشی دەرکرد و بەوناوەش ناسرا[١]و کۆمیتەی ناوەندی لە سالح حەیدەری سکرتێری حیزب و عەلی عەبدوللا و رەشید عەبدولقادر و عەبدولـەمەد محەمەد و نافیع یونس و کەریم تۆفیق و نوری محەمەد ئەمین پێکهات[٢]. ئامانجی حیزب بریتی بوو لە یەکگرتنی هەموو هێزە پێشکەوتووخوازەکانی کوردستانی عێراق لەگەڵ هەموو هێزە پێشکەوتووخوازەکانی عێراق بە گشتی لە پێناوی یەکێتی تێکۆشانی عەرەب و کورد دژی دوژمنی هاوبەشی ئیستعمار و لایەنگیرانی و بۆ دامەزراندنی رژێمێکی دیموکراتی و سەربەخۆ لە ولاتدا[٣]
حیزب هاوکارییەکی چاکی کرد بۆ دامەزرانی «پارتی رزگاری کورد» و کەپاشان داوایکرد پارتی دیموکراتی کورد دامەزرێ . حیزبی شۆڕش کۆنگرەی خۆی لە سەرەتای مانگی ئاب ١٩٤٦ بەست و لە کۆنگرەدا بە زۆربەی دەنگ بریاردرا حیزب هەلوەشێنێتەوەو بچێتە ناو « پارتی دیموکراتی کورد » بەلام ئەو ئەندامانەی دژ بوون چوونە ناو حیزبی شیوعی عێراقی[٤]

## ٣- لقی کوردی حیزبی شیوعی عێراق

لە پەیرەوی ناوخۆیی حیزبی شیوعی عێراق بریاردراوە کە حیزب لقی کوردی خۆی هەبێ. وە مادەی ٢٧ی دا دەلێ «حیزبی شیوعی عێراقی رێگا دەدا بە کورد وئەرمەن لقێکی تایبەتی خۆیان هەبێ بە مەرجێ نابێ دژی پەیرەوپرۆگرامی حیزب بێت و بەگوێرەی ناوچەکانی خۆیان سیاسەتێکی گونجاو دابرێژن و هەر لقەی خاوەنی رۆژنامەی تایبەتی خۆی بێ»[٥].
حیزب رۆژنامەیەکی سیاسی نهێنی بەناوی ((ئازادی))وەک ئۆرگانی لقی کوردی

دەکرد لە ژمارەی یەکەمی سالی ١٩٤٤داوای لە کوردەکان دەکرد بۆ خەبات لە پێناوەحیزب و کۆمەڵەکانی دیموکراتی بۆ ڕێکخستنی گەلی کورد وئامادەکردنی هاندان بۆ هێنانە دی مافی چارەنووس و یەکگرتنی لەگەڵ عەرەب لە عێراقدا یەکگرتنێکی ئارەزوومەندانە لەسەر بناغەی یەکسانی لە هەموو مافێکدا (٦) پەیوەندی شیوعییەکان لە گەڵ حیزبی هیوا و ڕێکخراوە کوردیەکان ئارێک بوو.

١ـ مديرية الشرطة العامة، شعبة مديرية التحقيقات الجنائية، موسوعة سرية خاصة بالحزب الشيوعي العراقي السري، ج٢.(بغداد ـ مطبعة الحكومة ـ ١٩٤٨)،ص٦١٦.

٢ـ جلال الطالباني، المصدر السابق، ص١٣٥.

٣ـ شمزيني، المصدر السابق، جريدة خه بات، العدد ٣١٧، ٢٠ أيلول ١٩٦٠.

٤ـ المصدر نفسه، جريدة خه بات، العدد ٣٢٠، ٢٣ أيلول ١٩٦٠.

٥ـ الميثاق الوطني والنظام الداخلي للحزب الشيوعي العراقي (بغداد ١٩٤٥)،ص٢٩.

٦ـ جريدة آزادي، العدد الاول، ١٩٤٤، اقتباسا من ماجد عبدالرضا، المسألة الكردية في العراق الى ١٩٦١،ص٧٦.

## ٤ ـ لقی ژیانەوەی کورد(ژ.ک)

سالی ١٩٤٢کۆمەڵەی (ژ.ک) لە کوردستانی ئێران دامەزرا و پاشان گۆڕدرا بە پارتی دیموکراتی کوردستان سالی ١٩٤٥ لە ژێر سەرکردایەتی قازی محەممەد کە بوو بە یەکەم سەرۆکی کۆماری کورد، ٢٢کانوونی دووەمی ١٩٤٦، ئەو کۆمەڵەیە لقێکی لە عێراقدا کردەوە لە ژێر سەرکردایەتی ئیبراهیم ئەحمەد و ئیسماعیل شاوەیس و شاعیری گەل فایق بێکەس و زەکیە بابان و ئەو لقە لە سلێمانی و کەرکوک و کۆیەی دا جموجۆڵی هەبوو(١).

کۆمەڵە دەستی کرد بە پڕوپاگەندە و بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوە کە تیایە داوای دەکرد لاوانی کورد تێکۆشن لە پێناوی کورد وکوردستان و هاندانی گەلی کورد لە ڕێگای ڕاگەیاندن(٢). کۆمەڵە بەردەوام بوو لە چالاکی هەتا سالی ١٩٤٧ کە ئیبراهیم ئەحمەد چووە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستان.

## ٥. پارتی رزگاری کورد

ئەو حزبە لە کۆمەڵێک هێندێ کۆمەڵی بچوکی کوردی پاشماوەی پارتی هیوا پێک هاتبوو. ناوەندی حزب لە بەغدا بوو. وەبەشێک لە ناودارانی کورد و خوێندکاران تیا بەشداربوون(٣). دەستەی دامەزرێنەری حزب لە بەیاننامەیەکدا ئامانج وپرۆگرامی حزبی بەمجۆرەی خوارەوە روونکردەوە:-

١. یەکگرتنەوە و رزگارکردنی کوردستانی گەورە. کە دەبێ رزگارکردنی عێراق هەنگاوی یەکەم بێ بۆ گەیشتن بە ئاواتە گەورەکان ئەویش ئازادی و مافی چارەنووسە.
٢. هەوڵدان بۆ هێنانەدی سەربەخۆیی ئیداری کوردستانی عێراق.
٣. هەوڵدان بۆ لابردنی هەموو جۆرە داپلۆسین و جیاوازی نەتەوایەتی.
٤. هەوڵدان بۆ هێنانەدی و بەهێز کردنی پەیوەندی لەگەڵ هەموو حزبەکان و بنکە کوردیەکان لە دەرەوەی عێراق.
٥. هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنێکی تەواوی تەنگرچەڵەمە سیاسی و کۆمەڵایەتی وئابوورییەکان بە زیادکردنی مافی دیموکراتی و بەرزکردنەوەی رادەی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بڵاوکردنەوەی زانیاری و زیندووکردنەوەی مێژوو و ئەدەبی کوردی.
٦. راگەیاندنی پروپاگەندە دەربارەی مەسەلەی کورد و گەیاندنی بە گشت نەتەوەیەک(میللەتێک)بە تایبەت بە میللەتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست.
٧. بەکارهێنانی زمانی کوردی لە تەواوی دائیرە و قوتابخانەکانی ناوچە کوردییەکان.
٨. کارکردن بۆ پێکهێنانی پەیوەندی وهاوکاری لەگەڵ حزب و رێکخراوە دیموکراتی یەکان.
٩. کارکردن بۆ پێکهێنانی پەیوەندی سیاسی لەگەڵ وڵاتە دیموکراتەکان بۆ خەبات دژی پیلانی ئیستعمار و کۆنەپەرست کە رێگا لە ئازادی گشتی و ئازادی کورد بەتایبەتی دەگرن(٤).

١ـ جلال الطالباني، المصدر السابق، ص١٤٢.

٢ـ م.د.كتاب شرطة كفري الى شرطة كركوك المرقم س ١٩٢٤في ٢١ أيلول ١٩٤٦، ملفة بعنوان «حزب رزگاري كورد»المرقمة ١١٠/٤١.

٣ـ م.د.كتاب شرطة اربيل المرقم س ٣٩١في ٢٦حزيران ١٩٤٦، الملفة السابقة.

٤ـ م.د.بيان مطبوع بالرونيو، الملفة نفسها.

# پارتی کۆمۆنیستی کوردستانی عیراق (شۆڕش)

لە بڵاوکراوەیەکیدا بۆ جەماوەری کورد داوای دەکرد کە پەیوەندی و پشتگیری پارتی ڕزگاری کورد بکەن و ڕوونی کردەوە «نەتەوەی کورد کە دابەش کراوە بە کۆتۆی پیلان و چاوچنۆکی ئیستعمار دەبێ تێبکۆشێ لە پێناوی مافی چارەنووس و ڕزگارکردنی کوردستانی گەورە ئەمیش بە ڕێگای پچراندنی پەیوەندی لەگەڵ ئیستعماری ئینگلیزی و نۆکەرایەتی کردنی. وە بەکارهێنانی هێزی ڕێکخستنی لەناو گشت ناوچەکانی کورد و یەکێتی و یەکگرتنەوەی یەکی تەواو لە نێوانیاندا»[١].
بەڵام حیزبی شیوعی عیراقی دژایەتی پارتی ڕزگاری کرد و ڕوونی کردەوە کە«هێندێ لە کەسانی ناو پارتی هیوای کۆنەپەرست و هێندێ لە تاقم و شانەی جیاوازی لە خۆی کۆکردۆتەوە کە بێ ئەوەی بەرژەوەندیکی چاکی بۆ بزوتنەوەی کورد هەبێ»[٢].
حیزب لە ڕێگای جموجۆڵ و چالاکی فراوان بەشێکی زۆری لاوانی کوردی لەخۆی کۆکردەوە[٣] و لە هەولێر وکەرکوک و سلێمانی لقی دامەزراند[٤]، هەروەها لە شارۆچکەی کۆیێ و ڕەواندوز و ئامێدی و زاخۆ[٥] وە هەندێک لە ئەندامانی حیزب دەستیان کرد بە گەڕان و پروپاگەندە کردن لە ناوچەکانی دانیشتووی هۆزەکان و لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتەکان کۆبیونەوە و هانیان دان بۆ هەڵگەڕانەوە و شۆڕش . ڕێنوێنیاتی کردن بە باشی و چۆنیەتی حالی کوردەکانی ئیران کە توانیویانە کیانێکی سیاسی بۆ خۆیان دروست بکەن و ڕێباز و ئامانجی حیزبیان بۆ ڕوون دەکردەوە[٦]. وە حیزب ڕۆژنامەی ڕزگاری دەرکرد کە ببێتە تۆزگانی حیزب[٧].وەهەروەها حیزب لە بواری دەرەوەیی دا جموجۆڵی نواند و بیرخەرەوە(مذکرە)یەکی بۆ کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی گەورە لە مۆسکۆ نارد و تیا باسی باری کوردی عیراق کردبوو کە لە بارێکی ناهەموار دان و بێبەشیان کردووە لە هەموو مافێکی دەستووری ئەویش لە بەر بوونی ڕژێمێکی کۆنەپەرستی داردەستی ئیستعماری بەریتانی، هەروەها باسی لە پشتگیری کوردەکان لە ئێران و تورکیا کردبوو لە تێکۆشانیان لە پێناوی سەربەخۆیی دا[٨].
هەروەها لەبواری عەرەبیشدا حیزب بەشداری لە پشتگیری بزوتنەوەی ڕزگاریخواز و پشتگیری گەلی میسری کردبوو لە تێکۆشان دژی پرۆژەی هاوپەیمانی سدقی - بیفن و داوای کردبوو کە وازهێنان لە دۆڵی نیل و گۆڕانکاری هاوپەیمانی میسری - بەریتانی بهێنێ کە میسر سەربەخۆیەکی تەواوی سیاسی و ئابووری هەبێ[٩].
ڕۆڵی پارتی ڕزگاری کورد لە سەرەتای ئابی ١٩٤٦ تەواوبوو.حیزب کۆنگرەی بەست و بەگشتی بڕیاری دا کە حیزب هەڵوەشێتەوە و هەموو ئەندامانی بچنە ناو پارتی دیموکراتی کورد[١٠].

١ـ م.د.بیان الحزب الشیوعي في کردستان العراقیة الی اکرا

العراق، مطبوع بالرونيو، الملفة السابقة.
٢ـ جريدة القاعدة، العدد ٤، السنة الرابعة، ١٨كانون الثاني ١٩٤٦.
٣ـ م.د.كتاب شرطة اربيل، المرقم س ٢٢١ في ٢١نيسان ١٩٤٦، ملفة «حزب رزگاري كورد» مرقمة ٤١/١١٠.
٤ـ م.د.كتاب متصرفية بغداد، المرقم س١٢٤٩ في ٢١مايس١٩٤٦، الملفة نفسها.
٥ـ م.د.كتاب شرطة اربيل ، المرقم س٣٩١، في ٢٦حزيران١٩٤٦، الملفة نفسها.
٦ـ م.د.كتاب وزارة الدفاع المرقم د/٢٠٢/٢/٢١٦في آب١٩٤٦، الملفة نفسها.
٧ـ م.د.كتاب متصرفية السليمانية المرقم س.١٤٢ في حزيران ١٩٤٦ ، الملفة نفسها.
٨ـ م.د.مذكرة حزب رزگاري كورد في العراق المقدمة الى مؤتمر وزراء الخارجية في موسكو، مطبوع بالرونيو، الملفة نفسها.
٩ـ محمد شيرزاد، نضال الاكراد، القاهرة ١٩٤٦،ص٣٩ـ٤٠.
١٠ـ شمزيني، المصدر السابق، جريدة خه بات ، العدد ٤٢١، ٢٥ أيلول ١٩٦٠.

# پارتی دیموکراتی کورد ـ عێراق

## سەرەتای دروست بوونی پارتی :

هەل و مەرجی تازەی جیهان و تێکۆشان دژی فاشیزم و بڵاوبوونەوەی هۆش وبیر لە نێو گەلاندا، کاری کردە سەر بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد کە توانی یەکەم کۆماری کوردی(کۆماری دیموکراتی کوردستان) لە ئێران دابمەزرێنێ.
کوردەکانی عێراق لەو هەنگاوانەی کەبزووتنەوەی رزگاری لە ئێران هاوێشتبووی گەلکیان وەرگرت وە پێیان وابوو کە پێویستە پارتی دیموکراتی کورد دروست بێ و هەموو دیموکرات و نیشتمان پەروەران لەخۆیدا کۆبکاتەوە و پێشڕەوی گەلی کوردبێ لە عێراقدا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی لە رزگاربوون لە ئیستعمار و نەهێشتنی

کۆنەپەرستی ناوەکی بە هاوکاری لەگەڵ دیموکراتیەکانی تر لە عێراقدا[١].
مەلا مستەفا بارزانی کاتێ لە مەهاباد پەناهەندە بوو لە ناوەراستی ساڵی ١٩٤٦ چەند کۆبونەوەیەکی کرد بە ئامادەبوونی میرحاج ئەحمەد و نوری ئەحمەد تەها و مستەفا خۆشناو و محەممەد قودسی و عیزەت عەبدولقادر و خەیروڵلا عەبدولکەریم. ئەو کۆبونەوانە داواکردنێک بوون بۆ دامەزرانی پارتی بەناوی (پارتی دیموکراتی کوردی عێراق)[٢].
مەلا مستەفا لە بلاوکراوەیەکدا داوای لە هەموو نیشتمانپەروەرانی کورد لە عێراق کرد کە لە دەوری پارتی دیموکراتی کورد کۆبنەوە، لەم قۆناخە مێژوویەدا کەگەلی کورد ئەو کاتە پێدادەرۆیشت. ناوبراو روونی کردەوە کە رژێمی ئێستا لە کوردستان رژێمی دەرەبەگایەتی یا نیمچە دەرەبەگایەتی یە و قەوارەی کۆمەڵگای کوردیش چینی جوتیاری دواکەوتوو، چینی بچووک لە کاسبکار و پیشەیی و بازرگانی بچووک لە شارەکان سەر دەستەیە وە هێزی دەستی بەکاری دەرەبەگەکان و بازرگانە گەورەکان داردەستی چینی حاکمن. وە هەندێک لە رۆشەنبیر لەناو ئەم چینانە دروست بوونە و هەروەها بیری نیشتمانی لەلایان پەیدابووە جگە لە چینی حاکم کەناین پشتی پێ ببەسترێ. بزووتنەوەی کورد، بزووتنەوەی نیشتمانی رزگاریخوازیەو جگە لەچینی دەسەلاتدار لەگەڵ بەرژەوەندی گشت چینەکان یەک دەگرێتەوە بۆیە پێویستە و ئەرکی پێشرەوانی ئەو چینانەیە لەیەک پارتی دیموکرات دا یەکبگرن [٣].

## کۆنگرەی یەکەمی دامەزرانی پارتی :

دەستەی دامەزرێنەر لە مەهابادە وە پەیوەندیان بە سەرکردەکانی بزووتنەوەی نیشتمانی کورد کرد لە عێراق وەکو (رزگاری ، شۆرش ، ژ.ک) .
هەروەها لەگەڵ سەرکردەی شۆرش و لقی ژ.ک کە ئیبراهیم ئەحمەد نوێنەری بوو بیروڕایان گۆڕیەوەو چەند کۆبونەوەیەکیان لە سلێمانی لەنێوان عەلی عەبدوڵلا ئەندامی دەفتەری سیاسی پارتی شۆرش و ئیبراهیم ئەحمەد بەست. هەروەها چەند کۆبونەوەیەک لە بەغدا لەنێوان ئیبراهیم ئەحمەد و سەرکردایەتی پارتی شۆرش سالح حەیدەری و نافیع یونس و عەلی عەبدوڵلا پێکهات کە دەگەیشتە پێکهاتن بۆ دروست بوونی پارتی ئەگەر بهاتایا ئیبراهیم ئەحمەد هەلوێستی نەگرتبایە بەوەی کە داوای مۆڵەتی کرد بۆ ئەوەی رازیبوونی سەرۆک قازی محەممەد ئەوکاتە وەربگرێ[٤].
مەلا مستەفا لەبەهاری ساڵی ١٩٤٦ حەمزە عەبدوڵلای بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ رێکخراوە نیشتمانیەکان و شۆرشگێرەکان نارده کوردستانی عێراق. حەمزە گفتوگۆ و

داگیرساندنی لە شاری سلێمانی لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد و نافیع یونس کرد و لەسەر بڕیاری سەرەکی بۆ پێکهاتنی پارتێکی نوێ لەگەڵیان پێکهات. وە لە هاوینی ١٩٤٦ حەمزە عەبدوڵلا بەرەو بەغدا بەڕێکەوت بۆ ئامادەکردنی کۆنگرە. بەڵام ناتەبایی لە نێوان حەمزە عەبدوڵلا و هەندێک ئەندامانی شۆڕش پەیدابوو لەسەر ئەوەی دوو دەربەگی کورد بهێنە سەرکردایەتی حزب شێخ لەتیف کوڕی شێخ مەحمود و مەحمەد زیاد ئاغا غەفووری . لە ئەنجام دا گەیشتە لێکدابڕان(انشقاق) لە نێوان شۆڕش . سالح حەیدەری و نافیع یونس و حەمید عوسمان و جەمال حەیدەری و عەلی بێشکە چوونە ناو حیزبی شیوعی عێراق. بەڵام عەلی عەبدوڵلا و کەریم توفیق و عەبدولسەمەد محەمەد و نوری محەمەدئەمین و محەمەد ئەمین مەعرووف و ڕەشید عەبدولقادر چوونە ناو پارتی تازە(٥).

١ـ جريدة رزگاري ، العدد٣ ، السنة الاولى ، تشرين الثاني ١٩٤٦.

٢ـ جريدة خه بات ، العدد٣٨٩، ١٦ آب ،١٩٦٠.

٣ـ جريدة رزگاري ، العدد الثالث ، السنة الاولى ، تشرين الثاني ١٩٤٦.

٤ـ جلال الطالباني ، المصدر السابق ، ص١٤٦.

٥ـ المصدر السابق ، ص١٤٧ـ١٤٨.

## کۆنگرەی یەکەمی دامەزراندنی پارتی لە بەغدا

لە١٦ ئابی ١٩٤٦کۆنگرە بەسترا. ئەندامانی پارتی رزگاری و شۆڕش، کە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی حیزبەکانیان دابوو هاتبوونە ناو حیزبی تازە بەشدار یان کردبوو(١).
ئیبراهیم ئەحمەدیش وەکو ئەندامێکی چاودێری پارتی دیموکراتی کوردستان ئامادەبوو کە پاشان سالی ١٩٤٧ چووە ناو پارتی.
کۆنگرە بڕیاری لە سەر ڕێباز و پەیڕەوی ناوخۆیی حیزبدا پاشان کۆمیتەی ناوەندی مەلا مستەفا بارزانی بە سەرۆک و حەمزە عەبدوڵلای بە سکرتێر هەڵبژارد. کۆنگرە بڕیاریدا کە ڕۆژنامەی رزگاری مانگانە وەکو ئۆرگانی پارت دەربکا(٢) کە ژمارەی یەکەمی لە ئەیلولی ١٩٤٦ دەرچوو وە بەردەوام بوو لە دەرچوون تاکو سالی ١٩٥٦ کەپاشان پارتی «خەباتی کوردستان»(٣)دەرکرد.
پارتی ڕوونی کردەوە کە ڕێباز و پەیڕەو سەرکردایەتی نوێنەری ئەو توێژانە نیشتمانیەن لە کوردستانی عێراقدا. وە ڕێبازی پارتی نیشتمانی سەربەخۆیە و دیموکراتیە ، باوەر بە ئیستعمار ناکا و بەرژەوەندی گەل لەسەر هەموو شتێک دادەنێ و کار دەکا بۆ

بەرزبوونەوەی ئاشتی و هێنانەدی دەسەلات بەدەستی خۆی، وە هەروەها رێبازەکە داوای دەکرد بۆ رژێمێکی فیدرالی لە عێراقدا لەسەر بنچینەیی برایەتی کورد و عەرەب بە یەکسانی و هاوکاری کردن دژی دوژمنی هاوبەش و ئیستعماری جیهانی و هاوپەیمانانی کۆنەپەرستی ناوخۆ. وە پارتی رایگەیاند کە دژی جیابوونەوەیە چونکە بزوتنەوەی رزگاریخوازی لە عێراق فراوانترە و بنکەیەکی بەهێزە بۆ هاوپەیمانیەتی و یەکێتی وە گەلی کورد و گەلی عارەب نزیکن لە گەیشتنە ئامانجەکانیان بەرێگای پێکەوەیی. بەلام هەلوێستی پارتی لە یەکێتی کورد، پارتی رایگەیاند کە رژێمی فیدرالی کە بۆ عێراق داوای دەکا دژ نیە لەگەل یەکێتی کوردستان لەدوا رۆژدا. وە روونیشی کردەوە کە ئەو یەکێتیە بە دروشمی پرشنگدار بەتەنیا نایەتەدی بەلکو بە یەکێتی کوردستان لەسەر بنچینەی هەریەک بەش کە کوردستانی ئێران و کوردستانی عێراق و کوردستانی تورکیا دێتە دی، وە گەلی کورد لە هەریەشێکدا ئەگەر هەول ئەدا بۆ دروستکردنی کیانی خۆی هەموو داواکاریەک بۆ یەکێتی پێناگات و ناگاتە ئامانج[٤]. بەلام پەیرەوی ناوخۆی پارتی، سەبارەت بە گوشاری توندی دەزگای حکومەتی لەسەر ئازادی، تێکۆشانی نهێنی بۆ رێکخراوەکانی هەلبژارد[٥].

وە هەروەها پارتی ئاگاداری ئەوەشی کردەوە کە نابێ کەسانی کۆنەپەرست و سیخور لە خۆی کۆبکاتەوە[٦]. وەهەروەها روونیکردەوە کە باوەری بە بنچینەکانی مارکسیزم لینینیزم هەیە لەگەل ئەوەش پارتی بەشێوەیەکی سەرەکی گرنگی زیاتری بە مەسەلەی کورد دەدا. وەک دەبینین داخوازە نەتەوایەتیەکانی حیزب لەو قۆناخەدا نەرم و ناقلانە بوو کە داوای سەربەخۆیی نەدەکرد.

## هەلوێستی پارتی بەرامبەر وەزارەتی سالح جەبر

پارتی هەلبژاردنی وەزارەتی دەیەمی نووری سەعید«لە ئاداری ١٩٤٧»دا پەلاماردا. و رایگەیاند «ئەو هەلبژاردنە ساختە بووە... گەل نوێنەری خۆی بۆ پەرلەمان هەلنەبژاردوە بەلکو لەلایەن نووری سەعیدەوە دانراون»[٧]. وەکاتێ وەزارەتی نووری سەعید وازی هێنا، سالح جەبر وەزارەتی تازەی دروست کرد، دیسان پارتی دژی ئەو وەزارەتە تازەیە وەستا بەتایبەت کە سالح جەبر دژی بزووتنەوەی نیشتمانی وەستا. وەکاتێ پەیمانی عێراق - تورکیا خرایە بەردەمی پەرلەمان پارتی بەتایبەت دژایەتی خستە سەر پەرلەمان و وەزارەت وە رایگەیاند«پەیمانی تورکیا - عێراق باری کوردی کردە سندان و مەترەق»[٨].

پارتی لە ١٩ی حوزەیرانی ١٩٤٧ لە سلێمانی خۆپیشاندانی سازکرد و جەماوەرێکی

زۆری سلێمانی بەشداربوون دژی لە سێدارەدانی هەرچوار ئەفسەری کورد کە کاتی خۆی لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی لە بزووتنەوەی ۱۹٤٥ بەشداربوون ئەمانەش بریتی بوون لە عیزەت عەبدولعەزیز و مستەفا خۆشناو و خەیروڵلا عەبدولکەریم و محەمەد قودسی[۹]. وە پارتی لە بلاوکراوەیەکدا بۆ گەلی کورد نووسی «مەبەستی میری و ئیستعمار لەم کارە تەنها کارێکە بۆ هاندانی هەندێک هێز بۆ جوڵانەوەی چەکداری، هەتا کوردستان بکەنە حوکمێکی سەربازی و نیشتمان پەروەرانی کورد لە زیندان بخەن و لەسێدارەیان بدەن». وە بۆیە بلاوکراوەکە داوای لە کورد کرد بۆ ئاگاداربوونەوە دوور خستنەوە لە هەڵگرتنی چەک و داواکارییەکانیان بەرێگای یاسایی ئەویش بە پێشکەش کردنی بیرخەرەوە بۆ ئەنجومەنی وەزارەت و ناردنی نوێنەر و سکاڵا کردن لە وەزارەتی ئابووری رابگەیەنن بۆ ئەوەی بەندەکانی یاسایی جێبەجێ بکات و وە داواشی کرد خۆپیشاندان رێکبخەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی کارەکانی میری[۱۰].

## پارتی و پەیمانی پۆرت سمۆث

پارتی لەگەڵ حیزبەکانی تر بەرەنگاری پەیمانی پۆرت سمۆث بۆوە ولە لیژنەی هاوکاری نیشتمانی چەپ دا کە لە پارتی گەل(حزب الشعب)و بەشی پێشکەوتووی پارتی نیشتمانی دیموکراتی(الجناح التقدمي للحزب الوطني الديمقراطي)و پارتی کۆمۆنیست پێکهاتبوون. بەشداری کرد لە خۆپیشاندانی نیشتمانی لەبەغدا و سلێمانی و هەولێر وەتوانی دروشمی پارتی بۆ ژیانی کوردستان و سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی و ئازادکردنی بارزانیەکان بەرزکاتەوە [۱۱]، وە هەروەها داوای کرد کە مانگرتن و خۆپیشاندان بۆ یادی چلەی شەهیدانی وەسبە(وثبە) لە هەولێر و سلێمانی ارێکەن[۱۲].

١- لم يتجاوز عدد اعضاء المؤتمر التأسيسي (٣٢)مندوبا وقد عقدت الجلسة الاولى في بغداد في بيت سعيد قهمي وكان من بين الحاضرين صالح اليوسفي وعلي عبدالله وابراهيم احمد و عبدالكريم توفيق والدكتور جعفر محمد كريم والدكتور صديق نتروشي وملا حكيم و رشيد قادر و عوني يوسف و طه محي لدين. نوري شاويس، من دفتر مناضل، جريدة التآخي، العدد ١٤١١، ١٦آب١٩٧٢.

١- جريدة خه بات، العدد ٣٨٩، ٦ آب ١٩٦٠.

١- جريدة خه بات، العدد ٤١٠، ١٩ كانون الثاني ١٩٦١.

٤ـ جريدة رزگاري، العدد ٣ السنة الاولى، تشرين الثاني ١٩٤٦.
٥ـ المصدر نفسه.
٦ـ جريدة رزگاري، العدد٢، السنة الاولى، تشرين الاول ١٩٤٦.
٧ـ جريدة رزگاري، العدد ١٤، السنة الثانية، ايلول ١٩٤٧.
٨ـ المصدر نفسه.
٩ـ م.أ.ع. تقرير مخطوط بالحبر الازرق، اللجنة المركزية الثانية، سجل رقم (٢٨).
١٠ـ جريدة رزگاري، العدد ١٣، السنة الثانية، ايلول ١٩٤٧.
١١ـ م.أ.ع. تقرير مخطوط بالحبر الازرق، اللجنة المركزية الثانية، سجل رقم (٢٨).
١٢ـ م.أ.ع. تقرير عام عن مظاهرة ٢٦شباط١٩٤٨، مخطوط بالحبر الازرق، اللجنة المركزية الثانية، سجل رقم (٢٨).

کاتێ محەممەد ئەلسەدر(محمد الصدر) وەزارەتی (شوباتی ١٩٤٨) دروستکرد پارتی لە بڵاوکراوەیەکدا ئاشکرای کرد کە وەسەی کانون(وتیەکانون) سەرکەوتنێکی گەلی بوو بۆ عەرەب و کورد و بۆ ئەوانەی کە بەخوێن بەشداریان کردووە. لە بەیاننامەکەدا لەگەڵ دژایەتی وەزارەتی الصدر رایگەیاند کە گەل ناتوانێ بڕوا بەو ئەندامانە بکات کە بەشی زۆریان سەر بە حاکمیەتی دەسەڵاتداری کۆنن و داوای کرد ئەم داخوازیانەی خوارەوە بێتەدی :ـ

١. رەت کردنەوەی پەیمانی ١٩٣٠ عێراقی ـ بەریتانی.
٢. هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نوێنەران و هەڵبژاردنی ئازاد بۆ ئەنجومەنی تازە دەم و دەست بکرێ.
٣. دادگاکردن و سزادانی لێپرسراوانی خوێنی شەهیدان لە هاوولاتیانی گەل و دادگاکردنی سالح جەبر و نووری سەعید و جەمال بابان و سزادانیان.
٤. رێزگرتن لە ئازادی دیموکراتیەکان کە دەستەبەر بکرێ لەلایەن دەستوور و رێگا دانە بە ئازادی بیروڕای سیاسی و ژیانی حیزبایەتی.
٥. چارەسەرکردنی تەنگوچەڵەمەی خواردن و گۆڕانکاری لە بەندەکانی یاسای پارستنی لە پێناوی بەرژەوەندی جوتیارە کوردەکان.
٦. گۆڕانکاری وەزارەتی ئێستاکە و لابردنی ئەو وەزیرانەی گەلیان دەچەوساندەوەو دژایەتیان دەکردو سەر بە چینی دەسەڵاتداری کۆن بوون.

٤- جريدة رزكاري، العدد ٣ السنة الاولى ،تشرين الثاني ١٩٤٦.
٥- المصدر نفسه.
٦- جريدة رزكاري، العدد٢، السنة الاولى ،تشرين الاول ١٩٤٦.
٧- جريدة رزكاري، العدد ١٤، السنة الثانية، ايلول ١٩٤٧.
٨- المصدر نفسه.
٩- م.أ.ع. تقرير مخطوط بالحبر الازرق، اللجنة المركزية الثانية، سجل رقم (٢٨).
١٠- جريدة رزكاري، العدد ١٣، السنة الثانية، ايلول ١٩٤٧.
١١- م.أ.ع. تقرير مخطوط بالحبر الازرق، اللجنة المركزية الثانية، سجل رقم (٢٨).
١٢- م.أ.ع. تقرير عام عن مظاهرة ٢٦شباط١٩٤٨، مخطوط بالحبر الازرق، اللجنة المركزية الثانية، سجل رقم (٢٨).

کاتێ محەمەد ئەلسەدر(محمد الصدر) وەزارەتی (شوباتی ١٩٤٨) دروستکرد پارتی لە بلاوکراوەیەکدا ئاشکرای کرد کە وەسەی کانون(وتیەکانون) سەرکەوتنێکی گەلی بوو بۆ عەرەب و کورد و بۆ ئەوانەی کە بەخوێن بەشداریبان کردووە. لە بەیاننامەکەدا لەگەڵ دژایەتی وەزارەتی الصدر رایگەیاند کە گەل ناتوانێ بڕوا بەو ئەندامانە بکات کە بەشی زۆریان سەر بە حاکمیەتی دەسەلاتداری کۆنن و داوای کرد ئەم داخوازیانەی خوارەوە بێنەدی :-

١. رەت کردنەوەی پەیمانی ١٩٣٠ عێراقی - بەریتانی.
٢. هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نوێنەران و هەڵبژاردنی ئازاد بۆ ئەنجومەنی تازە دەم و دەست بکرێ.
٣. دادگاکردن و سزادانی لێپرسراوانی خوێنی شەهیدان لە هاوولاتیانی گەل و دادگاکردنی سالح جەبر و نووری سەعید و جەمال بابان و سزادانیان.
٤. رێزگرتن لە ئازادی دیموکراتیەکان کە دەستەبەر بکرێ لەلایەن دەستوور و رێگا دانە بە ئازادی بیروڕای سیاسی و ژیانی حیزبایەتی.
٥. چارەسەرکردنی ئەنگوجەلەمەی خواردن و گۆڕانکاری لە بەندەکانی یاسای پاراستن لە پێناوی بەرژەوەندی جوتیارە کوردەکان.
٦. گۆڕانکاری وەزارەتی ئێستاکە و لابردنی ئەو وەزیرانەی گەلیان دەچەوساندەوەو دژایەتیان دەکردو سەر بە چینی دەسەلاتداری کۆن بوون.

٧. هەڵوەشاندنەوەی هاوپەیمانی عێراق ـ تورکیا و ئوردن ـ عێراق.
٨. ئازادکردنی گشت بەندە سیاسیەکان و بارزانیەکان بەگشتی و پێشکەشکردنی یارمەتی بۆ خێزانە ئاوارەکان و چارەسەرکردنی دامودەسگای میری و لابردنی رەشوەت و خورەوشتی خراپ[١]

## هەڵوێستی پارتی لە داواکاری پرۆژەی کوردستانی گەورە:

پارتی لە رێبازی سیاسەتی نەتەوایەتی دا داوای رزگاری کوردی لە عێراق و تورکیا و ئێران دەکرد، و بۆ پێکهاتنی دەوڵەتی کوردستانی گەورە تێیدەکۆشا. پشتگیری کوردەکانی ئێرانی کرد بە یارمەتی دارایی و سیاسی. پارتی سەبارەت بە دڕندەیی حکومەتی تورکیا نەیتوانی بکاتە کوردەکانی تورکیا و دژی سیاسەتی تورک لە رۆژنامە و گۆڤارەکانیدا دەینووسی[٢].
کوردەکان ساڵی ١٩٤٨ دەستەیەکی نوێنەرایەتیان بە سەرۆکایەتی ژەنەراڵ شەریف سەبری پاشا(دورخراوی سیاسی لە پاریس) و سکرتێری کامەران بەدرخان(دوورخراوی سیاسی لە سوریا) بە ئەندامایەتی محەمەد حیلمی(دیپلۆماسی کورد لە میسر) و یوسف مەلەک ئەیاری (دانیشتووی بیروت)نارد بۆ ئەنجومەنی نێونەتەوەیی و بیرخەرەوەیەکیان سەبارەت بە باری کورد لە کوردستانی گەورە پێشکەش کرد کە داوای سەربەخۆیی و کردنەوەی دەزگایەکی راگەیاندنی لە پاریس دەکرد[٣].

١- جريدة رزكاري ، العددان ١٧و١٨، السنة الثانية ، كانون الثاني و شباط١٩٤٨.
٢-جريدة مروف ، بالكردية، العدد٢، السنة الاولى ، كانون الاول ١٩٤٨.
٣-المصدر نفسه.

# هەڵوێستی پارتی لە حیزبەکانی تری عێراقی :

پارتی دژی پارتی سەربەخۆ(حزب الاستقلال) وەستا و سەرکردایەتی تاوانبار کرد کە لایەنگری فاشیەت و کارەکانی بۆ دروست بوونی ئیمپراتۆریەتی عەرەبی(کە گەلانی ڕۆژهەڵات بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. وە هەروەها ڕوونی کردەوە کە «پارتی سەربەخۆ» ڕێبازی دژایەتی نەتەوایەتی و ڕەگەزی بەشێوەی هیتلەری گرتۆتە بەر و بەتایبەت هیچ هەستێکی نەبووە بەرامبەر ئەو کارەسات و ناخۆشیانەی کە میللەتەکەمان دووچاری بووە(١).

بەڵام هەڵوێستی حزب بەرامبەر پارتی ئازادیخواز(حزب الاحرار) گرووەکانی سیاسی ئەو بە گشتی لە ڕیزی حیزبە نیشتمانییەکان دادەنێ کە دژی داگیرکەر و پارێزگاری لە سەربەخۆیی و ئازادی نیشتمانی و بەرژەوەندی گەل لە پێناوی دیموکراتیەت و بوژاندنەوەی باری ئابووری وڵات(٢) تێدەکۆشێ.

پەیوەندی لەگەڵ حیزبە دیموکراتیەکان نیشتمانی دیموکراتی«الوطني الديمقراطي» و یەکێتی نیشتمانی«الاتحاد الوطني»، گەل«الشعب» بە شێوەیەکی گشتی باش بوو چونکە ئەو حیزبانە دەربارەی مەسەلەی کورد بیروڕایان باش بوو. لەگەڵ ئەمەش پارتی ڕەخنەی لە «الحزب الوطني الديمقراطي» گرت چونکە بەشداری لە وەزارەتی نووری سەعید و هەڵبژاردنی نوێنەرانیدا کردبوو.(٣)

پارتی پشتگیری خۆی بۆ یەکگرتنی دیموکراتیەکان لە ناو پارتێکدا دەربڕی و هەوڵی دا بۆ لەیەکتر نزیک بوونەوەی بیروباوەڕ لەناو کۆمەڵە دیموکراتیەکاندا. بەڵام بەشداری لە دروست بوونی پارتی دیموکراتی یەکگرتوو ئەکەتیلانە بوو وە ئەمیش بەم هەڵوێستانەی خوارەوە ڕوونی کردەوە:

١. نەبوونی باوەڕپێکراو لەبەردەم بوونی حیزبی یەکگرتوو و کارکردنی پێکەوەیی بەبێ لێک دابڕان لە ڕیزەکانی چونکە بەرژەوەندی تاکە کەس لەنێوان کەسایەتیەکاندا هەیە.

٢. پارتی ناچارە کە پارێزگاری لە بوون و سەربەخۆیی خۆی سەبارەت بە بوونی ئامانجی لە ئامانج و دروشمەکانی نیشتمان داهاتو لە باری نەتەوەیی دا(٤).

بەڵام پەیوەندی پارتی لەگەڵ شیوعیەکان هەر لەسەرەتای دروست بوونی کەوتبووە بەر هێرشی حیزبی شیوعی و بەوە تاوانبار کرابوو کە «جوڵانەوەی پارتی لە بنەڕەتەوە هەڵپەرستی بوو لە مێژووی سەرهەڵدانی کە ئێرە دەری کۆمەڵێ کەسانی هەڵپەرست کە لێک دابڕان لەناو جەماوەری کورد دروست دەکەن و چاکترین خزمەتیش پێشکەش بە ئیستعمار دەکەن»(٥).

بەڵام ڕابیتەی شیوعیە عێراقیەکان بڵاوکراوەیەکیان بڵاوکردەوە و تیا پشتگیری خۆیان بۆ پارتی تازە دەربڕی و لە بڵاوکراوەکەدا ڕوونیان کردەوە دامەزرانی پارتی

دیموکراتی کورد بۆ تێکۆشان لە پێناوی حکومەتێکی فیدرالی کوردی لە عێراق لەناو چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقیدا... بەڵگەیەکی تەواوە بۆ دروستی ئەم ڕێبەرایەتیە کە تەنیا تێکۆشانی گەلی کورد بەرەو دەبات»(٦).

پارتی لەگەڵ شیوعییەکان لە هەندێک کاتدا هاوکاریان کرد و لە لیژنەی هاوکاری نیشتمانی ساڵی ١٩٤٨ بەشداریان کرد. بەڵام لەگەڵ ئەمەش ناکۆکی لە نێوان ئەندامەکانیاندا سەری هەڵدا و تەنانەت لە لیژنەی هاوکاری نیشتمانیدا لە هەولێر تووشی پێک دادانیش بوون(٧).

پارتی پشتگیری و داواکاری بۆ دروست بوونی بەرەی نیشتمانی یەکگرتوو دەربڕی و دژی پارتی ئازادی نیشتمانی(حزب التحرر الوطني) وەستاو ڕووتی کردەوە ئەو کۆمەڵە کەسە زۆر کاری نابەجێ و نادروست دەکەن، کە دەبێتە هۆی لاوازی و تێشکان لە بزووتنەوەی نیشتمانیدا. بێگومان ئەمەش لە ئەزموونیدا دەردەکەوێ کە ئەو کەسانە دارای دروشمی هاوکاری لە بەرەی نیشتمانی یەکگرتوو دەکەن کەچی پێچەوانەی ئەو دروشمانە کاردەکەن و لەلای پارتیان ڕوون و ئاشکرایە کە ئەمانە سەرکردایەتیەکی ڕاست و دروستیان نیە و زۆربەی کارەکانیان بەپەلە و بەسەر لێشێواوییە(٨). هەروەها پارتی دژی حزبی شیوعی وەستا وتاوانباری کردکە ئیستعماری لەبیرچۆتەوە و کارەکانی بووە بە تێکدانی نێوان حزبەکانی نیشتمانی و دژایەتی کردن»(٩).

١- جريدة رزگاري ، العدد٢، السنة الثالثة ، تشرين الاول ١٩٤٨.

٢- المصدر نفسه.

٣- م.أ.ع. نشرة لفرع الحزب رقم (١) جواب أسئلة حلقة (شلسوان)، مخطوط بالحبر الازرق ، اللجنة المركزية الثانية ، سجل رقم (٢٧).

٤- م.أ.ع. مقررات اللجنة المركزية لپارتي ديموكراتي كورد في الدورة الرابعة، مؤرخة في ٧نيسان١٩٤٨، مطبوعة، اللجنة المركزية الثانية، سجل رقم (٢٧).

٥- م.أ.ع. حركة البارت انتهازية رجعية ،مخطوطة بالحبرالازرق، اللجنة المركزية السادسة، سجل رقم (٧٠).

٦- جريدة العمل ، العددان ٩ و ١٠، السنة الثانية، آب و أيلول ١٩٤٦.

٧- م.أ.ع.عن تصرفات اعضاءپارتي ديموكراتي كورد، عام ١٩٤٨، مخطوط بالحبرالازرق، اللجنة المركزية الثانية ، سجل رقم (٢٨).

٨. م.أ.ع. مقررات اللجنة المركزية لپارتي ديموكراتي كورد في الدورة الرابعة ، مؤرخة في نيسان ١٩٤٨ ـ المصدر السابق .
٩. م.أ.ع. نشرة لفرع الحزب رقم (١)، جواب أسئلة حلقة (ئاسوان) . المصدر السابق

## کۆنگرەی دووەمی پارتی

باری ناوخۆیی وڵات پاش ڕاگەیاندنی حوکمی عورفی لە ١٩٤٨ کاری کردە سەر پارت و ڕێکخراوەکانی کۆبوون و تێکۆشانی لە کوردستان دا ، و سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیش حەمزە عەبدوڵلا و هەندێک لە ئەندامانی گیران و هەندێکیش دەستیان لە کارکردنی سیاسی کێشابەوە ، بەم شێوەیە لێژنەی ناوەندی یەکەم کۆتایی پێهات. لەو کاتەدا (١٩٤٩) یەکەم لێکترازان (انشقاق) لە مێژووی پارتیدا ڕوویدا و هەندێک ینکەیەکی سەرکردایەتی تریان ڕێک خست و ناویان لە خۆیان نا باڵی پێشکەوتووی پارتی دیموکراتی کورد» [١] و لە ساڵی ١٩٥١ پارتی کۆنگرەی دووەمی لە ماڵی «عەلی حەمدی» لە بەغدا بەست و کۆمیتەی ناوەندی تازە ئیبراهیم ئەحمەدی بە سکرتێری پارتی هەڵبژارد [٢] . کۆنگرەی سێیەمی پارتی لە شاری کەرکوک لە ٢٦ کانوونی دووەمی ١٩٥٣ بەسترا، ناوی پارتیان لە «پارتی دیموکراتی کورد بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق» گۆڕی [٣] .
سەرکردایەتی تازە پتر لە پێشوو بە چەپی ئاشکرا و پێشکەوتنخوازی زیاتر دەرکەوت، لەبواری ناوخۆوە چارەسەرکردنی کشتوکاڵ و باشترکردنی باری جوتیاران و دژایەتی دەرەبەگایەتی و عەشیرەتی سەلماند . داوای خۆماڵی کردنی نەوت و پاراستنی مافی کرێکارانی کرد. بەڵام لەبواری دەرەوەیی پشتگیری خۆی بۆ ئۆردوگای سۆسیالیست دەبڕی و هێزی بێلایەنی بوو . هەروەها داوایکرد کە پەیمان لەگەڵ بەریتانیا هەڵبوەشێنەوەو داوای ڕووخانی ڕژێمی پادشایی و دروست بوونی کۆماری دیموکراتی میللی و ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا دەکرد [٤] . پارتی لە کاری نهێنی بەردەوام درێژەیدا تا شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ پاش شۆڕش ، حکومەت مۆڵەتی بە هەندێک پارتی سیاسی دا، لەوانەش پارتی بوو.

١ ـ حبيب محمد كريم ، في ذكرى اليوبيل الفضي لتأسيس حزبنا المجاهد ، مجلة الكادر، العدد ١، السنة ٣، تشرين الثاني ١٩٧١،

ص١٥.
٢. جلال الطالباني . المصدر السابق ، ص١٦٦_١٦٧.
٣. جريدة خه بات . العدد ٤١٠ ، ١٩ كانون الثاني ١٩٦١.
٤. جلال الطالباني . المصدر السابق ، ص١٦٧.

*****——————**************************************——————*****

نووسینەکەی مامۆستا جەعفەر عەباس لێرەدا تەواو بوو ، بەشەکانی تری تەرخان کردووە بۆ حیزبەکانی عێراقی .

*****——————**************************************——————*****

# پاشكۆی

# ژماره

# (١)

# بیروڕای جیاواز دەربارەی کۆمەڵەکان

بۆ زانیاری و شارەزایی زیاتر دەربارەی کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی پێش دامەزرانی پارتی دیموکراتی کوردستان ، سەرنج و بیروڕای تێکۆشەران و نووسەران تۆماردەکەین ، لەپێناوی پاراستنی چەند ڕاستییەکی تر دەربارەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد. بێگومان ئەو بابەتە لە زۆر لایەنییەوە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زانستی هەیە، بەڵام ئێمە لێرەدا بە پێویستمان نەزانی کە خۆمان بخەینە ناو ئەو باسە ، بەڵکو بتوانین لەکاتێکی تردا بە گشتی لایەنە شاردراوەکانی ڕێکخراو و کۆمەڵەکان بۆ خوێنەری کورد ئاشکراتر بکەین . دەبێ ئەوەش بڵێین کە سەردەمی سەرهەڵدانی ئەو ڕێکخراوانە سەردەمی بەربڵاوی بیری چەپ بوو لە ژێر کارتێکردنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر . خەڵکانی کورد زیاتر بۆ لای بیری چەپ شکاون بەتایبەت پاش سەرکەوتنی یەکێتی سۆڤیەت بەسەر هیتلەری نازی دا ئەو بیروباوەڕە زیاتر خۆی لە کوردستان چەسپاندوە ، هەتا وای لێهاتبوو جوتیار و کرێکاری کورد لاسای سمێڵی ستالینیان دەکردەوە و بە شیعر ستایشیان دەکرد . ئەو ڕێکخراوانە زیاتر خۆیان بۆلای بیری کۆمۆنیستی و چەپی دەشکاندەوە هەر بۆیە بۆمان دەردەکەوێ کە چۆن باڵی چەپ لەگەڵ باڵی ڕاست کەوتونەتە ململانێ.

---

ماموستا نوری شاوێس لە بیرەوەرییەکانی دا بەو شێوەیە دەربارەی کۆمەڵەکان نووسیویەتی:

کۆمەڵی ئازادی کورد: ———— ماموستایەکمان هەبوو ناوی «مەحموود» بوو، خەڵکی شاری کۆیە بوو. ڕۆژێک چەند لاوێکی کۆکردەوەو منیش یەکێک بووم لەوان بۆ ئەوەی پرۆڤەی شانۆگەری «مەم وزین»ەی شاعیری گەورەی کورد ئەحمەدی خانی، کە «پیرەمێردی شاعیر» ئامادەی کردبوو، بکەین. وە لە هەمانکاتدا ماموستاکەمان بڕیاری دا کە کۆمەڵەیەکی سیاسی دروست بکەین. کارەکەمان ئەنجامدا و [کۆمەڵی ئازادی کورد]مان دامەزراند لە مانگی تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٣٥. یەکەم کۆبوونەوەمان لە ماڵی ماموستا مەحموود کە پاشان بە « مەحموود ئازادی ناوبانگی دەرکردەبوو. بەشداربوان ئەمانە بوون: حەمە نایف میجۆل بەرگدروو و ئەحمەد خانم،کە کرێکار بوون لای حەمە سەعید بەرگدرووە و نازیل عیرفانی ماموستا و حەمە سەعە دزکۆژ و نوری کاکە حەمە[نوری فەتاح] و عەزیز شالی و حوسێن بازیانی و نوری ئەحمەد تەها و حوسێن شێخ مەعرووف بەرزنجی و شێخ مستەفا گۆلانی و عەبدوڵلا توفیق و جەوهەر حەمە سالح حەمە عەنبەر و نوری ئیسماعیل[کە ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە کۆمەڵە] و من. سەرۆکی کۆمەڵە ماموستا مەحموود ئازادی [کە بە تەمەن لە هەموان گەورەتر بوو ].
پاش مانگێک بەسەر دروست کردنی کۆمەڵە، شانۆگەری «مەم وزین»مان پێشکەش کرد وە کارێکی چاکی کرد، سەر جەماوەر و بەتایبەت لاوەکان....نوری شاوێس لاپەرە ١٠.
لە ساڵی ١٩٣٧ پەیمانی سەعد ئاباد لەلایەن ڕژێمی عێراق و ئێران و تورکیا و ئەفغانستان، پاشان سعودیەش بەشداربوو، بەسترا. ئەم پەیمانە بە هاندانی داگیرکەری بەریتانیا و فەرەنسی بوو. ئەمەش لە ڕاستی دا بۆ لێدانی بزووتنەوەی کورد و چەوساندنەوەی لە هەرسێ وڵاتەعێراق وئێران وتورکیاەبوو. کۆمەڵی ئازادی کورد دژی ئەو پەیمانە وەستا و وای ڕیسوا کرد کە پەیمانەکە دژی میللەتی کوردە و بڵاوکراوەیەکیشیان دەرکرد و ناردمان بۆ لقەکانی کۆمەڵ لە بەغدا و خانەقین و کەرکوک و هەولێر و هەڵەبجە ئاوەکو لە یەک شەودا لەو ناوچانە بڵاوبکرێتەوە و حکومەتیش سەرسوورمان بێنێ و بزانێ زوون بێتەوە کە کۆمەڵەمان ڕێکخراوێکی بچووکنیە..نوری شاوێس لاپەرە ١٢،١٣.
گرنگترین ئامانجی ستراتیژی کۆمەڵی ئازادی کورد، یەکگرتنەوەی پارچەکانی کوردستان و دروست کردنی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ بوو، وە ئامانجەکانی کاتیش ئەمانەبوون:-

١. هێنانەدی مافی ڕۆشنبیری گەلی کورد.
٢. خوێندن بە زمانی کوردی بێت لە کوردستاندا.
٣. بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دائیرە و ناوچەکانی کوردستان.
٤. ئیدارەیەکی خۆمالی لە کوردستان لە هەرچوار شار و شارۆچکەی خانەقین بە خۆیەوە بگرێ و بە ئیدارەی کوردستان دابنرێ و بە پارێزگا و بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس پەیوەستبێتەوە.
٥. داوای یەکسانی کردنی ماف و ئەرک لە نێوان کورد و عارەب، کە دان بەگەلی کورد بنرێ.
٦. چارەسەرکردنی باری جووتیاران و دابەشکردنی زەوی بەسەریاندا.
٧. حکومەت دەبێ گرنگی بە کشتوکاڵ بدا و کێڵگەی نوێ وەکو کێڵگەکانی بەکرەجۆ کە ئەوکاتە هەبوو بکاتەوە.
٨. حکومەت گرنگی بە توتن و بەمۆ و مێوە و بەرووبووم ئازادی بدات .... نووری شاوەیس لاپەرە ١٣.
لە هاوینی سالی ١٩٣٨ لەبەر چەند هۆیەک کە گرنگترینیان هەندێک لە ئەندامانی کۆمەڵی ئازادی کورد بۆ خوێندن چوونە کەرکووک و بەغدا (چونکە لەوکاتەدا خوێندنی ئامادەیی لە سلێمانی نەبوو)، هەروەها هەندێک لە ئەندامان چوونە ناو کۆمەڵی نوێ کە لەوساڵە دروستکرابوو ئەویش [کۆمەڵی برایەتی کورد]کە سەرۆکەکەمان مەحموود ئازادی یەکێک بوولەمان. بەمجۆرە کۆمەڵی ئازادی کورد کۆتایی پێهات و کۆمەڵی برایەتی کورد دەستی پێکرد .... نووری شاوەیس لاپەرە ١٥.

**کۆمەڵی برایەتی کورد:** ـــــــــ چەند هاوولاتیەکی کە بەشداریان کردبوو لە کۆمەڵ و یەکێتیە کوردیەکان و لە شۆڕشی شێخ مەحموودی حەفید دەستیان کرد بە برلاندنی چالاکی و دروستکردنی ڕێکخراوەی بەردەوامی هەتا ڕێکخراوەیەکیان بەناوی [کۆمەڵی برایەتی کورد] دروست کرد. ئەوانەی کە لەبیرمن «شێخ لەتیف کوڕی شێخ مەحموود و شێخ لەتیف دانساز و مەلا ئەسعەد مەحوی و باوکم سەدیق شاوەیس و مامم ئیسماعیل شاوەیس . لەگەڵ هەندێک بازرگان و کاسبکار و فەرمانبەر و مامۆستا و جەماوەری تری خەڵکی سلێمانی.
• لە سەرەتای دروست بوونی ، کۆمەڵی برایەتی کورد خۆی ئامادەکرد بۆ تێکۆشانی چەکداری لە پاڵ تێکۆشانی سیاسی . باوەڕیان وابوو کە ئامانجەکانی نەتەوایەتی ڕەنگێ لە ڕێگای تێکۆشانی سیاسی و تێکۆشانی چەکداری لەیەککاتدا بێتە دی.
کۆمەڵی برایەتی هەتا سالی ١٩٤٣ لە جموجۆلوچالاکی بەردەوام بوو.

کۆمەڵی دارکەر: ـــــــ لە پاییزی ساڵی ١٩٣٨ لە بەر ئەوەی قوتابخانەی دواناوەندی لە پارێزگای سلێمانی نەبوو، چەند قوتابیەک کە ناوەندیان تەواوکرد، چوونە پارێزگای کەرکووک بۆ تەواوکردنی خوێندن، منیش لەگەڵ ئەو قوتابیانە بووم وە عەبدوڵلا توفیق جەوهەریشم لەگەڵ بوو.

لەهەمان ساڵدا من چوومە پۆلی چوارەمی زانستی و عەبدوڵلا توفیق جەوهەر چووە پۆلی چوارەمی وێژەیی(ئەدەبی). لەگەڵ قوتابیە کوردەکانی تر یەکترمان ناسی کە ئەوانیش لە هەولێر و کۆیە هاتبوون وەکو «جەلال حامید بەگ»وەیونس دلداری شاعیر،کە لە ئێمە بەتەمەنتر بوو. وە زمانیشی دەگیرا.

دووەمانێک بە سەرەتای دەست پێکردنی خوێندن دا رۆیشت و کۆمەڵی دارکەرمان دروست کرد. کە لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٨بوو، پاش ماوەیەک زانیمان کە عەبدوڵلا توفیق جەوهەر بە نهێنی لەگەڵ کۆمەڵی برایەتی کاردەکا، ئێمەش کە نەماندەویست هیچ ئەندامێک سەر بە کۆمەڵەی تر بێت بۆیە لەگەڵ یونس دلدار رێککەوتین بۆ دوورخستنەوەی عەبدوڵلا ئەویش فێڵمان لێکرد و گوتمان ئێمە وازمان لە سیاسەت هێناوەو چاکترە کۆمەڵە هەڵوەشێنینەوە. بەمجۆرە توانیمان عەبدوڵلا لە کۆمەڵ دووربخەینەوە و لە هەمانکاتدا، جەلال و بورهان حامیدبەگەمان رێکخست بۆ ناو کۆمەڵ. هەروەها پەیوەندیمان بە خەڵکی تریش کرد وەکو«کاکە حەمە سەید ئەحمەد خانەقا و جەمیل رەشید میران کە خەڵکی ناوچەی خۆشناو بوو لەگەڵمان لە پۆلی چوارەمی دواناوەندی دەیخوێند. هەروەها عەبدوللەتاح جەباری و برای رۆستەم جەباری و موسا ئەحمەد». بەمجۆرە لقێکی کۆمەڵ لە هەولێر کرایەوە هەروەها لە بەغداش توانیمان پەیوەندی بە هەندێک قوتابی وەکو «رەشید باجەلان خەڵکی خانەقین و محەمەدئەمین قوتابی لەزانکۆی جەنگیدا»کرد. هەروەها خۆشم پەیوەندیم لەگەڵ چەند کەس کە لە کۆمەڵی ئازادی بەشداربوون هەبوو وەکو:نوری مەلا ئیسماعیل و نوری ئەحمەد تەها و براکەی مەعقدی و مەعقدی حاجی محەمەدی خۆی فرۆش و سەعلا عوزێری و عەزیز شالی و نووردەدین بەهائەددین.... نوری شاوەیس ل ١٩.

---

کاربۆناری (Carbona'ri) کۆمەڵەیەکی سیاسی نهێنی ئیتالی بوو، لە دەوروبەری ١٨٠٧دروست بوو. ئامانجی یەکگرتنەوەی ئیتالیا بوو. لە دوایدا مازینیس (Mazzinis) کۆمەڵەی لاوانی ئیتالیا جێگای گرتەوە.

---

* بەڵام ئەوە، ئەوەی لەسەرەتای دامەزراندنی (کۆمەڵەی دارکەر)(پارتی هیوا) هەبێت ئەوانەن کە لە ئیوارەی دووەمی مانگی ئەیلول(سێپتەمبەر)ی ساڵی ١٩٣٧ لەشاری کەرکوک کۆمەڵەی (دارکەر)یان دامەزراند کە بریتی بوون لە یونس رەئوف (دلدار) و

کاک محمدی سەید ئەحمەدی خانقاه و بورهان حامد بەگی جاف و جەلال قادری هەولێری و مکرەم تالەبانی کە قوتابیانی پۆلی ناوەندی وئامادەیی قوتابخانەی سەرکەوتی کەرکوک (الثانویە المرکزیە)بوون.
پەڕاندەوە ئەو چوارە لەپاش ئەمەنێکی کورت پاش درێژ کۆچی دوایی یان کرد ولەم بابەتەوە هیچیان بۆ بەجێ نەهێشتن و ئەم ئەرکە قورسەیان خستە سەر ئەستۆی من ......... دامەزراندنی کۆمەڵەی دارکەر کە لە ئەیلولی ١٩٣٧ لە قوتابیانی قوتابخانەی (الثانویە المرکزیە)ی کەرکوک دامەزرا، حەڵقەکانی تری ، لەبەرئەوەی نهێنی بوون و هەریەکە لە شارێکی تری بوو و یەکتریان نەدەزانی ، هەریەکە وادەزانێت حەڵقەی شارەکەی خۆی یەکەم خشتی بناغەی ئەو کۆمەڵە بوو. بەڵام نابێت مافی رەوای ئەو لاوەی کە دامەزرێنەری ئەو کۆمەڵەیە (یونس رەئوف ـ دلدار)ە ون بکرێت کە لەو سەردەمە قوتابی ئەو قوتابخانەیە بوو. هەر چەندێک لە ساڵانی دوایی دا گفتوگۆیەکی زۆری لەگەڵ سەرۆکی هیوا دا هەبوو، بەڵام سکرتێری هیوا بوو و پارتی هیوایش لەیەکەم کۆنگرەی کۆمەڵەی دارکەر کە لە شاری کەرکوک لە حوزەیرانی (حانوینی) ساڵی ١٩٣٨ بەسترا دامەزرا و لەپاشا سەرکردایەتی گوێزرایەوە بەغدا، چونکە زۆربەی دامەزرێنەرانی گەیشتبوونە پۆلی خوێندنی کۆلیج لە بەغدا.
.... نامەی تایبەتی مامۆستا د.مکرەم تالەبانی بەغدا ١٩٩٧/٥/٢٥.

---

* وا بڵاوکراوەتەوە کە ڕێکخراوی (دارکەر) لە هەولێر ساڵی ١٩٣٧ لەلایەن رەحمەتی دلدارەوە لەم کەسانە دامەزراوە (نورالدین بهاءالدین ،مصطفی عوزیری ،فتاح عبدالجبار)بەلام د. مکرم تالەبانی لە گۆڤاری (رەنگین)ژمارە(٥٢١)ی ساڵی ١٩٩٣بڵاوی کردووە کە لە کەرکوک لایەن قوتابی یەکانی ئامادەیی یەوە لەم کەسانە پێکهاتوو دامەزراوە (یونس رەئوف ،مکرم تالەبانی ،بورهان جاف ،مەعروف بەرزنجی) کاک (رەشید باجەلان: ١٩٢٠) کە تێکۆشەرێکی کوردی سەردەمی هیوایە لەگەڵ (یونس رەئوف ـ دلدار) دووساڵ کۆلیجی حقوق پێکەوە بوون و وتویە دلدار بۆ گێڕاوەتەوە کە لە کەرکوک لایەن چەند قوتابی یەکی ئامادەیی یەوە دامەزراوە.......پەراوێز ١٤
ل٧٣ مستەفا نەریمان هەمان سەرچاوە.

---

* کۆمەڵی لاوان کۆمەڵێکی کۆمەلایەتی خێرخوازی سەر بە لاوە کوردەکانی بەغدا بو، ئەم کۆمەڵە لەساڵی ١٩٣٣دا ((یادگاری لاوان))و لەساڵی ١٩٣٤دا ((دیاری لاوان))ی دەرکرد. سەرۆکی ئەم کۆمەڵە ئەمین زەکی بەگ بو. ئامانجی کۆمەڵی لاوان پەروەردەکردنەوەی ئاستی ئەرخەنگی و زانستی گەلی کورد بو . . ...
ل١٣٠-١٣١(جولانەوەی رزگاری و نیشتمانی کوردستان (نووسینی دکتۆر عەزیز شەمزینی الله ١٩٩٩/٣/١٥ لە ورمێ کۆچی دوایی کردووە) . ف.ئەمینسەرە لە

عەرەبییەوە وەرگێڕاوە چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ چاپی دووەم تەمموزی ١٩٨٥.

---

* ئێمە سێ قوتابی کورد لەخانەی مامۆستایان هاوڕێی یەکتر بووین (من و کەریم زەند و محمد توفیق وردی) دایم پێکەوەبووین...... دەچووینە (یانەی سەرکەوتن) کە لە گەڕەکی (عیواضیە)بوو رەحمەتی (مەعروف جیاووک ١٨٨٥ـ ١٩٥٨) باوەڕپێکراوی بوو مامۆستا (عبدالرحمان نورجان ١٩١٢ـ ١٩٧٦)یش نووسەر و بازرگانی بوو هەروەها (محمد رشدی قزلجی)یش لەوێ نووسەر بوو ، یانەی سەرکەوتن ماوەیەک قوتابیانی کوردی لەدەور ئاڵابوو وابزانم ساڵی ١٩٤٤بوو هەڵبژاردنێک کرا دوو لیستە بەربەرەکانیان تیادا ئەکرد. لیستەی (مەعروف جیاووک ، عبدالرحمان نورجان ، بەشیر موشیر ، میرزا فرج و یەکێک لە یاریانەکان) لیستەی (عەلی کمال بەگ) بریتی بوو لە (محمد حسن برزای شاعیر ، مکرم تالەبانی ، فائق هۆشیار ، عبدالقادر قەزاز ، علاء الدین سەججادی).
[٦٧ بیرەوەری یەکانی ژیانم مستەفا نەریمان

---

# *الاکراد والعرب

لە بەغدا لەلایەن کۆمەڵێک لە لاوانی کورد نامیلکەیەک بڵاوکرایەوە بە ناونیشانی «الاکراد والعرب» ، ئەو نامیلکەیە ـ لەو باوەڕەدابین ـ لە نووسینی نووسەری کوردی بەناوبانگ مامۆستا «ئیبراهیم ئەحمەد»ەوە ئەگەرچی ناوی نەنووسراوە. ئەو نامیلکەیە ٢٣ لاپەڕەیە لەشێوەی چارەکی، لەچاپخانەی «النجاح» ساڵی ١٩٣٧چاپکراوە.

لەلاپەڕەی ٢٥ نووسراوە:

(گەلی کوردیش وەکو گەلی عەرەب، گەلێکی دابەشکراوە، وەکو گەلی عەرەبی لەپێناوی مافەکانی خۆی تێدەکۆشێ ، هەوڵئەدا بۆ هاوکاری وتێکەڵبوونی لەگەڵ گەلانی تر، بۆ هێنانەدی ئازادی وژیان ، بۆ ئەوەی بتوانێ هاریکاری بکات لە دروست کردنی شارستانیەتی جیهانی ، پێشوو بە شداری کردووە لە دروست کردنی شارستانیەتی ئیسلام، کورد وەکو عارەب تێکۆشاوە لەپێناوی ئامانجەکانی کە هەموو مرۆڤێکی بەشەرەف وتێگەیشتوو هەوڵی بۆ داوە.

شۆرشەکانی کورد وەکو شۆرشەکانی عەرەبی لەپێناوی هەست کردنی گشتی بەرامبەر میللەتێکی زیندوو بۆ ئەوەی لەپێناوی ژیانێکی ئازاد وبەختیار بژی یا مردنێکی سەربەرز و شەریفانە بمرێ ، سەری هەڵداوە.

ئێمە دەمانەوێ بە گوێرەی هەنگاوەکانی یەکسانی مامەڵە بکەین ، ئامانەوێ ببینە سەروەر و ، نامانەوێ ببینە خزمەتکار ، نامانەوێ لەژێر دەسەڵاتی گەلان بین ، وەیا گەلان لەژێر دەسەڵاتمان بن، لەپێناوی خۆشەختی مرۆڤایەتی هەوڵئەدەین ، کورد وەکو برا عەرەبەکانی ، دەیانەوێ ئەو زنجیرەی کۆیلایەتیە بپسێنن ، دەیانەوێ پارێزگاری لە

زمان و کولتور و بنچینەکانی خۆیان بکەن ، ئەم پاراستنەش زمان بە بەرژەوەندی هیچ
گەلێک لەگەلان نادات ، بەڵکو لە بەرژەوەندی و سوودبەخشەتی گەلانە.
پاشان لەژێر ناونیشانی «القاعدة الذهبية ـ بناغەی زێڕین» لەلاپەڕەی ٢٧٠ی
نامیلکەکە نووسراوە:-
« ئەو بنچینانەی کە ئەگەر هەر پەیوەندی گەلی کورد وعەرەبی بەڵکو هەموو گەلانی
سەرزەوی بەگشتی پێویستە لەسەری ڕێک بن ، ئەویش بە لە ئامانی چارەنووس بۆ
هەموو گەلانێ ا بەبێ ئەمەش ئاشتی جیهانی و دوایەتی وهاوکاری گەلان لێکدانەوەیەکی
ڕێک و مایە بووچی بە».

تاريخ الوزارات العراقية
السيد عبدالرزاق الحسيني في طبعتة السابعة الموسعة والمزيدة
الجزء الرابع ص٢٩٩ـــ ٣٠٠

---

* نامیلکەی (الاكراد والعرب)ای مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لە بەغدا لەساڵی ١٩٣٧دا
چاپ کراوە. لەم نامیلکەیە بۆ یەکەم جار لە مێژووی کوردایەتی دا باسی پێویستی
یەک هەستی خەباتی گەلان بەگشتی و کورد و عەرەب بەتایبەتی وە یەکێتی
دەسکەوت و ئامانجی گەلان ئەگرێت ..........ل٨٤
نووسینی جەلال تاڵەبانی :کوردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتی گەلی کوردستانە
چاپی سێ بەم ١٩٦٦.
* گەلاوێژ دەورێکی باشی تواند لە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی دیموکرات و ئوێ لەناو
خوێندەوارانی کوردستان دا. بەڵام دیسان ڕێگەی حزب دروست کردنی ئەگرت....ل٨٥
جەلال تاڵەبانی هەمان سەرچاوە.

---

* گۆڤاری گەلاوێژ لە دەساڵ تەمەنیدا (١٩٣٩ـ١٩٤٩)خزمەتێکی زۆری ئەدەب و
ڕۆشنبیری کوردی کرد دەیان نووسەری بۆ گەیاند کەلە نووسەرانی ئەودەمەی وەک
(محمد ئەمین زەکی، تۆفیق وەهبی، ڕەفیق حیلمی، برایم ئەحمەد، پیرەمێرد،حوزنی ی
موکریانی، سەجادی، گۆران، بێ کەس) کەرەستەیان تیادا بڵاوئەکردەوە بۆیەکەمجار
باس ولێکۆڵینەوە و وەرگێڕانی گرنگ کەوتە ناو گەلاوێژەوە نووسەرانی کورد لە ئێران
و سوریا و لوبنان و هەندەرانەوە بە سۆرانی و بادینانی و زازایی و فەیلی و سنەیی
نووسینیان تیادا بڵاوئەکردەوە. لەگەڵ ناوەڕاستی ئەم گۆڤارە هەستە ئەمین ئەحمەکی بەرزو
عەلی کەماڵ بەگیان لەبیر ئەچی کە دەستی پەیاڵەوە گرتبوو....ل١٨٢ مستەفا نەریمان
هەمان سەرچاوە.

---

* مامۆستا عبدالقادر قەزاز (١٩١٠ـ ١٩٩٢) ئەگێڕێتەوە: لە سی یەکانیدا لاوان یەکترمان ئەگرت و پاڵ پشتی بڵاوکردنەوەی دیاری لاوانی یادگاری لاوان و پانەی سەرکەوتن و ڕۆژنامە و گۆڤار بوین ، بۆیە لەگەڵ فائق هۆشیار و حامد فرج و برایم هەولێری دا گۆڤاری گەلاوێژمان لەساڵی ١٩٣٩ دەرکرد. ساڵی ١٩٤٢ داوامان لە خوا لێ خۆشبو (علاء الدین سجادی)کرد بیگرێتە ئەستۆ....... ل ٦ گۆڤاری ڕەنگین ژمارە ٩ تەمموزی ١٩٨٨ گفتوگۆی مامۆستا ئەرخان لەگەڵ مامۆستا عبدالقادر قەزاز

---

* پرسیار :ئەی چی دەربارەی کۆمەڵەی ئازادی کوردستان دەزانی ؟

وەڵام : حەمە بەگی جاف ،مامم ، کە سەرداڵێکی هەڵکەوتوو و ڕۆشنبیر بوو، لە کۆتایی بیستەکان دا ، لەگەڵ چەند ڕۆشنبیرێکی کوردی ئەو سەردەمەدا هەوڵیان دا پارتێک پێک بێنن بەناوی ((پارتی ئازادیی کوردستان)) بەڵام تەمەنی پارتەکە زۆر درێژ نەبوو. ناسراوانی ئەو پارتە، وەکو بیستوومە ئەمانە بوون : میرزا توفیق قەزاز، شێخ محەمەدی گۆڵانی، ڕەئووف بەگی جەلالی کەرکووکی، ئیسماعیل بەگی ڕاوەندزی، حسێن حوزنی موکریانی، ئەحمەد موختار جاف، عەلی کەمال باپیر، جەلال صائب، جەمال بابان، سیف الله خانەدا، سەید محەمەدی جەباری، حازم شەمدین ئاغا، مەعروف جیاوەک، شێخ صالحی قەرەداغی، شێخ جەمالی تاڵەبانی، شێخ سلێمانی شاکەلی، مەلا سەعیدی مفتی، شەریف سەعیدی هەولێر، سەعید وەندی، صالح زەکی بەگ، محەمەد ئاغای ئەورەحمان ئاغا، توفیق ئاغای کەلالی، وەستا صالحی خەیات و ڕۆستەم حەمەی مکایەلی، ڕۆستەم محەمەدی مەحموودی روغزایی و ڕۆستەم محەمەدی فەتاحی روغزایی .

پرسیار:موئتەمەری (قەندیلە) چی یە؟

وەڵام : پارتی هیوا بڕیاری دا گوشار لەسەر بارزانی یەکان سووک کات . بۆ ئەم مەبەستە کۆبوونەوەیەک لەسەر ئاستی گەنجانی پارتی هیوا لە دێی کێژەکانی پیکانی سەر بە کەلار بەستراو بڕیاردرا بزووتنەوەیەک لە دژ میری بەرپا بکرێ . بەندە بەر پرسیاری لیوانی چیا سورخ و گۆگرە شەلم لە ئەستۆ گرت . تاڵەبانی یەکان هێرشیان بردە سەر پێنگرە و سەرقەڵا ، حوور و باجەلانەکان هێرشیان کردە سەر مەرکەزی سۆرەکان .

بەندە دوای ئەم ڕووداوە لە میری قاچاخ بووم و زۆر هەوڵ درا بۆ گرتنم ، نەیانتوانی بم گرن . پاش ئەمە هێزی جاف لەسەر فەرمانی کەریم بەگ ، سەرۆکی هێزی جاف ، ماتیان گرت وەهاتوچۆی پیاوانی میری یان قەدەغە کرد. سەرەنجام میری دەستی لە ڕاوەدوونانی من و چەند کەسێکی تر، ئەوەی لەیادم بێ ، عەتا تاڵەبانی هەڵ گرت وبەگشتی لە هەمووان خۆش بوو و کێشەکە دوایی پێ هات .

دوتو ویژ لەگەڵ مستەفا بەگی کەریم بەگ و چەند هەڵوێستێک !

دیدەنی و وتووێژ، فەرهاد حەمە خورشید (ڕەنگین ژمارە ـ ٩٢ ـ سالی ١٩٩٦)ل٢٥)

---

✽ حزبێکی نهێنی کورد هەبوو بە ناوی (حزبی هیوا)وە. ئەم حزبە بە گەورەتر و بە بەهێزتر ئەدانەوت حزبە ئاشکراکانی عێراقیش دائەنرا،خوێندەوارانی کورد ، ئەفسەران، سەرۆکەکانی عەشایر، کاربەدەستان لەناو جەرگی ئەم حزبەدا بەشیان هەبوو. مەرکەزی حزب لە بەغدا بوو، پەلی بۆ هەموو وڵاتەکانی کوردەواری هاویشتبوو، تەنانەت بۆ ئێران و (سوریا)ش. ئەتوانرێ بوترێ ئەم حزبە تا ئەو تاریخە لە گەورەتر حزبێکی کوردی بوو، حزب . کەتێ گەیشت بزوتنەوەی (مەلامصطفی) بزوتنەوەیەکی مسلحەو مەعصیی ڕزگارکردنی کوردوستانی گەورەیە بەبێ هیچ گرێوگرفت و دو دڵییەک پشتیوانی (مەلا مصطفی)ای کرد و هەموو باوەڕی خۆی تەسلیم کرد و باڵی پێوەدا. ئەمجا هات ئەندامی لە بەغدادا دەستی کرد بە ئیش کردن ، بەزمان و بەنوسین و بە (بڵاوکراوە). شۆڕشەکانی کورد وە کورد و کۆماری عێراق علاء الدین سجادی . ل١٧٥

---

✽ حزبی هیوا ......لە کۆتایی دامەزراندندا ژمارەی ئەندامانی لە هەزار و پێنج سەد ئەندام زیاتر بوو کە زۆربەیان ئەفسەر ،سەرباز ،مامۆستا ،خوێندکار ،پزیشک ومامۆستا بوون وهەزارەها لایەنگری هەبوو. ......دوای ڕزگاربوونی ناوچەکانی باکووری ڕۆژئاوای ئێران لەسالی ١٩٤٢دا حزبی هیوا بڕیاری دا دوو ئەندامی خۆی کە بریتی بوون لە مستەفا خۆشناو و میر حاجی ئەحمەد وەک نوێنەر بە مەبەستی پێوەندی کردن بەسەرانی جوڵانەوەی کوردستانی ئێرانەوە بۆ ئێران بنێرێ ......... تا کۆتایی سالی ١٩٤٣ حزبی هیوا حزبێکی پێشکەوتنخواز و بەهێزترین کۆڕی سیاسی ئەوسای جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان بوو. حزبی هیوا حزبێکی گشت لایی ، بەهێز و دیسپلیندار بوو. هەر لەو ماوەیەشدا کاری کردە سەر کوردەکانی تورکیە، ئێران و سوریە. .....ل١٣١ عەزیز شەمزینی هەمان سەرچاوە.

✽ لەسالی١٩٤٣دا لەکاتی هەڵایسانی جوڵانەوەی ناوچەی بارزان دا ....ناکۆکیەکانی ئێران بازوی چەپ و بازوی ڕاستی حزبی هیوا ئەقڵیەوە.......ئیمپریالیزمی بریتانیە لەناوبردنی ئەو حزبەی بە مەسەلەیەکی سەرەکی دانا ، لەبەرئەوە لە ناوەوە دەستی بە کلۆر کردن و لەیەک ترازاندنی ڕیزەکانی کرد . ئاگری ناوخۆی ئێران هەردوو بازوی خۆش کرد تا لە دوایدا بازوی چەپی لەناوبرد. چونکە ئەو بازوە زۆربەی ئەندامە پێشکەوتنخواز ونیشتمانپەروەرەکانی ئەفسەران ،سەربازان ،لاوان ،ڕوناکبیران وکۆمۆنیستەکانی لەژێر ئاڵاکەیدا کۆکردبوەوە، ئیمپریالیزم بۆ بەدی هێنانی ئاواتەکەی بە لایەنە ڕاسترەوەکانی ناو ڕیزی حزب پشت ئەستور بوو.....ل١٣٢ عەزیز شەمزینی هەمان سەرچاوە.

---

✽ لەسالی ١٩٤٣وە بیروڕای چەپ ڕەوی کەوتبوە ئێران هەندێ لە ئەندامانی کۆمەڵی

هیواوە، ئاگۆکی یەکێش لەناو ئەفسەرەکان و سەرۆکی باڵاوا هاتبوە گۆڕێ. سەرۆکیش هەواڵی ناک ڕێزی کەوتبوە کەڵڵەیەوە، سەرۆک هۆزەکانیش ئەوەندە مل کەچی فرمانی هیوا نەبوون. دەستیش لە ئارادابوو بۆ ڕووخاندنی هیوا لە ناوەوەی. ئەمە لە ساڵی ١٩٤٤ بەزوویی کەوتە بەرچاو بۆ چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتانە لە کەرکوک کۆبونەوەیەک کرابوو. بەتایبەت بڕیاردرا دووکەس لەنوێنەری ئەفسەرەکان لە کەلار کۆبونەوەیەک لەگەڵ سەرۆکی باڵا و هەندێ لە ئەندامان بگرن هاوینی ساڵی ١٩٤٤بوو دوو ئەفسەرەکە(محمود ئەغای بەرزنجی و مەجید عەلی) بە شێوەیەکی نهێنی هاتنە کفری و لێ پرسراوی کفری فرمانی دا لایەن ناوچەی کفری بوو من لەگەڵیان بچم.
[ل٤٤- ٨٤ مستەفا نەریمان هەمان سەرچاوە

---

* پێش (ژ.ک)یش لە ناوچەی موکریان دا کوردایەتی هەر هەبوو لە ساڵەکانی (١٩٢٩)دا ئاتشی پیاو ماقوول و دەسەڵاتداری کورد ـ کە یەکێکیان قازی محمدی شەهید بوو ـ پەیوەندی یان لەگەڵ خۆیبون و شۆڕشی کوردی ئارارات هەبوو. لە ساڵەکانی (١٩٣٥ـ ١٩٣٨) لە نێوان هێندێ کوردە پەروەرانی ناوچەکەدا جۆرە پەیوەندی یەک هەبوو بۆ کوردایەتی کردن. لە ساڵی (١٩٣٨ـ ١٩٣٩)دا پەیوەندی یەک لە نێوان هێندێ ئەفسەری کوردە پەروەری عێراقی وەک خوالێ خۆش بوو ئەمین زەکی و فائق کاکەمین و کوردە پەروەرەکانی موکریان دروست ببوو.
لە ساڵی (١٩٣٩ ـ ١٩٤٢) جۆرە پەیوەندی یەک بەناوی (حزبی ئازادی خوازانی کوردستان)ەوە پەیدا ببوو کە ڕابەریان دکتۆر اکرم زەندی ابوو [ناوی عەزیز زەندی بووە و بە عەزیز ئەلمانی ناسرابوو. باوکی سەیدبای زەندی هاوسەری هەنەرمەند حەسەن زیرەک بووە. ـ ف.کردوانی] بەڵام هیچ بڵاوکراو و گۆڤار و بڵاوکراوەی دەوری یان نەبوو. تەنیا بەیاننامەیەکی ناوداری ئەم حزبە ئەو بەیانە دوورودرێژە بوو کە بە بۆنەی هاتنی لەشکری سووری سۆڤیەتی یەوە بۆ بەخێرهێنانیان لەساڵی (١٩٤٢)دا دەرکرابوو. ........ [ل٨٨ جەلال تاڵەبانی هەمان سەرچاوە.

---

* دامەزرێنەری حیزبی ئازادی کوردستان عەزیزاللە زەندی پاش خوێندنی تەواو گەشت شوێن و لەتەوە هاو رەگەزەکانی بەچاوی خۆی تەماشاکرد و تێکەڵ کردن و دامەزراندنی حیزب. تەواوی پارچەکانی میللەت کەوا و زاریەی خاکی ئەورووپا سووڕابوەوە و ماوەی دووساڵ لەرێگای مەرامی ئازادی دا زەحمەتی کێشا. پاش ئەزموونە لە ڕادە بەدەر لە تاریخی ١٩٣٩ ترالی حیزبی ئازادی کوردستان دامەزراند. سەرەرای حەبس و موطارەی زۆر لە بەرانبەر دیکتاتۆری دا ڕابوو بێ جیاوازی لە نێوان کورد و ئەرمەنی و ئاسووری و تورک، حەریکی تەبلیغات بوو. بەگوێرەی ڕەوشتی خۆی، پاش ئەوەی مەرامنامەی بە پەسندکردنی ئاڵا وگەورە پیاوانی ئازادی گەیاند. لەو مەرامنامەی

ڕێک وپێک کرد و بە چەند زمانی ئەرمەنی و کوردی و تورکی و عەجەم بلاوکردەوە تا ئەبەوە و برایانی هاورەگەز وئازادیخواز گەلێکی تر وەربگرن و لەشکرکێشی کۆمەڵایەتی خۆیان لەسەر بناخەی ئازادی گشتی وناکی دابمەزرێنن .

..........................................

وزیر جنگ بە نخست وزیر ۲۵/بهمن/۱۳۲۲

وزارت جنگ ستاد ارتش شمارە ۶/۷۵۳۹/۲۱۱۹ ، تاریخ ۲۵/۱۱/۲۲ ، محرمانە، مستقیم

جناب آقای نخست وزیر : ڕاپۆرتی لەشکری چواری کوردستان ڕادەگەیەنێ کە لەم دوایەدا حیزبی ئازادی کوردستان لە مەهاباد دامەزراوە و مەرامنامەی حیزبی بە زمانەکانی کوردی ، ئەرمەنی ، ئاسوری نووسراوە بەڵام وەک لە دەوروبەری ئەم مەسەلەیەدا، لێکۆڵینەوە کراوە، دامەزرێنەری ئەو عەزیزالله زەندی کابرایەکی بێ سەروبەرە کە ڕابردووی ناوبراو لە نێو کوردەکان زۆر خراپە و تا ئێستا نەتیجەیەکی دڵخوازی لەکارەکانی خۆی وەدەست نەهێناوە تەنیا لە مەهاباد هێندێ کەسی وەک خۆی کە هەموویان کەسانی بەرەڵان ، لە دەوری ئەو کۆبوونەوە و لە نێو خەڵکدا خەریکی پروپاگاندە و تەبلیغاتن . لەبەر ئەوەی مەسەلەکە تا ڕادەیەک گرنگە و ئێستاش ئەرتەش پادگانی لە مەهاباد نییە لەوانەیە وردە وردە ئەم کارە زیانی خەڵکی ساکاری ئەو ناوچەیە بشێوێنێ و تفەنگ و چەکیش بۆ وڵات سازیکات ئەگەر بفەرموون بەهەر ڕێگایەک دا کە پێتان باشە لەکارەکانی حیزبی ناوبراو پێشگری بکەن . ڕاپۆرتی مەسەلە کە بە عەرزی پێشگای ئالاحەزرەتی هومایونی شاهەنشا گەیشت . ئەمری شاهانە دەرچوو کە دەبێ پێش کردەوەکانی ئەو کابرایە بگیرێ . هەروەها ڕوونووسی وەرگێڕاوی مەرامنامەی حیزبی ناوبراو کە لە ڕێگای لەشکرەوە گەیشتوە بۆ ئاگاداریتان دەنێردرێت .

وزیر جنگ ابراهیم زند(امضا) (۱۹۰٤۲ـ ۲٦٤٤٥)

((بەڵگەیەکی مێژوویی سەبارەت بە (حیزبی ئازادی کوردستان) لە مەهاباد ۱۹٤۲ ئامادەکردنی : کەریم حسامی لە اسناد احزاب سیاسی ۱۳۲۰ ـ ۱۳۳۰ جلد اول بە کوشش بهروز طیرانی ـ انتشارات سازمان اسناد ملی ایران ـ پژوهشکدە اسناد ۱۳۷٦))

---

* لە ساڵەکانی ۱۹۳۰ ـ ۱۹۳۷ کۆمەڵێکی سیاسی ـ کولتووری لە ناوچەی موکریان دادەمەزرێت و لەگەڵ حیزبی (خۆیبوون) و شۆڕشی ئارارات لە پەیوەندی دا دەبێ و هەروەها لەگەڵ تێکۆشەرانی کوردستانی خوارووش پێوەندی دادەمەزرێنێ . وەک شەهید مامۆستا حەسەنی قزڵجی باسی دەکرد . دامەزرێنەرانی ئەم کۆمەڵەیە بریتی بوون لە : پێشەوای شەهید قازی محەممەد، قازی کاکە حەمەی بۆکان، شێخ ئەحمەدی سرپلاوا و مەلا ئەحمەدی فەوزی . پتر بۆ بلاوکردنەوەی کتێب و نووسراوەی کوردی و پاراستنی

زمانی کوردی تێکۆشاون......پێداچوونەوە_ گەشتێک بەنێو بزوتنەوەی رزگاریخوازی
کورد لە کوردستانی ئێران _ سۆکۆلم ١٩٩٦ل ١٣٩نووسینی : کەریمی حسامی

---

کۆمەڵی هیوا :______ پاش پشوودانی نیوەی ساڵی خوێندن، لە مانگی نیسانی ١٩٣٩ داوامانکرد کە کۆبونەوەیەکی فراوان ببەستین و ناوی کۆمەڵەکەمان لە دارکەر بگۆڕین. هەروەها ئامانجەکانی ستراتیژی دوور و تاکتیکی نزیکی بۆ دابڕێژین.

ئەندامان لە بەغدا و کەرکوک و کۆیە و سلێمانی بەشداربوون. لەشاری کەرکوک لە میوانخانەیەکی بەرامبەر رووباری «خاسە» کۆبونەوە. لەو کۆبونەوەیە بڕیارماندا کە ناوی کۆمەڵە لە «دارکەر» بگۆڕین بۆ «هیوا». ئەوانەی کە لەو کۆبونەوەیە بەشداربوون (من و یونس دلدار و کاکە حەمە و فازیل تالەبانی و نورەدین بەهائەددین. ئەوانەی لەبەغداوە هاتبوون رەشید باجەلان و مستەفا عوزێری . لە هەولێر رۆستەم جەباری و لەئاخ جەباری هەروەها زەکی کە ئەفسەر بوو وە مامۆستا ئەحمەد). کەس لە ناوچەی بادینان نەهاتبوو. وە ئامانجی نەتەوایەتی و نیشتمانی دوورمان یەکگرتنەوەی پارچەکانی کوردستان و داواکردن بوو بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ میللەتی کورد.

لە کۆتایی ئەو کۆبونەوەیە، دەستەیەکی ناوەندیمان بۆ کۆمەڵە هەڵبژارد، بەبێ ئەوەی سەرۆکێک دەستنیشان بکەین چونکە کەسمان ئەو هێزوتوانایەی نەبوو کە ببێتە سەرۆکی کۆمەڵە. لیژنەیەکی سەرکردایەتیمان دانا بۆ ئەوەی سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە شارەکانی کوردستان و بەغدا بکات. پاش ئەو کۆبونەوەیە کەسانی تریش هاتنە ناو «هیوا» لەمانە: فاخرەددین سابیر مامۆستابوو، جەلیل هۆشیار و سەید عزەدین مامۆستا بوون، ئەیوب ئەحمەد «پاشان خۆی کوشت»، محەمەد سەعید بەگ جاف. لە هەڵەبجەش رەئووف حاجی محەمەد عەلی و لەسلێمانی نوری محەمەدئەمین و فائق هۆشیار و عەزیز حەمە کاکە و جەلال ئەمین بەگ و عەبدولڕەحمان موفتی......نوری شاوەیس لاپەرە ٢٢.

لە بەغدا لە میوانخانەی «الوطن» لە گەڕەکی سەید سولتان عەلی مامۆستا سالح یوسفیم بینی.(قوتابخانەی شەریعەی لە الأعظمیە تەواوکردبوو، جلی مەلایانەی لەبەردەکرد)وچەند کەسێکی لەگەڵ بوو وەکو:عەلی حەمدی ،شاهین سۆفی ،فەریق عەقراوی ،جەمیل رەشید ئامێدی ، سادق بەهائەددین ،شێخ جەلال بریفکانی ، سەدیق ئەترووشی و حەمە رەش(محەمەد حەویزی).......... کۆبوونەوەو لە کۆبونەوەش بڕیارماندا کە لقی کۆمەڵەی هیوا بۆیەکەم جار لە ناوچەی بادینان بکەینەوە. هەتا ساڵی ١٩٤٣ _ ١٩٤٤ چالاکی کۆمەڵەی هیوا فراوان بوو، بۆ نموونە لەکاتی شۆڕشی

بارزانی، بەشی زۆریەی کە ئەفسەرە کوردەکانی بەشداری شۆرش بوون، ئەندام بوون لە «کۆمەڵەی هیوا».....نوری شاوەیس ل ٢٢

....... کۆمەڵەی هیوا ئەرووشی تایبەتی خۆی هەبوو، کە پێک هاتبوو لە چیایەک بەرزێکی سەوز رەنگکرابوو وە رۆژێکی هەڵاتووی بەسەرەوە بوو، لە ئاسمانی شینیدا نووسرابوو (بۆ کورد و کوردستان). هەر یەکێک بهاتایە ریزی کۆمەڵە، مەراسیمێکی تایبەتی بۆ دەگرا و بە سرووتی دەنگی رەقیب، پێشوازی لێدەکرا و پاشان سوێندی دەخوارد و لەسەر مێزێکی بچووک قورئان و خەنجەرێک دادەنرا و لە کاتی سوێند خواردن دەبوایە دەستێکی لەسەر قورئان و دەستەکەی تری لەسەر خەنجەرەکە دابنێ وسوێندی دەخوارد کە گیان فیدا دەبێ لە پێناوی کۆمەڵە و لە پێناوی میللەتەکەی. لە پشت مێزەکەش ئاڵای کوردستان بەدیوارەوە هەڵواسرابوو......نوری شاوەیس.ل ٢٤.

---

* لە ساڵی ١٩٣٩ کە بە مامۆستا دامەزرام لە هەولێر، بەر پرسیاریی پارتی هیوا لە هەولێر بەمن سپێردرا. لەوکاتی زانیم کە (رەمزی نافیع)یش ئەندامەتیایدا. لەساڵی ١٩٤٠بوو کە جارێکیان لە خزمەت مامۆستا رەفیق حیلمی دانیشتبووین لەساڵی لێ خۆشبوو یونس قادر کە بەرێوەبەری ئەشغال بوو لە هەولێر و خزمی خەلقی سلێمانی بوو ئەندامیش بوو لە هیوا. لەو کاتەدا رەمزی و هەڤاڵێکی هاتنە ژوورەوە و سڵاوێکی سەربازانەی زۆر بەتوندی بۆ مامۆستا رەفیق حیلمی کرد. وا هاتە بەرچاوم هەموو لەشی پڕ لە چالاکی و دڵسۆزی و دەروون پاکی بوو. پاش ئەوەی تیتر ئەمدیتەوە تا لەبەندیخانە بەریوو.....ل٥ کاروان ژمارە ٣٨ساڵی ٤ تشرینی دووەم ١٩٨٥ عزالدین فیضی ١٩٨٥/٩/٢٨

---

* هەرسێکمان لەساڵی ١٩٤٢دوە لەریزی حزبی (هیوا) تێ دەکۆشاین و بۆ ماوەیەک سەیدا (صالح یوسفی)کە ئوتابی بوو لە دار العلوم لێ پرسراومان بوو، کۆمەڵی (هیوا) ساڵی ١٩٣٩ لەسەر بناغەی رێکخراوی (دارکەر) دامەزرابوو دامەزرێنەری دارکەر یونس رەئوف (دلدار)ی شاعیربوو، لاوانی دارکەر بۆ ئەوەی کۆمەڵەکە بەرەوپێش بەیوەندی یان بە مامۆستا (رەفیق حیلمی)یەوە کرد ئەویش پێشنیازی کرد ناوی کۆمەڵەکە بێتە (هیوا)و خۆیشی بوو سەرۆکی هیوا.....ل ٩٩ مستەفا نەریمان هەمان سەرچاوە.

* لەساڵی ١٩٤١وە لە کۆڕی ئەندامانی هیوا بەیدابوبوو ئێمە کە لە دارالمعلمین لە بەغداوە چووبینە ریزی هیواوە لە کۆڕی سوێندی بوونە ئەندامم خوارد لەبیرمە هاوینی ساڵی ١٩٤٢بوو لەماڵ (محی الدین حاجی مصطفی ١٩١٢ـ) لە بەرچاو محمد قەرەداغی و صابری خالم دەستم دا بە قورئان و ئەخشەی کوردستان و دەستیشم گرتە سنگەوە کە دڵسۆزی سەرۆکی بالایم . لە پێشدا ماوەیەک کاک (اکرم تالەبانی)

باوەڕپێکراوی (کفری)بوو لەبەرامبەر شەڕی (جاف و تالەبانی) کەلار لە کفری جیاکرابووەوە دوای کاک (سرکەوتە) مامۆستا محمد قەرەداغی بوویە لێ پرسراوی (هیوا) لە کفری و ئەوەی لەبیرم بێت ئەم زاتانە لەوڕۆژگارەدا ئەندامی (هیوا)بوون (محی الدین حاجی مصطفی ، حسێن حاجی سەمین ، صابیری حاجی فتح الله ، شێخ عطا تالەبانی ، شێخ حەمە ئەحمەدی تالەبانی ، ئەحمەد بەگی بابان ، حەمید ئاغای زەنگنە ، حەمەی عەلی ئاغای زەنگنە ، مەلا عەزیزی زەنگنە ، علی حاجی محمدوەردە ، مەلا ئەحمەدی رووت ، ئەوڕەحمانی وەستاکەریم ، ئەحمەد قەرەداغی ، حسێنی وەستا ئەحمەد ، محمد ئەمین ئاغای داودە ، عەزیزی برایم خان ) لە کەلاریش ئەم زاتانە ئەندامی هیوا بوون (کەریم بەگی فەتاح بەگ و داودبەگ و ئەحمەد بەگی برای ، مصطفی بەگ ، شوکت بەگ ، خالد رەزابەگ و مەحمود بەگی برای ، حەمەئەمین بەگ ـ میتەجاف ـ شێخ ئەحمەدی شاکەل ، علی سەلیم بەگ ، ئەحمەدی برا حەمە شێخ عبدالقادری شێخ محمد ، مەلا محی الدین ، مەلا فتاحی وەلدبەگی ، فەتاحی رۆستەم ، کوێخا ئامق سالی بەرلووت ، مەحمودی شێخ سلێمانی شاکەل ، حەمەحەسەنی کەمالەیی) چەند جارێک لە ١٩٤٤ەوە کفری و کەلار پێکەوە کۆبوونەتەوەوە سەردەمێک کە لە کەلار بووم لەسەر ئەمری سەرۆکی بالا سەرپەرشتی کەلاریشم دەکرد و ئاشتی خانەقینیشم لەسەربوو، ئەم زاتانە ئەوسا ئەندامی چالاکی هیوا بوون لە خانەقین (مەلا سەی حەکیم ، عەزیز پشتیوان و عبداللەی برای ، رەشید باجەلان ، وەستا ئەحمەدی جلدروو حەمەئەمین دەربەندیقەرە ، حەمە جاف بەرید ، مەلا عارف ، خەلیل بەگی دەلۆ ، محمد صالح سلیمان دەلۆ ، رەزا دەلۆ ، و فتح الله بەگی دەلۆ ، و وەسمان بەگی شەرەف بەیانی )........ل٨٣ـ٨٤ مستەفا نەریمان هەمان سەرچاوە.

---

کۆبوونەوەی یەکەم لە دێ ی کەلار لە سالی ١٩٤٤بەسترا بۆ ڕێکخستنی تێزان ئەفسەرە کوردە ئەندامەکانی پارتی هیوا کە لەگەل سەرۆکی پارتی هیوا تێکچیبوون، ئەوەی لەیادمە بەهۆی کریم بەگی جافەوە ئاشت کرانەوەو هیچ ناخۆشیەک لە بێنیانا نەماو من خۆم لەم کۆبوونەوەدا بەشداربووم ، بەلام کۆبوونەوەی دووەم خۆم لەکۆبوونەوەکە نەبووم، ئەوەی لەیادمە دوای لێدانی مەراکزی حکومەت ملاسیدحکیم فەرمانی گرتنی دەرچوو منیش خۆم شاردەوەو ئەرامەتێک خرایە سەر ناوچەی خانەقین..... عزیز پشتیوان رەنگین ژمارە ٨٨سالی١٩٩٦ل٩

---

وەکو من بزانم دوو کۆبوونەوەی گەورە لە کەلار و ناوچەی کەلار ڕوی داوە، کۆبوونەوەی هاوینی سالی ١٩٤٤ لەمالی داود بەگی جاف بە ئامادەبوونی ئەم ناسراوو دەسەلاتدارانەی ناوچەی کەلار ـ کفری ـ خانقین کرا: حازربوان : کەریم بەگی سەرۆکی ئێلی

جاف و شێخ حەمە نەجیب شێخ وەهابی تاڵەبانی وشێخ عطای شێخ جەمال تاڵەبانی
و مەلا سەی حەکیم و رەشید باجەلان وحاجی عەلی خان ئەکبەری سەرۆک تیرەی
کەڵهور و ماموستا رەفیق حیلمی و عزیز پشتیوان و حەمە صالح دەلو و مصطفی
نەریمان و دوو ئەفسەری کورد کە بریتی بوون لە مجید علی و محمود طەی وزیری ئەم
کوبونەوە بەمەبەستی ئاشنکردنەوەی ئەفسەرەکان وسەرۆکی پارتی هیوا رەفیق حیلمی
بو. سەرئەنجام بە کوشتنی کریم بەگی جاف رێک کەوتن
..............
کۆبونەوەی دووەم لەسەر بریاری کۆبونەوەیەکی گەورە کە لەماڵی حەمە ئاغای
عبدالرحمن ئاغا لە سلێمانی بەستراوە بریار درابو ئەگەر بارزانیەکان هەڵسان هەموو
سەرۆک تیلو ئاسراوەکان لە ناوچەکانیاندا پێکەوە دەس بدەنە چەک . بۆ جێ بەجێ
کردنی ئەم بریارە. دوای هەڵسانی بارزانیەکان ، کۆبونەوەیەک لە گوندەکانی ئارچەی
کەلار لەسەرۆک تیلو ئاسراوەکانی ناوچەی خانقین و کفری بەسترا. هەر چەندە خۆیی
تیدا نەبووم بەڵام باش لەبیرمە کێ بەشداری تیداکردبو. کۆبونەکە سید مەلا حەکیم ئەی
بردە ریوە و ئەوانەی هاوبەشیان تیا کرد ئەم زاتانە بوون : مصطفی بەگی کریم بەگی
جاف ، محمود بەگی رەزابەگ ، شەوکەت بەگی احمدبەگی جاف ، حەمە سعیدجاف و
عەلی سلیم بەگی جاف و حەمەی برای حەمەی جاف ، عطا تاڵەبانی ، شێخ محمد
نجیب تاڵەبانی ، حمید آغای زەنگەنە ، صالح آغای باجلان ، صالح روستم خانی
جمور ، حمە صالح دەلو ، شێخ عبدالقادری قەلاگەمی ، شێخ احمدی شاکەلی ، نافع
ساڵم ، شێخ غالبی تاڵەبانی ، شێخ طالبی تاڵەبانی ، ملا عزیزی زەنگەنە ، ملاتاح .
لەم کۆبونەوەدا کە بە کۆبونەوەی ( قندیلە ) بەناوبانگە بریار درا لە چەند مەرکەزیکی
پۆلیس میری بدریتە لەناوچەی خانقین وکفری ئەم بریارە تەنفیز کرا. جافەکان
مەرکەزی گورشەکلەیان دایە بەر تەقەو مەکینەی ئاویی جیا سوری کۆمپانیای نەوتی ،
کە بەدەستی ئینگلیزەکانەوە بە. شکاندیان . باجەلانەکان و جمور مەرکەز حەودیان
دایە بەر تەقە وتاڵەبانی و زەنگەنەکان هێرشیان بردەسەر مەرکەزی سەر قەڵا و دوای
ئەم رووداوە. فەرمانی وەزیری ناوخۆی عێراق دەرچو بۆ گرتنی مصطفی بەگی کریم بەگی
جاف و شێخ حەمە نجیب شێخ وەهابی تاڵەبانی وشێخ عطای شێخ جەمالی تاڵەبانی و
ملا سید حکیم و غەرامەتی (٢٠٠٠) دینار خرایە سەر بەگ زادە جافەکان و (٢٠٠٠)
دینار خرایە سەر ئاغاکان و ئاسراوەکانی خانقین ......رشید باجلان
رەنگین ژمارە ٨٨ ساڵی ١٩٩٦

---

* دەستەی دامەزرێنەرانی پارتی هیوا ئەمانە بوون :-
رەفیق حیلمی ، ئیسماعیل حەقی ، توفیق وەهبی ، مەعرووف جیاووک ، ئەمین
رواندوزی ، ئیسماعیل حەقی شاوەیس ، ئەفسەر عزەت عەبدولعەزیز ، مستەفا
خۆشناو ، نوری مەلا حەکیم ونوری مەلا مەعرووف ، نووری ئەمین ، رەفیق کۆیی ،

محەمەد سالح ، عەبدولرەحمان قازی ، ماجد مستەفا ، شێخ قادر بەرزنجی برای شێخ مەحموود.........ص٢٣٦ د.ولید حمدی
الکرد و کردستان فی الوثائق البریطانیه دراسه تاریخیه وثائقیه ١٩٩٢

---

* سالی ١٩٤٠ لەلایەن هێندێ قوتابی کوردەوە لە کەرکوک وپاشان لەبەغدا حزبی (هیوا) دروست کرا. لاوەکانی بەم کارە هەڵسان بریتی بوون لە قوتابییان : یونس رەئووف (پاشان بوو بە محامی) و نووسەر سەدیق شاوەیس (پاشان بوو بە مهندس) و مەعروف بەرزنجی (پاشان بوو بە محامی) و چەند دانەیەکی تر بوون . پاش تەختی گەران بەدوای سەرۆکێک دا بۆ کۆمەڵەی هیوا خوالێ خۆش بوو رەفیق حیلمی یان دۆزی بەوە و کردیان بەسەرۆک دوای ئەوەی لە باخێکی گزیە دا سوێندیان دا. چالاک ترین ئەندامی هیوا دوای رەفیق حیلمی یونس رەئووفی خوالێ خۆش بوو بوو........ کوردایەتی بزوتنەوەی رزگاری نەتەوایەتی گەلی کوردستانە
نووسینی : جەلال تاڵەبانی چاپی سێیەم ١٩٦٦ل٨٥

---

* لەناو رێکخراوی هیوا لە هەولێر لێکدابڕان (ئینشیقاق) دروست بوو ، بەشی زۆریەی رەزامەندی خۆی دەربڕی کە لەگەڵیانا کاربکات ، پاش ئەوەی بڕیارماندا کە لە هاوینی سالی ١٩٤٣ وەکو رێکخراوێکی سەربەخۆیی ناوخۆیی(محلی) کاربکەین ...... ئێمە دژی داگیرکەر و دەرەبەگایەتی و دایلوسینی نەتەوەیی بووین . تێکۆشانمان نیشتمانی وەتەرکرانی ونەتەوایەتی بوو لەیەککاتدا. بڕیارماندا رێکخراوی (( کۆمەڵی میللەت )) دروست بکەین و بڵاوکراوەیەکیش بە دەستنووسراوی بەناوی ((دەنگی کورد)) دەربکەین . ئەوانەی هاتنە ناو ئێمە :
مەلاشەریف عوسمان ، موسا سلێمان ، هاشم عەبدوڵلا ، حەمید عوسمان ، نافیع یونس ، شێخ محەمەد محەمەد(شێخەشەل) ، عەزیز محەمەد ، قەرەنی دۆغرەمەچی ، یەحیا سەلیم ، ئەنوەر عەبدوڵلا دڵسۆز ، جەوهەر حوسێن مەلا .
الاتحاد العدد٩ السنه الاولی السبت ٢٦ کانون الاول ١٩٩٢ ص٥ مذکرات ولمحات من تاریخ الحرکه الوطنیه والثوریه فی کوردستان والعراق الجزء الاول ١٩٤٠ - ١٩٥٨ القسم الاول ١٩٤٠ ـ ١٩٥٣ الحلقه السادسه صالح حیدری

---

* کاک عەزیز محەمەد دەڵێ :
لە سالی ١٩٤٣ دا بووم بە ئەندامی « کۆمەڵی میللەت » کە رۆژنامەیەکی بەناوی « بڵێسە » دەردەکرد و خۆی بە مارکسی دادەنا.
گفتوگۆ لەگەڵ کاک عەزیز محەمەد ئامادەکردنی فەرهاد شاکەلی ١٩٨٦.

---

* لەو سەردەمەش دا تاقمی خوێنەواری مارکسی گەورە لەشاری هەولێر پەیدا ببوو هەر لەساڵی (١٩٤٢)ەوە کاک ساڵح حەیدەری و رەشید قادر و نافیع یونس و چەندین لاوانی تری کوردی دەستە چەپ هاتبوونە گۆڕی تێکۆشانەوە بۆ ماوەیەک لەگەڵ چەند لاوێکی ترا لە هەولێر (ئکزیملی میللەت ـ جمعیە الشعب) یان پێکەوە نابوو..
جەلال تاڵەبانی هەمان سەرچاوە ل٨٧.

---

* لە بابەت پەیوەندی مامۆستا رەفیق حیلمی لەگەڵ ئشوتەردا ... شوتەر هەر لە دامەزراندنی کۆمەڵەی دەرکەوتووە تاکو مایسی ١٩٤١ لە قوتابخانەی ئامادەیی کەرکوک مامۆستای زمانی ئینگلیزی بوو وە مامۆستا حیلمیش تاکو ساڵی ١٩٣٨ بەڕێوەبەری قوتابخانە بوو لە ساڵی ١٩٤١ دەرکەوت لەو شوتەرە ئەفسەرێکی ئیستخباراتە و کرا بە ئەفسەری سیاسی لە سولێمانی بێگومان شوتەر پەیوەندی لەگەڵ هەموو پیاوە ناسراوەکانی گەورە پەیدا ئەکرد، لەمە هیچ گەردێکی بۆ ئەو پیاوانە نیە. جیاوازی زۆر هەیە لە نێوان پیاوی ئینگلیز کە بۆ دەسکەوتی خۆی میللەت بفرۆشێت و لەگەڵ یەکێک وا بزانێت ئینگلیز وەکو بۆ عەرەب چەند حکومەتیان دامەزراند، رەنگە لە دەرفەتێک دا بۆ کوردیش وابێ ، من کە لە ساڵی ١٩٤٢ هاتمە سولێمانی بۆ دیتنی مامۆستا حیلمی لە بابەت پاکی بوونی لقی کەرکوک . خۆی پێی وتم وەلێشتەم نائوێرم لە گەڵتانا کۆببمەوە، چونکە ، شوتەر میوانە و سبەی شەو لە ماڵی ملازم حامید رەش کۆ ئەبینەوە ، . من لە هیچ کاتێکدا گومانی ناپاکی مامۆستا حیلمیم نەکردووە . ئەمە ئەوە ناگەیێنێت کە پیاوی ئینگلیز بێت ..... لە کۆنفرانسی کەلار ئەفسەرانی سەر بە لیژنەی ئازادی کە زانیان پشتگیری کردنی سەرکردایەتی هیوا بەستراوەتە رەزامەندی ئینگلیزەکان و پرس بە کورنیل لاین کردن . ئیتر هیچ ئەڵقێکی پێوەندیان لەگەڵ سەرۆکی هیوادا نەماو لە گەڕانەوەی دا ، لە رێگای سەرقەڵا و کفری ڕێگایان لێ گرت و بە زۆر بەڵێنی لە هیوا وازهێنانیان پێ مۆر کرد.
ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە ٢٣٨١ رۆژی سێشەممە ٦ی شوبات ١٩٩٦ لاپەرە ٣ هەندێ ڕاستی دێ سەبارەت «چەند لاپەرەیەک لە مێژووی هاوچەرخ» د. موکەڕەم تاڵەبانی

---

دوای ساڵێک لە ئۆکتۆبەری ١٩٤٥ لە گەڵ ئەفسەری پێوەندارم چومە ناوچەی سولەیمانی و لە نزیکەوە چاوم پێکەوت. ئەفسەری پێوەنداری ناوچە (اجیمز شوتەر) یەک لە ئەفسەرانی سیاسی گەنج بوو . کوردەکان خۆشیان دەویست . ئەو لە کەرکوک وەگەڵ من کەوت و بڕیار بوو ماوەی سێ سەعات لە کەرکوکەوە تا سولەیمانی بە ترومبێل برۆین ......کاتێ گەیشتینە سولەیمانی لە ماڵی (شوتەر) چەند ڕیش سپی گەورە هاتنە لامان و لەبارەی باروودۆخی ناوچە گەلێک قسەی سیاسیان پێکوتین ......

لاپەڕە٣٣ ڕۆژەکانی ئێران نووسینی : ئارچی ڕۆزڤێلت کەریمی حسامی لە فارسییەوە کردوویە بە کوردی ستۆکهۆلم - ١٩٩٥

---

* ... هەندێ لە ئەفسەرەکان ئەوەبوو لە (بەرزان) کۆبونەوە، (بەکر عبدالکریم) کە ئەویش یەکێک بو لە ئەفسەرە ئازادەکان و وەکو عزەت و ئەوان پەرراگەندەبوبو لە بەرزان لەگەڵیان یەکی گرت. بە محمد مەحمودەوە کەلە پاشا چو ئەوەندە ئەفسەر لە ((بەرزان))کۆبوەوە :

(١)مصطفی خۆشناو، (٢)عزت عزیز، (٣)عبدالحمید باقر، (٤)محمد مەحمود، (٥)شوکەت نعمان ، (٦)احمد اسماعیل ، (٧)بەکر عبدالکریم ، (٨)حفظ الله اسماعیل .

ئەمانە بێجگە لە (محمد مەحمود) کۆمەڵێکیان لەژێر سەرۆکی (مەلا مصطفی)دا دانا و ناویان نا ((کۆمەڵی ئازادی)). هەتایان بەیاننامەیەکیان نوسی کە عبارەت بولە: داخوازەکانی کوردو مەبەست لە شۆڕشی (بەرزان). ناردیان بۆ سەفارەتی ئینگلیز لە بەغداو بۆ حکومەتی عراقی و بۆ (حزبی هیوا).

[١٨٧]علاءالدین سجادی هەمان سەرچاوە

---

* لە ١٩٤٥/١/١٥ پاش زنجیرە کۆبونەوەیی چڕ کە تێیدا باری سیاسی ئەوکاتەی لێک دەدایەوە، بارزانی لەگەڵ هاوڕێی بە ئەفسەرەکانی بڕیاریاندا ، لیژنەی ئازادی - هەیئەتی ئازادی - لجنە الحریە، دروست بکەن .

البارزانی والحرکە التحرریە الکردیە - ثورة بارزان

١٩٤٣ - ١٩٤٥ مسعود البارزانی کردستان اب /١٩٨٦ ص٥٣

---

* لە مانگی شوباتی ١٩٤٤ دا لە شاری کەرکوک کۆنفرانسی حزب بەسترا... باڵی چەپ پەردەی لەسەر ئەخشی ئاپروبەرانەی ئیمپریالیزمی بریتانیە هەڵماڵی ، دەری خست کە گەلی کورد بە پشتیوانی بریتانیە ڕزگارنابێ و ئەبێ یەکێتی سۆڤیەت بە پشت و پەنای خۆی بزانێ..... بەم جۆرە کۆنفرانس حزبی هیوای کردە دولەتەوە. باڵی ڕاست بە سەرۆکایەتی ڕەفیق حلمی کە هەمو داخوازیەکانی باڵی چەپی ڕەت کردەوە لە حزب جیابۆوە.ئەم لەتبونە کارێکی وای کرد باڵی چەپ لەگەڵ حزبێکی تردا یەکگرێ باڵی ڕاستیش ماوەیەک بەناوی حزبی هیوا وە کاری کرد و پاشان هەڵوەشایەوە . بەم جۆرە ئەخشی مێژویی حزبی هیوا کۆتایی هات ........ بەشێکی ئەندامانی باڵی چەپ چونە ڕیزی گروپی ((القاعدە))ی حزبی کۆمۆنیستی عراقەوە بە نهێنی ڕۆژنامەی ((ئازادی))یان دەرکرد. بەشێکی تریان بونە ئەندامی شاخەی کۆمەڵەی ژ.ک لە کوردستانی عراقدا. ئەوانەی تر حزبێکیان بەناوی ڕیزگاری پێکەوەنا کە زۆربەی

ڕێکخراوەکانی لە سلێمانی و لەنێو ڕیزی خوێندکارە کوردەکانی بەغدا بوو. بەشێکی کەشیان چوونە ڕیزی گرووپی (وحدە النضال)ی کۆمۆنیستەوە و لەکوردستاندا بەناوی (یەکێتی تێکۆشین) ڵقەکانیان دامەزراند. چەند گرووپێکی تریش بەشێوەیەکی سەربەخۆ و بەناوی جیاجیا مانەوە و خۆیان بەپاڵپشتی جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان دەزانی. ل١٣٣ جوڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانی کوردستان دکتۆر عەزیز شەمزینی. ف. ئەسمەرد لە عەرەبییەوە وەریگێڕاوە چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ ـ چاپی دووەم ئەیلولی ١٩٨٥

---

• ئەو ساڵانەی ١٩٤١ـ ١٩٤٥ کەمن تیایاندا قوتابیی حقوق بووم، هەنگامەی چالاکیی حیزبی هیوا بوو بە سەرۆکایەتی ئەوسای مامۆستا ڕەفیق حیلمی. چەند ساڵێکان بەر لەوەی لێی بکەونە تەقە بە سەرۆکی باڵا ناویان دەبرد. ل ٢٣٧ گەشتی ژیانم مەسعود محەمەد ستۆکهۆلم ١٩٩٢.

---

• لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٤دا گرووپی (وحدە النضال)چوە ڕیزی گرووپی قاعیدەوە کە هەردووکیان لە حزبی کۆمۆنیستی عێراق جیابوبونەوە. بەڵام کۆمۆنیستە کوردەکان نەچوونە ڕیزی ئەم گرووپەوە بەڵکو لە کوردستاندا حزبێکی کۆمۆنیستیان پێکەوە نا. ئۆرگانی ئەو حزبە ڕۆژنامەی (شۆڕش) بوو، لەبەرئەوە حزبەکەش لەناو خەڵکدا هەر بە حزبی شۆڕش ناسرا.......ل ١٣٣ـ ١٣٤ عەزیز شەمزینی هەمان سەرچاوە.

---

• خۆی دروست بوونی پارتی شۆڕش لەڕاستیەکەی «المیثاق الوطنی» حیزبی شیوعی عێراق بوو کە کوردی بە کەمەنەتەوایەتی لە عێراقدا دادەنا. بەڵام کوردەکانی دازیان لە عەرەب هێنا سووربوون لەسەر ئەوەی کە کورد وەکو نەتەوە نەک کەمەنەتەوە دابنرێ. خۆیەکی تریش کە دووبەرەکی بوو ئەویش دەربارەی بەزیدیەکان بوو کە حیزبی شیوعی بە کەمەنەتەوە نەک بە بەشێک لە گەلی کورد دایدەنان. بەڵام ئێمە دەمانگوت بەزیدییەکان بەخۆیان هاوار دەکەن کە کوردن وە ئەگەر جیاوازیش هەبێ جیاوازی ئایینیە نەک نەتەوایەتی.......نوری شاوەیس لاپەرە ٣٤.

......لەعێراقدا دوو حیزبی شیوعی هەبوون لەگەڵ چەند گرووپێکی مارکسی تر. دوو حزبە شیوعیەکە: «وحدە النضال»کە لقێکی کوردی هەبوو وە ڕۆژنامەیەکی بەناوی (یەکێتی تێکۆشین)دەردەکرد. وە حیزبەکەی تریش حیزبی شیوعی عێراق بوو کە ڕۆژنامەی (الشرارە)پاشان گۆڕدرا بۆ (القاعدە) دەردەکرد. بەشی زۆربەی لاوانی کورد کە لە ڕێکخراوە کوردیەکان کاریان دەکرد چوونە ناو (وحدە النضال) لەمانەش کە لەمەڕ بۆ بەتایبەت سەرکردەکانیان: نافیع یونس و عەلی عەبدوللا و ڕەشید قادر و

نووری محەمەدئەمین،ئیرای موحەرەمەو سالح حەیدەری و هەندێکی تر...نووری شاوەیس لاپەرە ٣٤.

---

* شۆڕش یەکان لەساڵی (١٩٤٥)دا دوای دامەزراندنی خۆیان بەماوەیەک (حزبی رزگاری کورد) یان پێک هێنا بە هاوکاری لەگەڵ هێندێ کۆنە هیوایی وەک مامۆستا عەلی حەمدی و نووری شاوەیس و دکتۆر جعفر محمد کریم و مەلا حەکیمی رەحمەتی و چەند ئێنکی تر وە گۆڤاری (رزگاری) کرا بە ئۆرگانی حزبەکە......ل٨٧ جەلال تاڵەبانی هەمان سەرچاوە.

---

* رابەرێتی کرێکارانی گاوریاغی لە ٣/گەلاوێژی ١٩٤٦ و دەوری پاڵەوانانەی حیزبی شیوعی عێراق و کرێکاران کاریگەرێتیکی گەورەی کردە سەر هەڵوەشاندنەوەی رێکخراوی شۆڕش و بەبێ مەرج و راستەوخۆ ئەندامانی ئەو رێکخراوە خۆیان خزاندە ناو حیزبی شیوعی . لە کۆنفرانسی بەغدا کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٦ بەسترا، ئامادەبووان ( سالح حەیدەری ، نافیع یونس ، حەمید عوسمان ، رەشید قادر ، جەمال حەیدەری ، عەلی عەبدوڵڵا ،عەبدولکەریم تۆفیق ، شریف مەخلوف ، شێخ محەمەد محەمەد(شێخەشەل)، ساجد ئیبراهیم ئەدهەم و عەلی عەبدوڵڵا(عەلی مەکتەبە). ئەوانەی هاتنە ناو حیزبی شیوعی ئەمانە بوون : سالح حەیدەری ، حەمید عوسمان ، جەمال حەیدەری ، بەر لەمانیش عەزیز محەمەد بوو . وە ئەمانەش چوونە ناو پارتی : عەلی عەبدوڵڵا ، کەریم تۆفیق ، عەبدولسەمەد محەمەد ، نووری محەمەد ئەمین و رەشید قادر........مذکرات یوسف حنا یوسف ،ابوحکمت،ص٣٣

---

* رێکخراوی حیزبی شیوعی لە کوردستانی عێراق کۆنترین رێکخراوی سیاسی بە. لەسەرەتای جەنگی جیهانی دووەمەوە ١٩٤١_١٩٤٢ یەکەم رێکخراو لە شاری هەولێر دروست بوو، پاشان پەلی هاویشت بۆ شارەکانی تری کوردستانی عێراق . مامۆستایانی شیوعی کورد دەوری سەرەکیان هەبووە بۆ بڵاوکردنەوەی بیری چینایەتی لەناو جەماوەری کورد دا......هەروەها قوتابیانی کورد کە لە بەغدا لە ئامۆزگاوکۆلیجەکان دەیانخوێند و پەیوەندیان بە حیزبی شیوعی لەوێ کردبوو، ئەو بیروباوەڕیان لەگەڵ خۆیان لەکاتی پشووی هاوینە دەبردەوە شارەکانی خۆیان و بڵاویان دەکردەوە . . . یەکەم رێکخراوی شیوعی لە شاری سلێمانی لەساڵی ١٩٤٣پەیدابوو، پاشانیش لەشاری کەرکوک ............ل ٨٣
القضيه الكرديه في العراق : ماجد عبدالرضا . منشورات الطريق الجديد ، بغداد شباط١٩٧٥الطبعه الاولى .
* حیزب یەکەم رۆژنامەی سیاسی کوردی بەنهێنی دەرکرد کە ئۆرگانی لق بوو بەناوی

(ئازادی). کە دەوری سەرەکی گێڕا لە بڵاوکردنەوەی بیری چینایەتی و نیشتمانی لەناو جەماوەری کورد دا.....ل٨٣ ماجد عبدالرضا.

---

* لە ئەیلولی ١٩٤٤ ڕێکخراوێکی شیوعی تر دامەزرا و ڕۆژنامەی (وحدە النضال) «یەکێتی تێکۆشان»ی بەنهێنی ، بەزمانی کوردی و عارەبی دەرکرد. ئەو ڕۆژنامەیە بووە ئۆرگانی حیزبی تازە .
((موسوعە سریە خاصە بالحزب الشیوعی العراقی السری الجزء٣ص٦١٦))

---

ئەو ڕێکخراوەیە لەژێر سەرکردایەتی ((یوسف هارون زلخە))بوو. بەناوبانگترین سەرکردایەتی وکادیرەکانی ئەمانە بوون :ـ
صفا، مصطفى ، یوسف زلوف ، صالح الحیدری ، نافع یونس ، جمال الحیدری ، حمید عثمان ، نعیم دنکور ، یعقوب مئیر بصری ، ابراهیم ناجی شمیل ، یعقوب اسحق ، مسرور قطان ، عبدالجبار وهبی ، محمد توفیق حسین ، حسین عبدالعال ، عبدالجبار عبدالله ، نعیم بدوی ، مبارک جوده ، یوسف حنا.
ئیبراهیم ناجی شمیل «٧٠٠»دیناری پێشکەش کرد بۆ کڕینی چاپخانەیەک بۆ ڕێکخراوەکەیان. ((اسماعیل قوجمان ـ مذكرات خطیە))
** ئەندامە کوردەکانی یەکێتی تێکۆشین «وحدە النضال» ئەوانەی ڕازی نەبوون بچنەوە ناو حیزبی شیوعی ، ڕێکخراوێکی شیوعی تازەیان دروست کرد و ڕۆژنامەیەکی نهێنیان بەناوی «شۆڕش» دەرکرد . هەر بەو ناوەش ناسران.
کۆمیتەی ناوەندی ڕێکخراوی شۆڕش ئەمانە بوون :ـ
سالح حەیدەری ـ سکرتێر
عەلی عەبدوڵلا
ڕەشید عەبدولقادر نافیع یونس
عەبدولسەمەد محەمەد کەریم تۆفیق
نوری محەمەد ئەمین
ئەو ڕێکخراوە ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو بۆ دامەزراندنی پارتی ڕزگاری کورد کە ڕۆژنامەی «ڕزگاری»کردە ئۆرگانی خۆی .
کاتێ دوای دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردی(پارتی)کرا، ڕێکخراوی شۆڕش کۆنگرەی خۆی لە سەرەتای مانگی ئابی ١٩٤٦ بەست وبەبڕیاری زۆربەیان ڕێکخراویان هەڵوەشاندەوە و چوونە ناو حیزبی تازە. ئەوانەی دژ وەستان ، چوونەوە ناو حیزبی شیوعی عێراق .

---

* بەپێی خاڵی یەکەمی بەرنامە ئامانجی حزب بریتیە لە «هاوکاری و پەیوەکردنی پێوەندی برایانەی کورد و عەرەب لەسەر بناخەی ڕزگاری هەردوو گەلدا ، هاوکاری کردن

لەگەڵ عەرەبە ئازادیخوازەکان و گروپ و حزبەکانیان دا. لەگەڵ حزبی کۆمۆنیستی عێراقدا بۆ بەدی هێنانی بەختەوەری و رزگاری گەلان و وەدەس هێنانی ئاواتەکانی دو گەلی کورد و عەرەب.ل۱۳٤ جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانی کوردستان دکتور عەزیز شەمزینی

---

* شۆڕش(الشورە) رۆژنامەی (حزبی شیوعی کوردستانی عێراق)بوو. لە ساڵی ۱۹٤۳ کۆڕێ مارکسیەکان دەریانچواند. ئەو کۆمەڵە هاوکاری وپەیوەندی یان لەگەڵ باڵێکی «وحدە النضال» کرد. لە کۆتایی ساڵی ۱۹٤٦ بەشی زۆریەیان چوونە ناوحزبی شیوعی عێراق و هەندێکیش چوونە (حزبی دیموکراتی کوردی)
ص۱٦۸ العراق الکتاب الثانی الحزب الشیوعی حنا بطاطو ترجمە عفیف الرزاز بیروت ۱۹۹۲

---

* لە کۆتایی ساڵی ۱۹٤٤دا لە نێوان باڵی حزبی شیوعی عێراقی (القاعدە) و باڵی (وحدە النضال) گفتوگۆ کرا. لە ئەنجامدا گەیشتنە ئەوەی کە وحدە النضال خۆی هەڵوەشێنێتەوەو بچنە ناو ریزی القاعدە. .... نوێنەرانی یەکێتی تێکۆشین کە پێک هاتبوون لە صالح حەیدەری و نافع یونس و عەلی عەبدوڵا کەوتنە گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەرانی حزبی شیوعی عێراقی کە پێک هاتبوون لە فهد و زەکی بسیم و محمد حسین الشبیبی و یهودا و مەلاشەریف .گفتوگۆ دەربارەی ئەوە بوو چۆنیەتی رێکخستن و سەرکردایەتی لقی کوردستان و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد چارەسەر بکرێ. بەڵام لە ئەنجامدا نەگەیشتنە چارەسەرێکی رازی بوون . بۆیە سەرکردایەتی یەکێتی تێکۆشین لە پایزی ساڵی ۱۹٤۵دا حزبی شیوعی بۆ کوردستانی عێراقی دامەزراند و مەکتەبی سیاسی کە پێک هاتبوو لە صالح حەیدەری (سکرتێر)و نافع یونس و علی عەبدوڵا و عبدالکریم توفیق و رەشید عبدالقادر دانرا. رۆژنامەی (شۆڕش)بووە ئۆرگانی ناوەندی حیزب . بۆیە حزبیش بەناوی شۆڕش ناوبانگی دەرکرد. ... حزبی شۆڕش ویستی سوود لە هەمزە عەبدوڵا وەربگرێ بەتایبەتی پاش ئەو چاوپێکەوتنەی کە لە نێوان خالد بەگداش و کاکە زیاد کرابوو، کە بەگداش پێشنیاری کردبوو کە سوود لە هەمزە وەربگیرێ . وە پەیوەندی شۆڕش بە کاکە زیاد بەهێز بوو لە رێگای عبدالصمد محمد کە ئەویش یەکێک بوو لە سەرکردەکانی شۆڕش . کاکەزیاد بەڵێنی بە حزبی شۆڕش دا کە یارمەتی حزب بدات . لەرێگای ئەو یارمەتیانە توانرا خۆنامادەکردن ورێکخستن بکرێ بۆ کەل وپەلی چاپەمەنی حیزب. کاکە زیاد باسی چاوپێکەوتنەکەی خۆی لەگەڵ خالد بەگداش وپێشنیارەکانی بەگداشی خستە بەردەمی مەکتەبی سیاسی حزبی شۆڕش مەکتەبی سیاسیش پێشنیارەکانی قەبوول کردو پەیوەندی لەگەڵ هەمزە کرد........
جندی کردستان العدد ۱٤ تشرین ثانی ۱۹۸٤ص۲-۷ تاریخ الحزب الدیمقراطی

الكردستاني من مؤتمره التأسيسي الى انعقاد مؤتمره الثالث كه باكردية على عبدالله ايلول ١٩٦٨

---

* زۆربەی زۆری ئەو كوردانەی بوونە ئەندامی حزبی شیوعی عێراقی لە بنچینەدا ئەندامی چالاكی حزبەكانی هیوا، رزگاری، ژیانەوەی كورد، دەركرانی كوردی بوون. نموونەش: موكەڕەم تاڵەبانی، عەتا تاڵەبانی، ساڵح حەیدەری، نافیع یونس، جەمال حەیدەری، عەزیز محەممەد، مەلا شەریف، حوسێن بەرزنجی، مەعرووف بەرزنجی، یونس رەئووف (دلدار)، كەریم زەند، محەممەد تۆفیق وەردی و عوسمان دانیش.
مذكرات يوسف حنا يوسف ابو حكمت امطبعه التعليم العالي - اربيل ١٩٩٦ ص٢٧

* یەكێك لە كادیرەكانی یەكێتی تێكۆشین (مەلا شەریف - فوئاد) لەو رێكخراوە خۆی كێشاوەو لەگەڵ هاوڕێی (ئەحمەد) پەیوەندی بەستا و بڕیاری دەركردنی رۆژنامەی (ئازادی) بە زمانی كوردی یان كرد. لە هەمانكاتدا مەلا شەریف لە نامەیەكدا داوای لە هاوڕێیانی كرد كە بێنە ریزی حزبی شیوعی عێراقی، كۆتایی بە نامەكەی بەم رستەیە هێناوە ((قوفلی ئەمەلم گرت و لەت بەری نادەم)).
مذكرات يوسف حنا يوسف (ابو حكمت) مطبعه التعليم العالي - اربيل ١٩٩٦ ص٢٨

* لە ساڵی ١٩٤٤ كۆمەڵێك لە حزبی شیوعی دەرچوون و ناویان لە خۆیا النضال الامام«بزێتەوە» «تێكۆشین» رۆژنامەیەكیشیان بەوناوە دەركرد. هەندێكیش لە سەركردایەتی الى ناویان بووە وحدة النضال «یەكێتی تێكۆشین» وەكو یوسف زەلخە كەوتنە پەیوەندی و لە ئەنجامدا یەكیان گرتەوەو رۆژنامەكەشیان بەوناوە دەرچوو.
ئەندامە ناسراوەكان ئەمانە بوون: ساڵح حەیدەری، عەلی عەبدوڵڵا، رەشید قادر، مەلاشەریف، عەزیز محەممەد، نافیع یونس، یەحیا سلیم، جەمال حەیدەری، نووری محەممەد ئەمین، عەبدولسەمەد محەممەد، موسا سلێمان، حەمید عوسمان، نووری شاوێس، شێخ محەممەد محەممەد(شێخەشەل)......ابوحكمت هەمان سەرچاوەی پێشوو ص٢٨

---

* حزبی رزگاری لە كۆتایی ساڵی ١٩٤٤ و سەرەتای ساڵی ١٩٤٥دا هەموو لایەنەكان لەسەر مەسەلەی كۆكردنەوەی هەموو هێزە نیشتمانی وگروپە سیاسیە پێشكەوتنخوازەكانی كوردستانی عێراق لەیەك بەرەی نیشتمانی دا، یەكدەنگ بوون. ئامانجی ئەو بەرەیە بریتی بوو لە خەبات دژی ئیمپریالیزم و كۆنەپەرستی و فیوداڵیزم، وەدەس هێنانی مافی چارەی خۆنوسین و رزگاری كوردستانی گەورە، یەكخستنی

خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی عێراقدا کە گروپ وحیزبە نیشتمانیەکان نوێنەریانن .
حزبی شۆرش و گروپە چەپەکانی تر و لایەنە پێشکەوتنخوازەکانی حزبی هەلوەشاوەی هیوا ئەرکی دامەزراندنی بەرەیان گرتە ئەستۆ. بە دەستپێشخەری ئەو لایەنانە، حزبی بەرەی نیشتمانی یەکگرتوی کوردی عێراق بەناوی حزبی رزگاری کوردەوە دامەزرا. سەرکردایەتی ئەم حزبە کۆمیتەیەکی حەوت کەسی بوو کە نوێنەرانی حزبی شۆرش ولایەنە پێشکەوتنخوازەکانی تری تیا بوو..........لاپەرەی ١٣٤ ـ ١٣٥
جوڵانەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان
دکتور عەزیز شەمزینی ف.ئەسەسەرد لە عەرەبیەوە وەریگێراوە
چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ چاپی دووەم ئەیلولی ١٩٨٥
** چالاکی حزبی رزگاری کورد تا ئاوەڕاستی مانگی ئابی ١٩٤٦ درێژەی کێشا ...
ل١٣٩.د.عەزیز شەمزینی هەمان سەرچاوەی پێشوو

---

* لە هەفتەی یەکەمی مانگی ئابی ساڵی ١٩٤٦دا حزبی رزگاری کورد کۆنگرەی خۆی لە بەغدا بەست. هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی بەشداربوو جگە لە جەماعەتی صالح حەیدەری و نافع یونس . لە کۆنگرە لێکۆڵینەوە دەربارەی دروست بوونی پارتی دیموکراتی کورد و هەڵوەشاندنەوەی پارتی رزگاری و ئەنجامی کۆنگرەی شۆرش و ..هتد کرا. بەدەنگی گشتی ئەندامانی کۆنگرە بڕیاریان دا کە حزبی رزگاری هەڵوەشێتەوەو بچنە ریزی پارتی .
تاریخ الحزب الدیمقراطي الكردستاني من مؤتمره التاسیس الى انعقاد مؤتمره الثالث
كتبه بالكردیه: علی عبدالله ایلول ١٩٦٨
صدى كردستان العدد ١٨ اب ١٩٨٥ص٢و٨

---

* لە بەهاری ١٩٤٥ مەلا مستەفا. هەمزە عەبدوڵلای لە مەهابادەوە ناردە کوردستانی عێراق بۆ مشاوەرەکردن لە پێناوی دروست کردنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە عێراقدا...نوری شاوێس لاپەرە ٣٦.

---

* ئەوانەی لە کۆنگرەی یەکەمی پارتی بەشداربوون: کاکەزیاد و عەلی حەمدی و مستەفا خۆشناو و نووری ئەحمەد تەها و میرحاج و سەید عەزیز ئەمانە نوێنەری کوردە پەناهەندەکانی ئێران بوون. شێخ لەتیف بەشدار نەبوو لە بری ئەو مەحموود ئازادی بەشداری کرد. ئیبراهیم ئەحمەدیش لەسەرەتای کۆنگرە لەوێ بوو....نوری شاوێس لاپەرە ٤٢.

---

* لە بابەت پێوەندی پارتی هیوا بە دامەزراندنی کۆمەڵەی (ژ.ک)ەوە لە مەهاباد، من لە کتێبە دەستنووسەکەم دا دەڵێم: لە ئەیلوولی ١٩٤٢ ئەفسەر میرحاج ئەحمەد مێر مەهاباد و لە ١٦ ئەیلوولی ١٩٤٢ لە باخێکی نزیکی مەهاباد بەشداری لە دامەزراندنی کۆمەڵەی ژ. ک کرد. من ئەمەم لە زمانی میرحاجی ئەمر و مستەفا خۆشناوی شەهیدەوە دەگێڕمەوە کە تا کۆچی دوایی یان هاوڕێ و هاودەم بووین ...... بەڵگەش بۆ قسەکانی من، (گۆڤاری کوردستان) کە ئۆرگانی کۆمەڵەی ژ.ک بوو هەر لە یەکەم ژمارەدا لەسەر بەرگەکەی دروشمی هیوای لەسەرە ((بژی کورد و کوردستان و بژی هیوا و بژی سەرۆکی هیوا)) و تا ڕادەیەکیش خۆی بە بەشێکی هیوا دەزانی ....... نامەی تایبەتی د. موکەڕەم تاڵەبانی بەغدا ٢٥/٥/١٩٩٧

---

* وەک دەزانین کۆمەڵەی ژ.ک لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ _ ١٦ی ئۆتی ساڵی ١٩٤٢ لەشاری مەهاباد دامەزرا. دامەزرێنەرانی کۆمەڵە وەک ڕاگەیەنراوە بریتی بوون لە: میرزا حوسێنی فروهەر (ئوستای زەڕینگەران)، عەبدولڕەحمانی زەبیحی، سەدیقی حەیدەری، عەبدولڕەحمانی ئیمامی، قاسمی قادری، عەلی مەحموودی، قادری مودەڕیسی، محەممەدی نانەوازادە، مەلا عەبدوڵڵای داودی، ئەحمەدی تەوحیدی، محەممەدی ئەسحابی، محەممەدی یاهو، عەبدولڕەحمانی کەیانی ....... ل١٦١_١٦٢ کەریم حسامی هەمان سەرچاوە.

---

* نیشتمان لە نووسین و شیعرەکانی دا هەستی نەتەوەیی کوردانی ئەتژواند. هانی ئەدان بۆ یەکێتی و یەکگرتن، بۆ خەبات بۆ دەرچوون لە دیلی، بۆ هەوڵدانی گەیشتن بە ئازادی. عبدالرحمن زەبیحی (ع.بیژن) سکرتێری کۆمەڵە لەگەڵ دلشادی ڕەسوولی (م.نادری) وجووتە شاعیری نەتەوەیی: عبدالرحمن شەرەفکەندی (هەژار) و محەممەد ئەمین شێخ الاسلامی (هێمن) زۆری بابەتەکانی نیشتمانیان ئەنووسی و ئامادە ئەکرد بۆ چاپ. نیشتمان بەسەر یەکەوە ٩ ژمارەی لێ دەرچوو. ژمارەی یەکەمی لە پووشپەڕی ١٣٢٢ بەرانبەر جولای ١٩٤٣ دەرچوو ......... ل٦٥_٦٧ حکومەتی کوردستان کورد لەگەمەی سۆڤیەتی دا: نەوشیروان مستەفا ئەمین ١٩٩٣

---

## کۆماری کورد ١٩٤٦

The Kurdish Republic of 1946 - William Eagleton Jr.
Oxford University Press 1963

ويليام ايغلتن الابن - جمهورية مهاباد - جمهورية ١٩٤٦ الكردية
ترجمة وتعليق جرجيس فتح الله المحامي

ـ دار الطليعة بيروت ـ ١٩٧٢

«له ٥ى شەهریوەری ١٣٢١دا كە دەكاتە ١٦ى ئەیلولی ١٩٤٢ى ڕۆژئاوایی كۆمەڵەیەكی بچووك كە سەر بە چینی ناوەند بوون لە شاری مەهاباد چوونە دەرەوە و ڕۆژی خۆلاوی ڕەزاتیەیان گرت و بۆ ئەوەی لەژێر درەختەكانی باخی حاجی داوود كە نزیك چەمی سابلاخە كۆبینەوە. بچوكترینیان بەتەمەن لاوێكی ١٩ ساڵان بوو كە ناوی ڕەحمان حەلەوی بوو لە قوتابخانەی دواناوەندی وورمێ دەرچووبوو. وە هەرە گەورەكەشیان كە دەوری پەنجا ساڵ دەبوو ناوی مەلا عەبدوڵلا داوودی بوو، تووتن فرۆش بوو. هەموویان ١٥ كەس بوون(١). لەو ڕۆژەدا كۆبوونەوە بۆ ئەوەی باسی گەلی كورد و دامەزراندنی حیزبێكی ڕامیاری كوردی بكەن.

(١)ناوی كەسەكان بەمجۆرە هاتووە:

عەبدولرەحمان حەلەوی ، محەممەدئەمین شەرەفی ، عەبدولرەحمان زەبیحی ، محەممەد نانەوازادە ، حوسێن فەروهەر«زرگری» ، عەبدولرەحمان ئیمینی ، قاسم قادری ، مەلا عەبدوڵلا داوودی ، قادر مودەڕیسی ، ئەحمەد عیلمی ، عەزیز زەندی ،محەممەد یاهو ، میرحاج خەڵكی عێراق لەگەڵیان بوو.

جەلال تالەبانی لە كتابەكەی «كردستان والحركة القومية الكردية ـ دار الطليعة، ص١٢٤

لە زمانی عەبدولرەحمان زەبیحی ناوی ئەو كەسانەی تۆماركردووە كە كۆبوونەتەوە لەگەڵ ناوەكانی «ویلیام ئیگلتن» جیاوازە، ناوی كەسەكان بەمجۆرە نووسراوە:

حەسەنی زرگری، ڕەحمان زەبیحی، عەبدولرەحمان ئیمامی، عەبدولقادر مودەڕیسی، ئەحمەددینی تەوحیدی، محەممەد نانەوازادە، عەلی مەحموودی، محەممەد ئەسحابی، عەبدولرەحمان كیانی، سەددینی حەیدەری، قاسم قادری، ژمارەشیان یازدە كەسە جگە لە میرحاج. .ص٦٦ـ ٦٧زێدەری «١».

---

• دكتۆر عەبدولرەحمان قاسملۆی شەهید لە كتابەكەی«چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی ـ كورتەیەك لە مێژوویی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران».

«بەرگی یەكەم ـ چاپی دووهەم ١٩٨٨(١٣٦٧)) لاپەرە ٢٧ ـ ٢٨ نووسیویە:

«ئەوەبوو كە یەكەم ڕێكخراوی بەهێزی سیاسی كوردی بەناوی «كۆمەڵەی ژ.ك» یان ((كۆمەڵەی ژیانەوەی كورد)) لە ناوچەی مەهاباد پێك هات . دامەزرێنەرانی كۆمەڵە یازدە كەس بوون كە لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١(١٦ی ئووتی ١٩٤٢) لە مەهاباد كۆبوونەوە و كۆمەڵەی «ژ.ك» یان پێك هێنا كە ئامانجی ڕزگاری نەتەوەی كورد بوو.«(١)

[١]دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ.ک ئەم یازدە کەسە بوون:
حوسێنی فرووهەر، عبدالرحمن زەبیحی، عبدالرحمن ئیمامی، عبدالقادر مودەڕڕیسی،
نجم‌الدین توحیدی، محەممەدی ناناوزادە، عەلی مەحموودی، محەممەدی ئەمینی،
عبدالرحمن کەیانی، سەدیق حەیدەری، قاسمی قادری.(د)
کۆمەڵە ڕێکخراوێکی نهێنی بوو و دواتریش هەر لە سەرەتاوە لە دامەزراندنی ئەو
ڕێکخراوەدا کوردی عێراقی بەشداربوون و نوێنەری ئەوان میرحاج ئەحمەد، کە
ئەفسەرێکی لەشکری عێراق بوو لەلایەن حیزبی هیوا وە لە یەکەم کۆبوونەوەی کۆمەڵەی
ژ.ک دا ئامادە بوو.

---

ژ.ک: کاف چبوو؟ چی دەویست؟ وە چی لێ بەسەرهات؟
کۆکراوەی: سەید موحەممەد سەمەدی. ١٣٦٠ی هەتاوی/ ٢٥٩٣ی کوردی/ ١٩٨١ی
زایینی ـ مەهاباد ـ لاپەڕەی ٩ـ٢١ وا نووسراوە:
داخەکەم تا بە ئەوڕۆ (ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی) لە تەواوی بناغە دانەرەکانی ئەو
ڕێکخراوە تەنیا سێ (٣) کەسیان زیندوو ماون: جەنابی مەلا قادر مودەڕڕیسی، کاک
سەدیق حەیدەری، وە موحەممەد یاهوو. تا کاتی ئامادەبوونی ئەو چەند لاپەڕە تەنیا
دەستم بە دوو کەسیان ڕاگەیشت جەنابی مەلا قادر مودەڕڕیسی، وەکاک
سەدیق حەیدەری. نووسراوی ئەو چەند لاپەڕە لە سەر چەند جەلسە و وت ووێژ
لەگەڵ ئەو دوو مرۆڤە بەڕێزە دامەزراوە.
سید محمد صمدی.

---

هەر لێرەوە، خوێنەری بەڕێز و
خۆشەویست، ئێوە لەگەڵ «مەلا قادر مودەڕڕیسی» بەتەنێ بەجێ دێڵم لەمەڕوو گوێتان
لە قسەکانی وی بێت:
...... لە ساڵی ١٣٠٦ی هەتاوی خوێندنی سەرەتاییم لە شاری سابڵاغ تەواوکرد.
وەزعی ئەو زەمانی مەهاباد زۆر سەیر بوو. خوێندنی دەرسی ئەدەبی دەرسی ئاینی
کارێکی دروست نەبوو. کە یەکێک چووبایە دەبیرستان (یولی ناوەندی) ئیدی
بەجارێک کافر دەبوو. کە بڕوای بە خرپوونی زەوی هەبا یان گوتبای ئەرز دەگەڕێ،
دەیان گووت = فلانە کەس گەڕاوەتەوە سەر شوێنی ئاور پەرستی! ئەڵبەت کەسانێکی
وەک (قازی عەلی) هەبوون ئەگەر چی پیاوێکی ئاینی بوو، زۆر ڕووناک بیر و
ئستجدا بوو. بەڵام لە بەرامبەری ویدا کۆنەپەرستی زۆر هەبوو کە باسیان ناکرێ.
بە هەزار خوێنی دڵ خواردن مەدرەسەیێکی ناوەندی لەو شارە دانرابوو. تەواوی کۆشش
بۆ وەی دەکرا کە ئەو دەبیرستانە داخرێ! یەکێک لە پیاوە بەناوبانگەکان بوو بە
کاندید بۆ ئەوەی ببێتە نوێنەری مەجلیس، ئەگەر چی هەرگیز نە بوو بە نوێنەر و

ئەجووە مەجلیس! بۆیان دەگوت کە ئێمە ئەو بەری کوشتنیان دەکەین کە تۆ وەسی بەرێوە و بچی بۆ مەجلیس. تۆش دەبێ بەڵێن بدەی کە هەر کەسێک ئازاری بەتەواوی بێ و ئاوتەوە حەول بدەی کە ئەو دەمیرسانە لەو شارە هەڵبگیرێ! جا وڵاتێک بەو ئەزاییەوە، دیارە کە بیروڕای سیاسیشیان چۆن دەبێت!

ئەو ڕۆژگارە، لە ئەمانی شێخ عوبەیدوڵڵا و دەوروو بەرێکانی ڕۆژگارێکی زۆر نەدەگوزەرا، وە ئەو مەسەلە زۆر کۆن نەبوو، وە شوێنی لەسەر خەڵک هەبوو. جا بۆیە جاروبار چەشنە کوششێکی سیاسی پێک دەهات، بەڵام بێ سازمان و بێ سەروبەرە و نەدەتوانین بلێین بزووتنەوەی گوڕ بەدی دەهات.

ئێمەش دەستەیەک لاوی خوێندەواربووین کە ئاورێکی بەتین لە دەروونماندا بڵێسەی هەبوو، بەڵام ئەو کات ڕێگەیەکی ڕووناکمان لەپێش نەبوو وە نەمان دەزانی چی بکەین. ئەو بیر و مەیلە لە ٢٥ی شەهریوەری ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی ڕێکەوتی ١٦ای سێپتامبری ١٩٤٢ شکڵی گرت. ئەو ڕۆژە لەگەڵ پۆلێک چووینە باغی ئەمینولئیسلامی کە هەر ئێستا نەخۆشخانەی ئیمارزە باسل‌ای مەهاباد لەوێ هەڵکەوتوە، وە لەوێ نوتفەی تەشکیلاتی ژ.ک.کاف گۆڕا. ئەو ڕێکخراوە شتێکی سەد دەر سەد (١٠٠٪) اوە خالیسی نەتەوایەتی بوو. مقیاس و معیار و پەیمانە بۆ ئەندامەتی لەو ڕێکخراوەدا تەنیا (کورد)بوون بوو.

مەبەستە بنەڕەتیەکانی کۆمەڵەی ژ.ک.کاف ئەوانە بوون :

١ـ بناغە دانەرانی ژ.ک.کاف لەڕوی تەجربە و ڕووداوە مێژوویەکان بۆیان دەرکەوتوە کە دەس بردن بۆ چەک غەیری چارەڕەشی و بەد بەختی بۆ گەلی کورد هیچ بەرهەمێکی دیکەی نیە، یانی دیتی بە چاو و بوون لە تاریخدا ئەو مەسەلەی بۆ سەلماندبووین بەتەسەلوکی.

٢ـ بناغە و ئەساسی کۆمەڵەی ژ.ک.کاف لەسەر ئەو ڕاستەقینەیە کە گرینگترین هەنگاو بردنە سەری سەتحی ئەرهەنگی گەلی کوردە یانی گرینگترین کوششی کۆمەڵە ژ.ک.کاف ئەوە دەبێت کە سەتحی ئەرهەنگی گەلی کورد بەرێتە سەرێ تا ئەو گەلە لایقی ئازادی بێت و ئامادەی وەدەس هێنانی مافی خۆی بێت.

٣ـ لە ڕوانگەی دیانەتەوە = لەبەر ئەوەی کە «دینی ئیسلام» زیاتر لە هەزار ساڵە تێکەڵ بەژیانی ماددی و مەعنەوی گەلی کورد بوە، بەبەشێک لە ئەرهەنگی گەلی کورد حیساب دەکرێ وە ژ.ک.کاف ڕێزێکی تایبەت بۆ ئەو ئایینە پیرۆزە دادەنێ. تەواوی ئەو کەسانەی دەبوونە ئەندامی ژ.ک.کاف بە «قورئانی»ـ سوێند دەدران. کوردی شیعە، کوردی ئاوریەپەرست، کوردی یەزیدی، کوردی شەیتان پەرست، وە .... دەیان توانی ببنە ئەندامی ژ.ک.کاف، تەنیا جیاوازی وانە لەگەڵ ئەوانی دی ئەوەبوو کە لەکاتی سوێند دان دا، ئەو ئاقیمە بە کتێبی ئاسمانی خۆیان، یان هەر شتێکی کە لای وان موقەددەس بوو، سوێند دەدران.

ـ چوار دەستە (ئاڵقە)دەیان توانی ببنە ئەندامی ژ.ک.کاف بەڵام هەرگیز نەیان دەتوانی بەپلەی سەرۆکی ژ.ک.کاف بگەن، ئەو چوار دەستەش بریتی بوون لە: ئاغا، شێخ، مەلا، وسەید. خۆی ئەو کارەش جوان دیاربوو کە چیە، لە ئیرحەمناوەردا هەتەیان زۆر بوو ئەو چوار دەستەیە دانابوو کە چەشنێک دەیکتاتۆریە سەیر لە کوردایەتی بەدەس هات بوو، هەر ئەوەش بەس بوو بۆ ئەوەی کە بەتوانن بە پلەی سەرۆکی بگەن. ئەوجار بزووتنەوەی چەکدارانەش تەنیا زەمانێک تێئەبینێ دەکرا کە هەم پلەی فەرهەنگی گشتی تا ڕادەی پێویست چووبایە سەرێ وە ڕێکخراویش ئەوەندە بەهێزبایە وە پەیوەندی لەگەڵ تەواوی ناوچەکانی کوردوستانی گەورە ئەوەندە بایە کە لەیەک کاتدا وەها و ئاهەنگ لە کوردستانی ئێران ـ عێراق ـ تورکیە ـ سوریا، ڕاپەڕین دەستی پێ کرد با، چوونکوو ئەوەش ئامانجێکی زۆر نزیک نەبوو، زۆری خەرجی ماندوو ئەدەکرا.

کەسێک کە دەبوو ئەندامی ژ.ک.کاف، هەوەڵێ دەچوو حەمامی وە لە ڕوانگەی ئاینی وەخۆی خاوێن دەکردەوە، ئەوجار دەهاتە لای سێ(٣) کەس، وەلەلای وان حەوت جاری بە قورئان سوێند، بۆ وە بەر چاوگرتنی ئەو شەش مەبەستانە دەخوارد:

١)خەیانەت بەنەتەوەی کورد ناکات.

٢)کۆشش بۆ خود موختاری کوردان بکات.

٣)هیچ ڕازێکی ڕێکخراوە، نەبەزمان، نەبەقەڵەم، نە بە ئیشارە ئاشکرا ناکات.

٤)هەتا ئاخری عومری هەر ئەندام بێت.

٥)تەواوی پیاوانی کورد بەبرای خۆی وە تەواوی ژنانی کورد بە خوشکی خۆی بزانێ.

٦)بە بێ ئیزنی کۆمەڵەی ژ.ک.کاف نە ببێتە ئەندامی هیچ ڕێکخراو و دەستەیەکی تر.

وە غەیری ئەو سێ کەسەش، کەسێکی دیکەی نەدەناسی. بوونی مەعنەویەت و نیشانی ڕاستەقینە، خۆی زەمانەتێکی زۆرباش بوو، وە زۆر بوون کەسانێکی کە هەتا دواهەمین هەناسەکانی ژیانیان، بەهیچ قیمەتێک لەو پەیمانە یان لایان نەدا. لە ماوەیەکی زۆر کەمدا ژ.ک.کاف لە ماکۆ را تا کرماشانی گرتە ژێر نفووزی خۆی، وە بڵاوبوونەوەی بە ڕاستی سەر سوورهێنەر بوو. کاروباری تەواو نهێنی بوو، بە وێنەی ئەم ڕۆژیەکان دەکرێ بڵێم دژێر زەمینی بوو. دروشمی ژ.ک.کاف ناوێک (هەتاو) بوو کە بە لاتین دوو پیتی (ژ.ک) لە ناوەڕاستەکەی دا نووسرابوو.

## پیاغە دانەرەکان ئەوانە بوون:

١)موحەممەد نانەوازاد

٢ـ ڕەحمان زەبیحی

٣ حوسێن فرووهەر

٤ عەبدولڕەحمان ئیمامی

٥ قاسم قادری، هەزار ڕەحمەت لە گیانی ئەت کوردی وا هەر ئەبوو

٦ـ مەلا عەبدوڵڵای داودی مەشهوور بە مەلای حەجۆکی
٧ـ مرحەمەدە باخوو
٨ـ بۆخۆم (مەبەست مەلا قادرە)
٩ـ سەدیق حەیدەری
١٠ـ عەبدولرەحمان گەدایی
١١ـ وە میر حەمەی عیراقیش لە پێنگ هاتنی لورجم (لرنلدای ژن.کاف) وا لەوێ بوو.
وە رەئیسی ژن.کاف لەگەڵ میرزا حیوای عیراق، سەعیدی حەمە قالەی پێشانچی بوو، کە بەرانسی بۆ قایەی رەحمەت دەکێشا. ماوەی دوو ساڵان، دەموستێن فەرهەری (موستەی زەرەتگەران) رێسی کۆمەڵەی ژن.کاف بوو.
یەک یەکی ئەندامەکانی ئامادەی هەموو چەشنە گیان بەخت کردنێک بوون، هەر کارێکی بۆیان ئەسپێردرایا، هەر لایان وابوو خودا خەتی کردوون. یەکێک بەرق کرا بۆ عیراق واهات کە لەوێ گیراوە تووشی ئەشکەنجە و ئالێنگی زۆرهات لە پاش ماوەیەکی درێژ کە گەڕایەوە مەهاباد، هەمیشە ئەو ماوە زیندانەی بە خۆشترین کاتی ژیانی دەزانی و شانازی پێوە دەکرد. هەژار رەحمەت لە قەبرەکەی سۆڵی مرحەمەدە برای عەلی رێحانی بۆ مەئموورییەت چوو بۆ عیراقی لە رێگەی گەڕانەوەدا، کە زستانێکی زۆر سەخت بوو، گورگ خواردی. تا ئەوڕۆ نەبوو کە دەستەیەک ئاوا بەگەرمی و بەرانسی و بە تێسامەوە بۆ گەلی خۆیان حەولدەن....هتد.

((ئێمە تەنیا مەبەستمان ژ.ک بوو بۆیە هەر ئەوەندە لە یەیلە بەرخەکانی مامۆستا مەلاقادر مودەڕڕیسی بڵاو دەکەینەوە، بۆ ووتەکانی مامۆستا سەدیق حەیدەری تەنها ئەوەندە بڵاودەکەینەوە کە مامۆستا ناز ناوی میرزا دسەید عەزیزە بوو.)).

بەگوێرەی سەرچاوەکان دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک)(J.K) ئەمانەن:

١. عەبدولڕەحمان زەبیحی (ئینگلتن، مەلاقادر، جەلال، قاسملۆ)
٢. محەمەد نانەوازادە (ئینگلتن، مەلاقادر، جەلال، قاسملۆ)
٣. حوسێن فروهەر زەرگری (ئینگلتن، مەلاقادر، جەلال، قاسملۆ)
٤. عەبدولڕەحمان ئیمامی (ئینگلتن، مەلاقادر، جەلال، قاسملۆ)
٥. قاسم قادری (ئینگلتن، مەلاقادر، جەلال، قاسملۆ)
٦. قادر مودەڕیسی (ئینگلتن، مەلاقادر، جەلال، قاسملۆ)
٧. میرحاج (ئینگلتن، مەلاقادر، جەلال، قاسملۆ)
٨. عەبدولڕەحمان کیانی (جەلال، قاسملۆ، مەلاقادر)
٩. سەدیق حەیدەری (جەلال، قاسملۆ، مەلاقادر)
١٠. عەبدولڕەحمان حەلەوی (ئینگلتن)
١١. محەمەدئەمین شەرەفی (ئینگلتن)
١٢. ئەحمەد عیلمی (ئینگلتن)
١٣. عەزیز زەندی (ئینگلتن)
١٤. مەلا عەبدوڵڵا داوودی (ئینگلتن، مەلاقادر)
١٥. محەمەد یاهو (ئینگلتن، مەلاقادر)
١٦. ئەحمەددین تەوحیدی (جەلال، قاسملۆ)
١٧. عەلی مەحموودی (جەلال، قاسملۆ)
١٨. محەمەد ئەسحابی (جەلال، قاسملۆ)

# پاشکۆی

# ژمارە

# (٢)

# کۆنگرەی یەکەمی پارتی دیموکراتی کورد ـ عێراق

## (کۆنگرەی دامەزراندن)

کۆنگرەی یەکەم لە بەغدا لە ١٦ ئابی ١٩٤٦ بەسترا، نزیکەی ٣٢ نوێنەر ئامادەبوون ، دانیشتنی یەکەمی کۆنگرە لە ماڵی «سەعید فەهیم» بوو رپاشان لە ماڵی (عەلی حەمدی)، وە لە دوا دانیشتن دەنگدان کرا و لە ئەنجامدا کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی هەڵبژێردرا کە ئەمانە بوون:

١. مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی
٢. شێخ لەتیف شێخ مەحمود جێگری یەکەمی سەرۆکی پارتی
٣. کاکە زیاد ئاغا جێگری دووەمی سەرۆکی پارتی
٤. هەمزە عەبدوڵلا
٥. میرحاج ئەحمەد
٦. دکتۆر جەعفەر محەمەد کەریم
٧. عەلی عەبدوڵلا
٨. سالح یوسفی
٩. عەبدولکەریم توفیق
١٠. رەشید قادر
١١. رەشید باجەلان
١٢. مەلا حەکیم خانەقینی
١٣. عەونی یوسف
١٤. ئەغا محێد دین مەعرووف
١٥. مستەفا خۆشناو
١٦. عەبدولسەمەد محەمەد، جێگری ک.ن یەکەم.

وە کۆمیتەی دەفتەری سیاسی لە کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و ئەمانە بوون:

١. هەمزە عەبدوڵلا سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی
٢. دکتۆر جەعفەر محەمەد کەریم
٣. عەلی عەبدوڵلا
٤. عەبدولکەریم تۆفیق
٥. رەشید عەبدولقادر.

---

کۆنگرەی دووەمی پارتی لە ئاداری ١٩٥١ لە ماڵی شەهید عەلی حەمدی لە بەغدا بەسترا وە کۆمیتەی ناوەندی ئەوانەی کۆنگرەی پێشوو جارێکی تر هەڵبژێردرانەوە و ئەمانەش هەڵبژێردران:

١. ئیبراهیم ئەحمەد
٢. نوری شاوەیس
٣. جەلیل هۆشیار
٤. عومەر مستەفا
٥. بەکر ئیسماعیل
٦. محەمەد مەعرووف.

---

کۆنگرەی سێیەمی پارتی لە ٢٦ کانونی دووەمی ١٩٥٣ لە شاری کەرکوک بەنهێنی بەسترا وە هەروەها بڕیاردرا کە ناوی پارتی لە « پارتی دیموکراتی کورد - عێراق» بگۆڕدرێ بۆ « پارتی دیموکراتی کوردستان - عێراق» هەروەها ناوی ڕۆژنامەی «ڕزگاری» گۆڕدرا بۆ «خەباتی کوردستان» و لیژنەی ناوەندیش بەم شێوەیەی خوارەوە هەڵبژێردرا:

١. مەلا مستەفا بارزانی - سەرۆک
٢. میرحاج ئەحمەد
٣. دکتۆر جەعفەر عەبدولکەریم
٤. ئیبراهیم ئەحمەد
٥. نوری شاوێس
٦. عەلی عەبدوڵڵا
٧. نوری ئەحمەد تەها
٨. جەلال تالەبانی
٩. عومەر مستەفا
١٠. عەلی حەمدی
١١. ڕەشید قادر
١٢. محەممەدئەمین مەعرووف
١٣. جەلیل هۆشیار

وە لەساڵی ١٩٥٦ هەمزە عەبدوڵڵا و هاوڕێیەکانی هاتنە ناو پارتی کە ناوی «لایەنی پێشکەوتووخوازەی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق یان لە خۆ نابوو. پاش تێکەڵبوونەوەیان ناوی پارتییان گۆڕی بۆ (پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان» وەهەروەها لە ساڵی ١٩٥٧ سەرکردایەتی لقی کوردستانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق هاتنە ناو پارتی کە سالح حەیدەری و حەمید عوسمان و کەمال فوئاد بوون. پاش تێکەڵاو بوون کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستانی عێراق بەم شێوەیەبوو:

١. ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی
٢. نوری شاوێس
٣. عەلی عەبدوڵڵا
٤. جەلال تالەبانی
٥. هەمزە عەبدوڵڵا
٦. عومەر مستەفا دەبابە
٧. محەممەدئەمین مەعرووف
٨. حەمە کەریم فەتحوڵڵا
٩. نەژاد ئەحمەد عەزیز
١٠. خەسرۆ تۆفیق
١١. حەمید عوسمان
١٢. سالح حەیدەری
١٣. کەمال فوئاد.

هەروەها دەفتەری سیاسی ئەمانە هەڵبژێردران:

١. ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری لیژنەی ناوەندی
٢. سالح حەیدەری
٣. جەلال تالەبانی
٤. هەمزە عەبدوڵڵا
٥. حەمید عوسمان.

---

کۆنگرەی چوارەمی پارتی لە ٥ـ٧/١٠/١٩٥٩ لە بەغدا بەسترا و بۆیەکەم جار لەمێژووی دامەزرانی پارتی دا مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی لە کۆنگرەدا بەشدار بوو. گرنگترین بریاری ئەم کۆنگرەیەش دەرکردنی ئەندامانی دەفتەری سیاسی بوو ئەمانیش ئەمانە بوون:

حەمزە عەبدوللا و حەمید عوسمان و سالح حەیدەری و نەژاد ئەحمەد عەزیز و خەسرۆ تۆفیق و حەمە کەریم فەتحوللا و سالح رۆشدی.

هەروەها بریار درا کە ناوی پارتی بگۆڕن بۆ ناوی پێشوو واتە(پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق) وە بەدەنگی گشتی مستەفا بارزانی هەڵبژێردرا بە سەرۆکی پارتی و ئەمانەش بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران:

١. ئیبراهیم ئەحمەد ٢. نوری شاوەیس

٣. عەلی عەبدوللا ٤. عومەر مستەفا

٥. جەلال عەبدولرەحمان ٦. ئەحمەد عەبدوللا ئامێدی

٧. عەونی یوسف ٨. سەید عەزیز شەمزینی

٩. نوری ئەحمەد تەها ١٠. دوکتۆر موراد

١١. مەلا عەبدوللا ئیسماعیل.

کۆنگرە بۆ یەکەمجار لێژنەی چاودێری و پشکنینی بەرزی هەڵبژارد کە ئەمانە بوون: شەمسەددین موفتی و حەبیب محەممەد کەریم و عەلی عەسکەری و یەدوللا کەریم و زەکیە ئیسماعیل حەقی. ناوی جەلال تالەبانی لە سەرکردایەتی تازە بڵاونەکرایەوە چونکە لە سەربازی عێراقی بوو بەڵام کاری حزبایەتی دەکرد.

---

کۆنگرەی پێنجەمی پارتی لە ئایار ـ مایسی سالی ١٩٦٠ لە بارەگای پارتی لە ناوچەی سەعدوون لە بەغدا بەسترا. دەستەی دامەزرێنەر لەکاتی خۆیدا داواکاریەکیان بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی کارکردن پێشکەش کرد کە لەمانە پێک هاتبوو: مستەفا بارزانی، ئیبراهیم ئەحمەد، عومەر مستەفا، عەلی عەبدوللا، نوری شاوەیس، شەمسەددین موفتی، عەلی عەسکەری، مەلا عەبدوللا ئیسماعیل، ئیسماعیل عارف، جەلال عەبدولرەحمان.

کۆنگرە ئەمانەی خوارەوەی بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژارد:

١. مستەفا بارزانی ـ سەرۆکی پارتی

٢. ئیبراهیم ئەحمەد ٣. نوری شاوەیس

٤. عەلی عەبدوللا ٥. نوعمان عیسا

٦. عومەر مستەفا ٧. سالح یوسفی

٨. عەونی یوسف ٩. ئامینە شێخ سەلام

١٠. جەلال عەبدولرەحمان
١١. ئەحمەد عەبدوڵڵا ئامێدی
١٢. هاشم عەقراوی
١٣. مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل
١٤. عەلی حەمدی
١٥. عەلی عەسکەری
١٦. دکتۆر موراد
١٧. حیلمی عەلی شەریف.

هەروەها سەید عەزیز شەمزینی و نووری ئەحمەد تەها و جەلال تاڵەبانی بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران بەبێ ئەوەی ناوەکانیان ڕابگەیەندرێ چونکە ئەفسەر بوون لە لەشکری عێراقی.

هەروەها ئەمانەش هەڵبژێردران بۆ لیژنەی چاودێری و پشکنین:

حەبیب محەمەد کەریم ، عەباس حوسێن، جەمال شالی، یەدوڵڵا کەریم، ئەحمەددین یوسفی.

---

کۆنگرەی شەشەمی پارتی لە شاری قەڵادزێ لە سەرەتای تەمووزی ١٩٦٤ بەسترا. یەکێک لە بڕیارەکانی کۆنگرە دەرکردنی هەندێک لە سەرکردایەتی پێشووی پارتی بوو. وە بە دەنگی گشتی بارزانی بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرا و ئەمانەش بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران:

١. حەبیب محەمەد کەریم
٢. دکتۆر مەحموود عوسمان
٣. سالح یوسفی
٤. عەزیز عەقراوی
٥. دکتۆر فوئاد جەلال
٦. یەدوڵڵا کەریم
٧. عەلی سنجاری
٨. عەبدولحوسێن فەیلی
٩. ئیسماعیل عارف
١٠. هاشم عەقراوی
١١. ئیسماعیل مەلا عەزیز
١٢. شێخ محەمەد هەرسێنی
١٣. مستەفا قەرەداغی
١٤. محەمەدئەمین محەمەد عەلی
١٥. عومەر شەریف
١٦. ڕەمەزان عەقراوی.

---

کۆنگرەی حەوتەمی پارتی لە گەڵاڵە لە ١٩٦٦/١١/١٥ بەسترا ، مستەفا بارزانی بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرا و ئەمانەش بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران:

١. حەبیب محەمەد کەریم
٢. دکتۆر مەحموود عوسمان    ٣. سالح یوسفی
٤. نووری شاوەیس و ٥. عەلی عەبدوڵڵا دەجارێکی تر بۆ سەرکردایەتی پارتی هەڵبژێردرانەوە لەبەر ئەوەی وازیان لە سەرکردایەتی پێشووی دەرکراو هێنا.
٦. محەمەد مەحموود عەبدولرەحمان (سامی)
٧. شەوکەت عەقراوی    ٨. ئەحمەد جەرجیس

# پاشکۆی

# ژمارە

# (٢)

# کۆنگرەی یەکەمی پارتی دیموکراتی کورد ـ عێراق

## (کۆنگرەی دامەزراندن)

کۆنگرەی یەکەم لە بەغدا لە ١٦ ئابی ١٩٤٦ بەسترا، نزیکەی ٣٢ نوێنەر ئامادەبوون، دانیشتنی یەکەمی کۆنگرە لە ماڵی « سەعید فەهیم » بوو دواییشان لە ماڵی (عەلی حەمدی)، وە لە دوا دانیشتن دەنگدان کرا و لە ئەنجامدا کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی هەڵبژێردرا کە ئەمانە بوون:

١. مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی
٢. شێخ لەتیف شێخ مەحموود جێگری یەکەمی سەرۆکی پارتی
٣. کاکە زیاد ئاغا جێگری دووەمی سەرۆکی پارتی
٤. هەمزە عەبدوڵلا
٥. میرحاج ئەحمەد
٦. دکتۆر جەعفەر محەمەد کەریم
٧. عەلی عەبدوڵلا
٨. سالح یوسفی
٩. عەبدولکەریم توفیق
١٠. رەشید قادر
١١. رەشید باجەلان
١٢. مەلا حەکیم خانەقینی
١٣. عەونی یوسف
١٤. ئەغا محێدین مەعرووف
١٥. مستەفا خۆشناو
١٦. عەبدولسەمەد محەمەد، جێگری ک.ن یەکەم.

وە کۆمیتەی دەفتەری سیاسی لە کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و ئەمانە بوون:

١. هەمزە عەبدوڵلا سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی
٢. دکتۆر جەعفەر محەمەد کەریم
٣. عەلی عەبدوڵلا
٤. عەبدولکەریم تۆفیق
٥. رەشید عەبدولقادر.

---

**کۆنگرەی دووەمی پارتی** لە ئاداری ١٩٥١ لە ماڵی شەهید عەلی حەمدی لە بەغدا بەسترا وە کۆمیتەی ناوەندی ئەوانەی کۆنگرەی پێشوو جارێکی تر هەڵبژێردرانەوە و ئەمانەش هەڵبژێردران:

١. ئیبراهیم ئەحمەد
٢. نوری شاوەیس
٣. جەلیل هوشیار
٤. عومەر مستەفا
٥. بەکر ئیسماعیل
٦. محەمەد مەعرووف.

---

کۆنگرەی سێیەمی پارتی لە ٢٦ کانونی دووەمی ١٩٥٣ لە شاری کەرکوک بەنهێنی بەسترا وە هەروەها بڕیاردرا کە ناوی پارتی لە « پارتی دیموکراتی کورد - عێراق» بگۆڕدرێ بۆ « پارتی دیموکراتی کوردستان - عێراق» هەروەها ناوی رۆژنامەی «رزگاری» گۆڕدرا بۆ «خەباتی کوردستان» و لیژنەی ناوەندیش بەم شێوەیەی خوارەوە هەڵبژێردرا:

١. مەلا مستەفا بارزانی - سەرۆک

٢. میرحاج ئەحمەد | ٣. دکتۆر جەعفەر عەبدولکەریم
٤. ئیبراهیم ئەحمەد | ٥. نوری شاوەیس
٦. عەلی عەبدوڵڵا | ٧. نوری ئەحمەد تەها
٨. جەلال تاڵەبانی | ٩. عومەر مستەفا
١٠. عەلی حەمدی | ١١. رەشید قادر
١٢. محەممەدئەمین مەعرووف | ١٣. جەلیل هۆشیار

وە لەساڵی ١٩٥٦ هەمزە عەبدوڵڵا و هاوڕێیەکانی هاتنە ناو پارتی کە ناوی «لایەنی پێشکەوتووخوازەی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق یان لە خۆ نابوو، پاش تێکەڵبوونەوەیان ناوی پارتییان گۆڕی بۆ (پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان» وەهەروەها لە ساڵی ١٩٥٧ سەرکردایەتی لقی کوردستانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق هاتنە ناو پارتی کە سالح حەیدەری و حەمید عوسمان و کەمال فوئاد بوون، پاش تێکەڵاو بوون کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستانی عێراق بەم شێوەیە بوو:

١. ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی

٢. نوری شاوەیس | ٣. عەلی عەبدوڵڵا
٤. جەلال تاڵەبانی | ٥. هەمزە عەبدوڵڵا
٦. عومەر مستەفا «دەبابە» | ٧. محەممەدئەمین مەعرووف
٨. حەمە کەریم لەتحوڵڵا | ٩. نەژاد ئەحمەد عەزیز
١٠. خەسرۆ تۆفیق | ١١. حەمید عوسمان
١٢. سالح حەیدەری | ١٣. کەمال فوئاد.

هەروەها دەفتەری سیاسی ئەمانە هەڵبژێردران:
١. ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری لیژنەی ناوەندی

٢. سالح حەیدەری | ٣. جەلال تاڵەبانی
٤. هەمزە عەبدوڵڵا | ٥. حەمید عوسمان.

---

کۆنگرەی چوارەمی پارتی لە ٥-٧/١٠/١٩٥٩ لە بەغدا بەسترا و بۆیەکەم جار لەمێژووی دامەزرانی پارتی دا مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی لە کۆنگرەدا بەشدار بوو . گرنگترین بڕیاری ئەم کۆنگرەیەش دەرکردنی ئەندامانی دەفتەری سیاسی بوو ئەمانیش ئەمانە بوون:
هەمزە عەبدوڵڵا و حەمید عوسمان و سالح حەیدەری و فوئاد ئەحمەد عەزیز و خەسرۆ تۆفیق و حەمە کەریم فەتحوڵڵا و سالح ڕوشدی.
هەروەها بڕیار درا کە ناوی پارتی بگۆڕن بۆ ناوی پێشوو واتە(پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق) وە بەدەنگی گشتی مستەفا بارزانی هەڵبژێردرا بە سەرۆکی پارتی و ئەمانەش بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران:

١. ئیبراهیم ئەحمەد
٢. نوری شاوەیس
٣. عەلی عەبدوڵڵا
٤. عومەر مستەفا
٥. جەلال عەبدولڕەحمان
٦. ئەحمەد عەبدوڵڵا ئامێدی
٧. عەونی یوسف
٨. سەید عەزیز شەمزینی
٩. نوری ئەحمەد تەها
١٠. دکتۆر موراد
١١. مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل.

کۆنگرە بۆ یەکەمجار لیژنەی چاودێری و پشکنینی بەرزی هەڵبژارد کە ئەمانە بوون: شەمسەددین موفتی و حەبیب محەممەد کەریم و عەلی عەسکەری و یەدوڵڵا کەریم و زکیە ئیسماعیل حەقی. ناوی جەلال تاڵەبانی لە سەرکردایەتی تازە بڵاونەکرایەوە چونکە لە سەربازی عێراقی بوو بەڵام کاری حزبایەتی دەکرد.

---

کۆنگرەی پێنجەمی پارتی لە ئایار ـ مایسی ساڵی ١٩٦٠لە بارەگای پارتی لە ناوچەی سەعدوون لە بەغدا بەسترا . دەستەی دامەزرێنەر لەکاتی خۆیدا داواکاریەکیان بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی کارکردن پێشکەش کرد کە لەمانە پێک هاتبوو: مستەفا بارزانی ، ئیبراهیم ئەحمەد ، عومەر مستەفا ، عەلی عەبدوڵڵا ، نوری شاوەیس ، شەمسەددین موفتی ، عەلی عەسکەری ، مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل ، ئیسماعیل عارف ، جەلال عەبدولڕەحمان .
کۆنگرە ئەمانەی خوارەوەی بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژارد:

١. مستەفا بارزانی ـ سەرۆکی پارتی
٢. ئیبراهیم ئەحمەد
٣. نوری شاوەیس
٤. عەلی عەبدوڵڵا
٥. نوعمان عیسا
٦. عومەر مستەفا
٧. سالح یوسفی
٨. عەونی یوسف
٩. ئاکیدە شێخ سەلام

١٠. جەلال عەبدولرەحمان
١١. ئەحمەد عەبدوڵڵا ئامێدی
١٢. هاشم عەقراوی
١٣. مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل
١٤. عەلی حەمدی
١٥. عەلی عەسکەری
١٦. دکتۆر موراد
١٧. حیلمی عەلی شەریف.

هەروەها سەید عەزیز شەمزینی و نووری ئەحمەد تەها و جەلال تاڵەبانی بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران بەبێ ئەوەی ناوەکانیان رابگەیەندرێ چونکە ئەفسەر بوون لە لەشکری عێراقی.

هەروەها ئەمانەش هەڵبژێردران بۆ لیژنەی چاودێری و پشکنین:
حەبیب محەمەد کەریم ، عەباس حوسێن، جەمال شالی، یەدوڵڵا کەریم، ئەحمەددین یوسفی.

---

کۆنگرەی شەشەمی پارتی لە شاری قەڵادزێ لە سەرەتای تەمووزی ١٩٦٤ بەسترا. یەکێک لە بڕیارەکانی کۆنگرە دەرکردنی هەندێک لە سەرکردایەتی پێشووی پارتی بوو. وە بە دەنگی گشتی بارزانی بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرا و ئەمانەش بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران:

١. حەبیب محەمەد کەریم
٢. دکتۆر مەحموود عوسمان
٣. سالح یوسفی
٤. عەزیز عەقراوی
٥. دکتۆر فوئاد جەلال
٦. یەدوڵڵا کەریم
٧. عەلی سنجاری
٨. عەبدولحوسێن فەیلی
٩. ئیسماعیل عارف
١٠. هاشم عەقراوی
١١. ئیسماعیل مەلا عەزیز
١٢. شێخ محەمەد هەرسین
١٣. مستەفا قەرەداغی
١٤. محەمەدئەمین محەمەد عەلی
١٥. عومەر شەریف
١٦. رەمەزان عەقراوی.

---

کۆنگرەی حەوتەمی پارتی لە گەڵاڵە لە ١٩٦٦/١١/١٥ بەسترا ، مستەفا بارزانی بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرا و ئەمانەش بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران:
١. حەبیب محەمەد کەریم
٢. دکتۆر مەحموود عوسمان ٣. سالح یوسفی
٤. نووری شاوەیس و ٥. عەلی عەبدوڵڵا دەجارێکی تر بۆ سەرکردایەتی پارتی هەڵبژێردرانەوە لەبەر ئەوەی وازیان لە سەرکردایەتی پێشووی دەرکراو هێنا.
٦. محەمەد مەحموود عەبدولرەحمان (سامی)
٧. شەوکەت عەقراوی ٨. ئەحمەد جەرجیس

٩. شەفیق ئەمین
١٠. یەدوڵلا کەریم
١١. مەجید ئەترووشی
١٢. فاتیح محەممەد ئەمین
١٣. عەزیز عەقراوی
١٤. ئیسماعیل مەلا عەزیز
١٥. عەلی سنجاری
١٦. هاشم عەقراوی.

---

کۆنگرەی هەشتەمی پارتی لە ناوپردان لە ١٩٧٠/٧/١ بەسترا. مەسعود بارزانی بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرا و ئەمانەش بۆ سەرکردایەتی تازە هەڵبژێردران:

١. حەبیب محەممەد کەریم
٢. دکتۆر مەحموود عوسمان
٣. ئیدریس بارزانی
٤. مەسعود بارزانی
٥. ساڵح یوسفی
٦. عەلی عەبدوڵلا
٧. نوری شاوەیس
٨. سامی
٩. هاشم عەقراوی
١٠. ئیسماعیل مەلا عەزیز
١١. عەزیز عەقراوی
١٢. فاخیر مێرگەسووری
١٣. فارس باوە
١٤. رەشید سندی
١٥. شەکیب عەقراوی
١٦. عەبدولوەهاب ئەترووشی
١٧. عەلی سنجاری
١٨. یەدوڵلا کەریم
١٩. دارا تۆفیق
٢٠. عەبدول مزوری
٢١. سدیق ئەفەندی
٢٢. نوعمان عیسا
٢٣. زەکیە ئیسماعیل حەقی.

---

کۆنگرەی نۆیەمی پارتی لە ١٩٧٩/١١/٤ لە سنووری ئێران و تورکیا، بەسترا. مەسعود بارزانی بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرا و ئەمانەش بۆ سەرکردایەتی پارتی هەڵبژێردران:

١. عەلی عەبدوڵلا
٢. نوری شاوەیس
٣. ئیدریس بارزانی
٤. فازیل مۆتنی (میرانی)
٥. ئەلەگەددین کاکەیی
٦. رەشید عارف
٧. محەممەد مەلا قادر
٨. خورشید شێرە
٩. د. جەرجیس حەسەن
١٠. د. رۆژ نوری شاوەیس
١١. زانیس عەبدوڵلا سەدیق
١٢. مەلازم عەلی
١٣. مەلازم یونس رۆژبەیانی
١٤. مەلازم جەعفەر سندی
١٥. حەمید بەرواری
١٦. محەممەد ساڵح جومعە
١٧. ئازاد محەممەد نەجیب بەرواری
١٨. ئازاد قەرەداغی

١٩. هۆشیار مەحموود زێباری
٢٠. د. محەممەد سدیق دۆسکی
٢١. د. سەعید ئەحمەد ئاغا بارزانی *
* رۆژنامەی خەبات ، ژمارە ٦٣٢ یەکشەممە ١٦/٨/١٩٩٢.

---

## کۆنگرەی دەیەمی پارتی لە سەرگەلوو لە ٢ـ١٢/١٢/١٩٨٩ بەسترا. (٣٣٢) نوێنەر بەشدار بوون:

مەسعود بارزانی بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرا و . ئەمانەش بۆ سەرکردایەتی تازە هەڵبژێردران:

١. عەلی عەبدوڵلا
٢. نێچیرڤان بارزانی
٣. جەرجیس حەسەن
٤. جەوهەر نامیق
٥. د.رۆژ نووری شاوەیس
٦. هۆشیار زێباری
٧. فازیل میرانی (میرانی)
٨. عەبدولرەحمان بارزانی
٩. فەلەکەددین کاکەیی
١٠. حەمید ئەفەندی
١١. مەسعوود سالەیی
١٢. ڕێبوار یەڵدا
١٣. عیزەددین بەرواری
١٤. ئازاد قەرەداغی
١٥. کەمال کەرکوکی
١٦. عومەر ناسراو بە زەعیم عەلی
١٧. پیرۆت ئەحمەد
١٨. قادر قادر
١٩. قادر عەبدولعەزیز
٢٠. د. عەلی بابان
٢١. د.محەممەد سالح جومعە. *

* رۆژنامەی صدی کردستان العدد ٣٩ اواخر کانون الثانی ١٩٩٠ وە خەبات ژمارە ٦٣٢ یەکشەممە ١٦/ ٨/ ١٩٩٢

---

## کۆنگرەی یانزەی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ یەکگرتوو لە هۆڵی زۆرە لە شاری ـ هەولێر ـ لە ٢٣ـ ٢٦/٨/١٩٩٣ بەسترا.

ژمارەی ئەندامانی کۆنگرە ٢١٦٧بوو. وە ژمارەی پاڵێوراوان ١٦٤ کەس بوو ـ لە ئەنجامدا ٣٧ کەس بۆ سەرکردایەتی تازە هەڵبژێردران و مەسعود بارزانی بەسەرۆک و عەلی عەبدوڵلا بە جێگری سەرۆک بە تێکرای دەنگ هەڵبژێردران. ئەمانەش بۆ سەرکردایەتی تازە هەڵبژێردران:

١. نێچیرڤان بارزانی
٢. سامی عەبدولرەحمان
٣. جەوهەر نامیق
٤. هۆشیار زێباری
٥. فازیل میرانی (موتنی)
٦. مەلازم یونس رۆژبەیانی
٧. ئەردەڵان خەیری
٨. د.رۆژ نووری شاوەیس

٩. قادر قادر
١٠. ماموستا سەعد
١١. عەزەددین بەرواری
١٢. محەممەد حاجی مەحموود
١٣. کەریم سنجاری
١٤. د. جەرجیس حەسەن
١٥. د. کەمال کەرکوکی
١٦. عەلی سنجاری
١٧. قادر جەباری
١٨. ملازم شوان
١٩. سەید کاکە
٢٠. عومەر بوتانی
٢١. ئازاد بەرواری
٢٢. جەلیل فەیلی
٢٣. شەوکەت شێخ یەزدین
٢٤. عومەر عوسمان
٢٥. سەلاح دەلو
٢٦. یوسف نووری شاوێس
٢٧. ڕەمزی شەعبان
٢٨. ملازم کەریم
٢٩. دەرویش ئاغا
٣٠. ڕەحیم عەلی
٣١. عەبدولعەزیز تەیب
٣٢. نیزامەددین گلی
٣٣. عارف تەیفوور
٣٤. مەسعوود سالەیی
٣٥. محەممەد مەلا قادر
٣٦. عەبدوللا ئاگرین
٣٧. شیرین ئیبراهیم.

ئەمانەش بوونە جێگری کۆمیتەی ناوەندی:
١. مەحموود محەممەد مەحموود ٢. زێرەڤان ئێرەدینی ٣. ماموستا ئەمین
٤. د. ناسیح غەفوور ٥. ئەکبەر حەیدەر ٦. ئازاد قەزالی
٧. بارزان مەلاخالید ٨. کەمال حەسەن چاوەمار ٩. نووری حەمە عەلی. ئەمانەش بوونە ئەندامی دەفتەری سیاسی:
١. نێچیرڤان بارزانی ٢. سامی عەبدولرەحمان ٣. جەوهەر نامیق
٤. هوشیار زێباری ٥. فازیل میرانی ٦. د. ڕۆژ شاوێس
٧. عەزەددین بەرواری ٨. محەممەد حاجی مەحموود ٩. د. جەرجیس حەسەن
١٠. ئازاد بەرواری ١١. ملازم کەریم. *

* لێژنەی سەرپەرشتی ئەنجامەکانی کۆنگرەی یانزەی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ یەکگرتوو ڕادەگەیێنن:
ڕۆژی ١٩٩٣/٨/٢٦ کاتژمێر حەوتی سەر لە ئێوارە لێژنەی سەرپەرشتی هەڵبژاردن ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پارتیمان بە ئامادەبوونی هێژا مەسعوود بارزانی سەرۆکی پارتیمان ، بەڕێز عەلی عەبدوللا جێگری سەرۆکی پارتیمان وە هەموو هەڤاڵانی پاڵێوراو وە ژمارەیەکی زۆر لە کادیرانی پێشکەوتووی پارتیمان و پەیامنێرانی دەزگای جیا جیاکانی ڕاگەیاندن ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ یەکگرتووی ڕاگەیاند کە ئەمەش دەقەکەیەتی :
مەسعوود بارزانی ـ ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ یەکگرتوو

لە ڕۆژی دووشەممەی ٢٣/٨/١٩٩٣ لە کەشوهەوایەکی ئازاد و سازگاری دیموکراتی دا دەستکرا بە هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان - یەکگرتوو.

ژمارەی ئەندامانی کۆنگرە ٢١٦٧ وە ژمارەی پاڵێوراوان ١٦٤ هەڤاڵ بوون وە هەر لە هەمان ڕۆژ کۆتایی بە دەنگدان هات. ئێمەی دادوەر بە هاریکاری لیژنەی سەرپەرشتی هەڵبژاردن دەستمان بە کرداری جیاکردنەوەی دەنگەکان کرد بەڵام لەبەر زۆری دەنگەکان وەلەبەر ئەوەی زۆربەی پسوولەکان ٣٧ هەڤاڵیان تیا هەڵبژاردبوون کاروباری جیاکردنەوەی دەنگەکان ماوەی زیاتر لە ٧٢ سەعاتی خایاند لیژنەکە بە شەو و بە ڕۆژ عەریکی ئەم فەرمانە بوو. لە ئەنجامدا لە کاتژمێری حەوتی سەر لە ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٦/٨/١٩٩٣ کۆتایی پێهات. لە ئەنجامدا ٣٧ هەڤاڵ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان - یەکگرتوو دەرچوون وە ٩ هەڤاڵیش بۆ ئەندامی جێگر دەرچوون وەک لە خوارەوە دیاری کراون.==

== دەقی ئەو بڵاوکراوەیە برای هێژا سالح جاف شەوی چوارشەممە ٢٩/٣/١٩٩٥ بە تەلەفۆن بۆی خوێندمەوە منیش لێرەدا سوپاسی دەکەم.

==========::::::::::==========::::::::==========

# پاشكۆی

# ژماره

# (٣)

# بیوگرافیا

## * مامۆستا ڕەفیق حیلمی (١٨٩٨_ ٤/٨/ ١٩٦٠).

پاش نەمانی هیوا و دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان من پەیوەندیم لەگەڵ مامۆستا پارانت . کە شۆڕشی چواردەی تەمووزی ١٩٥٨ بەرپا بوو ماوەیەک مامۆستا رەفیق حیلمی لە پارتی نزیک بووەوە ئەوەندەی پێ نەچوو بە عاجزی یەوە دوورکەوتەوە لەگەڵ دکتۆر صدیق ئەتروشی و هەندێ لە نیشتمانپەروەرانی عیراقی داوای دامەزراندنی (حزب جمهوری)یان کرد. میری موافقەتی لەسەرنەکرد دواجار پێش ئەوەی لەدنیادەربچێ لەماڵ (یونس توفیق ئامان)ای ئامۆزای لە کەرکوک بەخزمەتی گەیشتم چی لەدڵدابوو دژی کاربەدەستانی پارتی ئەو سەردەمە بۆی دەربڕین ئێمەش سەرمان بۆ ئەلەقاندەوە کە مامۆستامان لە ٤ی ئابی ١٩٦٠دا لەبەغداد کۆچی دوایی کرد کوردپەروەران یەکێتی و پارتی لە سلێمانی دەوریان لە ناشتنی تەرمەکەیدا گێرابوو لەسەر مەزارەکەی شیعریان خوێندبووەوە........

مستەفا نەریمان بیرەوەری یەکانی ژیانم ل١٢١

هەتا شۆڕشی چواردەی تەمووز و هاتنەوەی مەلا مستەفا لە یەکێتیی سۆڤییەت کە رەفیق حیلمی یەمە زۆر دڵخۆش بوو. ئومێدی بیرکردنەوە لە ئازادیی کورد لە چوارچێوەی حکومەتی دیموکراتیی ئازەی عێراقدا لای زیندوو بووە. بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد. کە هەر لە رۆژانی پارتی هیواوە دژی رەفیق حیلمی وپارتی هیوا بوو، دەوروپشتی مەلامستەفای دا و نەیهێشت لە رەفیق حیلمی نزیک بێتەوە........

رۆژێک لەماڵەوە بە غەمناکی پیاسەی دەکرد. دیار بوو زۆر دڵتەنگ و مات بوو . وتم بابە بۆ ئاوا دڵتەنگی ؟ وتی رۆڵە تۆ ئاگات لێ نییە ئەم قومارچییە چی دەکات ؟ وتم بابە خۆ هەموو کورد ئەو نییە. وتی ئەمڕۆ رۆژی ئەوانەیە . ئەم قسەیە دوا قسەی رەفیق حیلمی بوو دەربارەی کێشەی کورد......ل٣٥ پرۆفیسۆر د.پاکیزە رەفیق حیلمی یادی سەد ساڵەی لە دایکبوونی مامۆستای کوردایەتی رەفیق حیلمی ......

رابوون ژمارە (٣٦)١٩٩٩

.........................................................

## * نوری شاوێس لە یادگارەکانم

چاپی یەکەم_ ١٩٨٥ لە بڵاوکراوەکانی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان

_______ مامۆستا نوری شاوێس لە ساڵی ١٩٢٢ لە خێزانێکی نیشتمان پەروەر و بە ناو بانگ لە شاری سلێمانی لەدایک بووە.

لە ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٨٣ لە شاری لیڤەرپول ئینگلستان، ولە گەورەکەی لە

لەندەن کەوت.

لەمنداڵیەوە حەزگری تێکۆشانی سیاسی بووە و بەشداری لە دامەزراندنی کۆمەڵی لاوانی کورد ـ ساڵی ١٩٣٥ و کۆمەڵی دارکەر ـ ساڵی ١٩٣٨ و کۆمەڵی هیوا ـ ساڵی ١٩٣٩ و پارتی شۆڕش و ڕزگاری ـ لە کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم و لە یەکەم کۆنگرەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٦/ئاب/١٩٤٦ بەشداربووە و هەر لە هەمانکاتدا بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژاردراوەو پاشان هەتا ساڵی ١٩٧٩ ئەندامی دەفتەری سیاسی بووە. لەساڵی ١٩٨٠وە بەشداری دامەزراندنی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستانی کردو لە یەکەم کۆنگرەی دامەزراندنی بووە بە ئەندامی دەفتەری سیاسی. پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووز جێگری سەندیکای ئەندازیارانی عێراق و ئەندامی کۆمیتەی ئاشتی و هاوکاری عێراق و کۆمیتەی ئاشتی جیهانی بووە. لە ساڵی ١٩٧٠ بووە وەزیری ئیشغال.

*** مامۆستا هەمزە عەبدوڵا** لەساڵی ١٩١٤ لە ئاوجەی وڵ لەدایک بووە .دایکی ناوی ئامینەی کچی شێخ سولەیمانی بەرزنجی یە . ساڵی ١٩٣٤ پەیوەندی بە یوسف مەتی هەبووە و لەگەڵ زەکی خەیری و عاسم فلیح دا شانەیەکی شیوعی یان پێک هێناوە. لەساڵی ١٩٣٥دا دانشگای ماف(حقوق)ی تەواو کردووە و بووە بە پارێزەر و گەڕاوەتەوە بۆ زاخۆ. لەساڵی ١٩٤٥دا لەلایەن ڕێکخراوی شۆڕش ڕەوانەی مەهاباد کراوە .قازی محەممەدی دیبوو نامەیەکی داوەتێ بۆ قونسڵی ڕووس لە ورمێ داوای یارمەتیان لە قونسڵ کردووە بۆ کوردستان.

لە ١٦/٨/١٩٤٦ی کاتێ پارتی دیموکراتی کورد دادەمەزرێ مامۆستا هەمزە بە سکرتێری یەکەم دادەنرێ .ساڵی ١٩٤٧ (نەعیمەخانی)خوشکی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی هێناوە. پاشان لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد ناکۆکی پەیدا دەکا و باڵی پێشکەوتووی پارتی دیموکراتی کورد دروست دەکا لەگەڵ مەرحوم محەممەد ئەمین ، شەهلی شێخ نوری و محەممەد کەریم ئەتحوڵلا.لە ساڵی ١٩٩٧دا بەیەکجاری گەڕایەوە سلێمانی و لە ١٢/١٢/١٩٩٨دا لەتەمەنی ٨٤ ساڵیدا دڵە مەزنەکەی لە لێدان کەوت و ماڵئاوایی لە کوردستان کرد.

*** مەلا سەید حەکیم** ساڵی ١٨٩٢ لەدایک بووە لەلای مەلا گەورەکەی هەولێر ئیجازەی عیلمی وەرگرتووە لە سی یەکاندا هاتووەتە خانەقی و بووەتە پێش نوێژ لە مزگەوتێکی بچکۆلانەی ناوبازاڕدا، مزگەوتەکەی مەڵبەندی کوردپەروەران بوو. لە کۆمەڵی هیوا لێ پرسراوی خانەقی وکفری بوو بەرامبەر سەرۆکی پالا. لەوناوچەیە ڕێزێکی زۆری لێ ئەگیرا ڕۆژی ١٥/١٢/١٩٥٧ لە خانەقی کۆچی دوایی کرد. لە

گۆڤاری (هەتاو)ی ژمارە (١١٨) ی ساڵی ١٩٥٧ شیوەنێکی شیعریم خوێندبووەوە پاش مردنی مامۆستا سەی حەکیم لە دەستەی دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی کوردستانیش بوو..... سەرچاوە: ئەزیان هەمان سەرچاوە ل١١٩.

.......................................

*** عەلی حەمەدی بیدۆهی** (١٩٢٤_١٩٦٤) ئەندامی هیوا بوو وە یەکێک بوو لە دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکەم کۆبونەوەی پارتی ساڵی ١٩٤٦ لەماڵی ئەم زاتە لە گەڕەکی بارودیەی بەغدا سازکراوە. لە پەنجاکان ئەم زاتە بوو بە فەرمانبەری ڕێگای (طابوی کفری)، کوردێکی لەسەرخۆ و هێمن ودڵسۆز بوو نەیدەتوانی هیچ چالاکی یەک لەچوار چێوەی پارتی بنوێنێت تا شۆڕشی ١٩٥٨ ئەوسا بوو دەستی دا بەچالاکی فراوان و سەدان ئەندام ولایەنگری ڕێک خست سێ ساڵ لە کفری لێ پرسراو بوو ساڵی ١٩٦٣ گیرا و بەرەو خوار دوورخرایەوە کە گەڕایەوە بۆ سەردانی ماڵ و منداڵی بەهەڵی زانی خۆی دەرباز بکات و چوە کوردستان ، بەڵام لە ڕۆژانی ناکۆکی ناوخۆدی حیزبدا گیراو سەرنگوم بوو. سەرچاوە: ئەزیان هەمان سەرچاوە ل١٨٨.

.......................................

*** ئەمین ڕەواندزی** کوڕی مەلا حوسێنی ڕواندزییە . لە ساڵی ١٨٩٨ لەدایک بووە، سەرەتای خوێندنی هەر لە ئەوێدا بووە، پاشان چووەتە ئەعدادیی سەربازی و کۆلێجی سەربازی عوسمانی یەکان هەتا بووە بە ئەفسەر. لە ٢٥ی ئەیلوولی ١٩٢٢دا لەگەڵ چەند ئەفسەرێکی دی کورد لە بەغدادەوە هاتووە بۆ سلێمانی و تێکەڵی ڕۆژگاری حوکمداریی دووەم جاری شێخ مەحموودی حەفید بووە. لە ڕۆژی ١٩٥٥/١١/٦دا پاش نەخۆشییەکی گران کۆچی ماڵ ئاوایی کردووە و لە گۆڕستانی (باب المعظم)ی بەغدا بەخاک سپێردراوە. ئەمین ڕواندزی لەساڵی ١٩٣١دا لەدەستەی دامەزرێنەری (یانەی سەرکەوتن)ی ڕۆشنبیری کوردانی بەغدا بووە. لە ڕۆژی شەممە١١/ئەیلول ١٩٤٨دا یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی هەتاوی دەرکردووە..... گاروان ژمارە ٤٨ساڵی ٤ ئەیلوول١٩٨٦ یەکەم ڕۆژنامەی هەولێر ئاشناکردن و لێکۆڵینەوەی کەمال ڕەئووف محەمەد

.......................................

*** عەزیز پشتیوان** ناوم عبدالعزیز نور محمدی باروویس جافی ئەوروڵیم ، ڕۆژی ١٢ی ئەیلوولی ١٩١٢ لە ئاوایی (پیران) هاتیمە دنیا، نازانم بۆ لە پێنج ساڵیمەوە لەگەڵ باوک ودایکما لە زیندوماوای خزمان هەڵکەندراین ڕەهاتینە ئاوایی (سەوز بلاغ)ی ناوچەی خانەقی ، پاش سێ ساڵ هاتینە خانەقی و لەگەڕەکی (کۆزەرە) دانیشتین ، قوتابخانەی سەرەتاییم تەواوکرد و ساڵی ١٩٢٨ چوومە

قوتابخانەی (پیشەسازی ، حسنا عبدالله بەغدا) لەویوە چوومە خانەی مامۆستایان و
لەسالی ١٩٣٢دا هەر لە قوتابخانەکەی خۆما بوومە مامۆستا سالی ١٩٣٤_١٩٣٧
لە قوتابخانەی (القاطبە) لە پارێزگای (عمارە) مامۆستا بووم ، ئینجا نەقل کرامە
قوتابخانەی (الوثبە)ی خانەقی ، کە پاڵەی سەرکەوتن سالی ١٩٤٣ دامەزرا تا یەک
دوو ساڵ لە ماڵ باوەڕپێکراوی پانە (معروف جیاووک) کۆبوونەوە ئەکرا ئەو زانەم ناسی
هەر لەوێوە ئاشنایەتیم لەگەڵ خوالێ خۆشبوان (( جلال بابان ، تۆفیق وەهبی ، محمد
ئەمین زەکی ، عەلی کەمال )) پەیداکرد و لە لاوەکانیش (محمد ئەمین کاکەحەمۆلێک ،
حسن سعید ، محسن ئەحمەد هەولێری ، رەمزی داود زاخۆیی ، فیلیب عبدالاحد ،
عبدالمجید لطفی) لەمەیدانی کوردایەتیشدا ((میرحاج ، نوری ئەحمەد تەها ، شەریف ،
محمود شکور چلبی ، ئەمین رەواندزی)) ئەوسا کە لە چوارچێوەی لاوان چالاکی دەکرا و
ڕێکخراوی برایەتی ویشتیوانیش لەنەتواندابوو . کە مامۆستا بووم لە ئالخیە مامۆستا
رەئیق حیلمی هاتە پشکنی ئەوسا (مفتش)بوو لەوساوە یەکترمان ناسی هەر کە
((هیوا)) دامەزرا یەکەم کەس لەو ناوچەیە لەگەڵ من پەیوەندی کرد و پاش زۆر لایی ،
گەڕانەوە ناوچە و دەیان کەسم هێنایە ریزی هیواوە . لەناو شارەدا: محمد صالح سلێمان
دەلۆ، حسن خلیفە مەحمود عەلیاوە، شێخ مەحمود بەزاز عبدالله عەباسی برای دایکم،
کاک سلێمان ئەحمەد، شێخ ئەتاح، سید ابراهیم محمد ئەمین، علاءالدین خالد، حسن
زەهاوی، محمد محمود حسێن خاڵ، مەلاعارف عبدالعزیز، وسالەحمەد عەیات
و(رشید باجەلان ومحمدئەمین دەربەندیقەرە) هەردووکیان قوتابیم بوون ئەوانیش
ڕێک هەست. لەدەوروپشتی خانەقی : لە جافەکان حاجی برایم بەگ زاتێکی زۆر دڵسۆز
بوو لە ئاڵەبانی بەگان ، شێخ مصطفی وشێخ غالب وشێخ محمد نجیب . لە دەلۆکان ،
خەلیل بەگ و فتح الله بەگ. لە جسرەکان ، جهانبەخش وجیهانگیر و مجید قادر
هەروەها شێخ حسام الدین دەکە. لەوبەری سیروانیش ، واتە لەناوچەی کفری ـ صابر
حاجی فتح الله دەلۆ، مستەفای کەریم بەگ خاڵ ئینجا ئەو بەگزادەکانی هێنا ئەحمەد
بەگی بابان. پێش هیواش ڕێکخراوێکی ناوچەیی مان لە خانەقی وکفری هەبوو ، بە
ناوی برایەتی یان پشتیوان بوو پەیوەندیان بە بەغداشەوە هەبوو. پاش ئەمانی هیوا
بەساڵێک چوینە ریزی پارتی بەوەو مامۆستا مەلای سەی حەکیم ئەم ئەرکەی گرتە
ئەستۆ ، تا عەقتاکان لەپارتی خەباتم کردووە. مەلاسەی حەکیم رۆشنبیرێکی وشیار
بوو من داخلی هیوام کرد مزگەوتەکە بوو بە مۆلگەی دانیشتنی شەوانمان ، ئەوپیاوە
کۆڵ نەدەربوو زۆری چێشت تامردن سەری شۆڕنەکرد، لە ئەنجامەتیدا حاجی برایم خاڵ
پشتیوانی بوو.ئێستە لە قوتابخانەی پیشەسازی سێ قوتابی ناوبان عبدالعزیز محمد
بوو بۆ جیاکردنەوەمان نازناوی (الوزی)م دانا و بەم ناوەوە لەسەر بەرگی دوایی گەلاوێژ
و هەتاو و هیوا وەک باوەڕپێکراوێک ناوم تۆمار کراوە. کە بیروباوەری کوردایەتی
لەمێشکما بەهێز بوو (پشتیوان)یان بۆ دانام ئیتر ئەم ناوبانگە زاڵ بوە سەر (الوزی)دا

بە عەزیز پشتیوان ناسرام . هاوینی ساڵی ١٩٣٧ لە خانەقی بووم دایکم رابیعی کچی ئەحمەد ئەسعەد دەلۆی بۆ هەڵبژاردم منیش بەهەر دوو‌چەپە شووم کرد و لە (٥ی ئەیلولی ١٩٣٧)گواستمەوە، لەبەری ئەو ژن هێنانە ئەم منداڵانەمان بووە (د. نەریمان١٩٣٨... نەسرین ١٩٤٠... سیروان١٩٤٨... ریزان ١٩٥٠... نەرمین١٩٥٢ ... شیروان١٩٥٥... شەرمین١٩٥٧... کاروان١٩٥٩... پەرژین ١٩٦١)) دووکوریشم (زوزان١٩٤٣ و کامەران١٩٤٥)بوون بە قوربانی خاک و وڵات . ئێستاش مامۆستا عەزیز پشتیوان لە بەغدا دەژی .

رەنگین ژمارە (٦٥)ی ساڵی ١٩٩٤مامۆستا عەزیز پشتیوان و ٨٢ساڵی تەمەنی تێکۆشان و کوردایەتی ـ مصطفی نەریمان ل٨ـ٩

.........................................................................

• لەساڵی ١٩٠٨دا شێخ عەبدولقادر شەمزینی و ئەمین عالی بەدرخان لە ئەستەمبوول کۆمەڵەی (کورد تەعاون و تەرەقی جەمعیەتی)یان دامەزراند. ڕۆژنامەی (کرد)یە دووزمانی کوردی و تورکی دەرکرد.

• لە ساڵی ١٩١٢ کۆمەڵەی (هێڤی) لە ئەستەمبوول لە لایەن قوتابیانی کوردەوە دامەزرا. سەرۆکی کۆمەڵە عومەر جەمیل پاشا بوو ، وە سکرتێرەکەشی قەدری جەمیل پاشا بوو . لێپرسراوی دارایش خەلیل خەیالی بوو. ئەندامە چالاکەکانی ئەمانە بوون : فوئاد تەمۆ ، جاراح زادە ، مەمدوح سەلیم ، نەجمەدین حسێن ، عبدالعظیم بابان ، ئەفەندی عومەر زەکی بەگ و ڕەفیق حیلمی . گۆڤارێکیشی بە ناوی (ڕۆژی کورد)بە زمانی کوردی و تورکی دەرکرد. پاشان ناوەکەیان کردە (هەتاوی کورد).

• لە ساڵی ١٩٢٢بە دەستپێشخەری مستەفا پاشا یامولکی کۆمەڵەیەک بۆ تازە کردنەوەی گیانی نیشتمانی و هۆشی میللی بەناوی (جەمعیەتی کوردستان)پێک هات . ئەم کۆمەڵەیە ڕۆژنامەیەکی بڵاودەکردەوە بەناوی (بانگی کوردستان) بەسێ زمانی کوردی و فارسی و تورکی .

# سەرچاوەکان


•A• شۆڕشەکانی کورد وە کورد و کۆماری عێراق ۱۹۵۹ی ۲۶۵۹ی کوردی - ۱۹۵۹ی لەزرەنگی چاپخانەی مەعارف - بەغدا علاء الدین سجادی .

•B• کوردایەتی بزوتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتی گەلی کوردستانە : نووسینی جەلال تاڵەبانی . چاپی سێ یەم ۱۹۹۶ .

•C• بەڵگەیەکی مێژوویی سەبارەت بە ( حیزبی ئازادی کوردستان الە مەهاباد ۱۹٤۲ . ئامادەکردنی : کەریمی حسامی ۱۹۹۹ستۆکهۆلم .

•D• پێداچوونەوە - گەشتێک بە نێو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە کوردستانی ئێران : نووسینی کەریمی حسامی ۱۹۹٦ستۆکهۆلم .

•E• ڕۆژەکانی ئێران نووسینی : ئارچی ڕۆزڤێلت / کەریمی حسامی لە فارسییەوە کردوویە بە کوردی ۱۹۹۵ ستۆکهۆلم .

•F• چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی - کورتەیەک لە مێژوویی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران - بەرگی یەکەم - چاپی دووهەم ۱۹۸۸(۱۳٦۷) د. ع. قاسملو

•G• حکومەتی کوردستان ڕیبەندانی ۱۳۲٤ - سەرماوەزی ۱۳۲۵ کورد لەگەمەی سۆڤیەتی دا : نەوشیروان مستەفا ئەمین ۱۹۹۳ .

•H• گەشتی ژیانم : مسعود محەمەد ۱۹۹۲ستۆکهۆلم .

•I• ژن.کاف چبوو ا چی دەویست ا وەچی لێ بەسەرهات ا کۆکراوەی : سەید محەمەد سەمەدی . ۱۳٦۰ی هەتاوی/۲۵۹۳ی کوردی/۱۹۸۱ی زایینی - مەهاباد .

•J• جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان : نووسینی دکتۆر عەزیز شەمزینی / ف. ئەسەسەرد لە عەرەبییەوە وەریگێڕاوە - چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ چاپی دووەم ئەیلولی ۱۹۸۵ .

•K• گفتوگۆیەک لەگەڵ کاک ((عەزیز محەمەد))ی سکرتێری یەکەمی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمونیستی عێراق : ئامادەکردنی فەرهاد شاکەلی . مامۆستای کورد ژمارە ٤و٥ ئەمووزی ۱۹۸۷ .

•L• ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٦۳۲ یەکشەمە ۱۹۹۲/۸/۱٦ .

•M• ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە ۲۳۸۱ ڕۆژی سێ شەمە ٦ی شوبات ۱۹۹٦ هەندێ ڕلێش دێ سەبارەت ((چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی هارچەرخ)) د. موکەڕەم تاڵەبانی

•N• من مذكراتي - المناضل توزی شاویس - الطبعه الاولی ۱۹۸۵ من منشورات حزب الشعب الديمقراطي الكردستاني .

*O* تاريخ الوزارات العراقيه - السيد عبدالرزاق الحسني - في طبعت السابعه الموسعه و المزيده ١٩٨٨.

*P* الكرد و كردستان في الوثائق البريطانيه دراسه تاريخيه وثائقيه ١٩٩٢ د. وليد حمدي

*Q* البارزاني والحركه التحرريه الكرديه - ثوره بارزان ١٩٤٣- ١٩٤٥ مسعود البارزاني كردستان اب ١٩٨٦.

*R* صفحات من نضال الشعب الكردي تاريخ موتمرات الحزب ٤-٥-٦-٧-٨ بقلم حبيب محمد كريم ١٩٩١.

*S* العراق الكتاب الثاني الحزب الشيوعي - حنا بطاطو ترجمه عفيف الرزاز بيروت ١٩٩٢.

*T* القضيه الكرديه في العراق : ماجد عبدالرضا منشورات الطريق الجديد - بغداد الطبعه الاولى شباط ١٩٧٥.

*U* مذكرات يوسف حنا يوسف (ابوحكمت) مطبعه التعليم العالي - اربيل ١٩٩٦.

*V* جمهوريه مهاباد - جمهوريه ١٩٤٦ الكرديه :وليام ايغلتن الابن ترجمه وتعليق جرجيس فتح الله المحامي - دارالطليعه بيروت ١٩٧٢.

*W* الاتحاد العدد٩ السنه الاولى السبت ٢٦كانون الاول ١٩٩٢ مذكرات ولمحات من تاريخ الحركه الوطنيه والثوريه في كوردستان و العراق الجزء الاول - ١٩٤٠- ١٩٥٨ القسم الاول ١٩٤٠- ١٩٥٣ الحلقه السادسه صالح حيدري .

*X* بیرەوەری یەکانی ژیانم مصطفی نەریمان دار الحریه للطباعه بغداد ١٩٩٤.

*Y* نامەی تایبەتی د. موکەڕەم تالەبانی .... بەغدا ١٩٩٧/٥/٢٥.

*Z* - Norstedts Uppslagsbok av Gunnar Gunnarsson Stockholm 1948

# ڕێکخراو.....
# کۆمەڵە....
# پارت.....
# لە کوردستانی عێراقدا

وەرگێڕان و ئامادەکردنی

**فەهد گردەوانی**

ستۆکهۆڵم - ١٩٩٩

# Organization ....
# Association ....
# Party ....
## In The Kurdistan-Iraq

Translated & Compiled
by
Fahad Gardawan

Stockholm - 1999